# نیو سەدە لە مێژووی
# کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن
# لە شاری سلێمانی
# ١٩٦١/٩/١١ تا ٢٠١٣/٩/١١


کارگەی جگەرەی سلێمانی – ١٩٥٩

**نوسینی**

**نەوزادی موهەندیس**

**چاپی یەکەم**

**سلێمانی - ٢٠١٣**



## پێناسی کتێب:

**ناوی کتێب:** نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن وترشاندنی تووتن لە شاری سلێمانی١٩٦١/٩/١١ تا ٢٠١٣/٩/١١

**نوسینی:** نەوزادی موهەندیس

**تایپ و هەڵەچن:** نەوزادی موهەندیس

**نەخشەساز :** زەردەشت علی سۆرانی

**شوێنی چاپ:** چاپخانەی یاد / سلێمانی

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم/ ٢٠١٣

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٦٥ ) ساڵی ٢٠١٣ ی پێدراوە**

# ناوەڕۆك

=========


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٩ |
| سوپاس بۆ | ١٠ |
| پێشەکی | ١٣ |
| **بەشی یەکەم** | ١٩ |
| مێژووی ڕوەکی تووتن | ٢٠ |
| بڵاوبونەوەی چاندنی تووتن و پیشەسازی تووتن | ٢٣ |
| ناوچە وچۆنێتی کشتوکاڵی ڕوەکی تووتن | ٢٥ |
| خاك و ئاوو هەوا | ٢٧ |
| ئامادەکردنی زەوی و پەینکردن | ٢٩ |
| چاندنی ڕووەکی تووتن | ٣٠ |
| تۆوی تووتن | ٣١ |
| قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تووتن | ٣٣ |
| ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر باشی جۆر و بۆنوبەرامەی تووتن | ٣٩ |
| شەتڵ لێدان | ٤٠ |
| گەڵاشکێن | ٤٣ |
| پرۆسەی وشککردنەوەی گەڵای تووتن | ٤٦ |
| وشککردنەوەی سروشتی | ٤٧ |
| وشککردنەوە بەرێگای پیشەسازی | ٤٨ |
| فەردە داگرتن | ٥١ |
| پرۆسەی پوختەکردنی تووتن | ٥٢ |
| پوختەکردنی پیشەسازی تووتن | ٦٢ |
| وەرگرتنی تووتنی خام | ٦٤ |
| هونەری کڕینەوە | ٦٤ |
| ڕێکخستنی کڕینەوە | ٦٨ |
| دابەشکردن و دانانی تووتن لە عەمبارەکاندا | ٧٠ |
| ڕیزکردنی فەردەکان | ٧١ |
| هەڵگرتنی تووتن و چاودێریکردنی | ٧٣ |
| کەڕووی تووتن | ٧٤ |
| ئاساییکردنەوەی شێی تووتن بەرێگای پیشەسازی | ٧٧ |
| جێگیرکردنی شێی فەردە بەهۆی ئامێرەوە | ٨١ |
| ئامێرەکانی شێ | ٨٣ |
| جێگیرکردنی شێ وەرگرتن | ٨٧ |
| نەخۆشییەکانی گەنجینە | ٨٩ |
| جوگرافیای تووتن | ٩٣ |
| ئەو جێگایانەی لەساڵی ١٩٥٩دا تووتنیان لێدەکرا | ٩٧ |

گرنگی تووتن لە ئابوری کوردستان و عێراقدا ..... ٩٨

خەسڵەت و سیفاتەکانی تووتن ..... ١٠٢

ڕێژەی بەرهەمهێنانی دەرجەکانی تووتن ..... ١٠٢

ڕێژەی بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا ..... ١٠٣

بەرزترین و نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی تووتن ..... ١٠٤

ئەو وڵاتانەی کە بەناوبانگن بە بەرهەمهێنانی تووتن ..... ١٠٥

کۆمپانیا بەناوبانگەکانی تووتن لە جیهاندا ..... ١٠٩

ناردنە دەرەوەی تووتن ..... ١١٠

فێرکەرانی تووتن لە هەرێمی کوردستان ..... ١١٢

لیستی ناوی ئەو گوندانەی کە بۆیان هەبوو
تووتن بکەن ..... ١١٤

کێشەکانی تووتن و چارەسەرکردنی ..... ١١٤

پێشنیاز بۆ پێگەیاندنی کادری زانستی
لە بواری تووتندا ..... ١٢٠

**بەشی دووەم ..... ١٢٣**

مێژووی دۆزینەوەی توووتن و سەرهەڵدانی جگەرەکێشان ..... ١٢٤

دۆزینەوەی تووتن و سەرەتای جگەرەکێشان ..... ١٣٠

نێرگەلەکێشان ..... ١٣٠

پێکهاتەکانی نێرگەلە ..... ١٣٢

نیکۆتین لەناوی دۆزەرە فەرەنسیەکەیەوە (( نیکۆت )) ..... ١٣٣

جگەرەی عێراقی ..... ١٣٥

پێداویستی ناوخۆی عێراق لە تووتن بۆ یەك ساڵ ..... ١٣٦

تووتن وەك کەرەسەی خامی سەرەکی بۆ جگەرە دروستکردن ..... ١٣٨

جۆرەکانی تووتن ..... ١٤١

تووتنی جۆری تنباك ..... ١٤٢

زیانەکان و مەترسیەکانی تووتن و جگەرەکێشان
لەسەر تەندروستی مرۆڤ ..... ١٤٨

هەندێ ئاماری گرنگ لەسەر زیانەکانی جگەرەکێشان ..... ١٥٣

پیشەسازی تووتن و جگەرە لە عێراقدا ..... ١٦١

**بەشی سێیەم ..... ١٦٥**

پێشەکیەکی مێژوویی لەسەر کارگەی جگەرە و
پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی ..... ١٦٦

کارگەی جگەرەی سلێمانی ..... ١٦٨

کارگەی پوختەکردنی کۆنی تووتن لە سلێمانی ..... ١٧٢

کارگەی پوختەکردنی تازەی تووتن لە سلێمانی ..... ١٧٢

کارگەی ترشاندنی تووتن لە سلێمانی ..... ١٧٣

کارگەی پوختەکردنی تووتن لە هەڵەبجە ..... ١٧٥

کارگەکانی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە ..... ١٧٥

کارگەی جگەرەی هەولێر ..... ١٧٥

کارگەی جگەرەی نەصر لە بەغداد ..... ١٧٥

کارگەی جگەرەی کراوە .................................... ١٧٥

هۆی دابەزینی بەرهەم لە کارگەی ترشاندنی تووتندا ...... ١٧٦

ئەو کارگانەی کە سەر بە کارگەی جگەرەی سلێمانی بوون .... ١٧٨

نمرەکانی تووتن ............................................ ١٧٨

ناوی ئەو جگەرانەی کە تا ئێستا دەرچوون لەم کارگەیەوە ... ١٧٨

بەرواری ڕاوەستانی کارگە لە بەرهەمهێنانی جگەرە ......... ١٨٣

لیستی گە نجینەکانی

کارگەکانی جگەرەو پوختەکردنی تووتن لە ................ ١٨٣

ا/ گە نجینەکانی ناو کارگەی جگەرە ....................... ١٨٤

ب/ گە نجینەکانی دەرەوەی کارگە .......................... ١٨٦

وەرشەکانی کارگە .......................................... ١٨٩

پەیکەری ڕێکخستنی کارگە ................................... ١٩٢

ژمارەی فەرمانبەرانی کارگە ................................ ١٩٦

ڕووبەری زەوی کارگە ....................................... ١٩٧

پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی جگەرە ...................... ٢٠١

قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرە ................. ٢٠١

ناسینی مەکینەکانی کارگە .................................. ٢٠٤

یەکەی دروستکردنی خەرمان (( تەولیفە ) Straight Line ..٢٠٧

مەکینەکانی دروستکردنی جگەرە ............................ ٢٠٩

وێسگەی کارەبای کارگە...................................... ٢٢٠

توانای بەرهەمێنانی کارگە ................................... ٢٢٢

تاقیگەکانی کارگە ........................................... ٢٢٥

سیفاتە فیزیاویەکان ........................................ ٢٢٦

سیفاتە کیمیاویەکان ........................................ ٢٢٧

چێشتخانەکانی کارگە ...................................... ٢٢٩

سەلامەتی و ئاگرکوژێنەوەی کارگە .......................... ٢٢٩

بنکەی تەندروستی کارگە ................................... ٢٣٠

سەرچاوەی ئاوی کارگە ...................................... ٢٣١

ناوی بەڕێوەبەرەکان ........................................ ٢٣٢

هۆکارەکانی پاشەکشەکردنی پیشەسازی جگەرە

و بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا ...................... ٢٤٢

ئایندەی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و

ترشاندنی تووتن لە سلێمانی بەرەو کوێ ؟..................... ٢٤٥

ئایندەی کەرتی پیشەسازی بەگشتی

لەکوردستاندا بەرەو کوێ؟ لەسایەی ئابوری و بازاڕی ئازاددا.. ٢٤٨

پاشکۆی هەندێ یاساو بڕیاری تایبەت بە تووتن

و کارگەکانی جگەرە لە کوردستان و عێراقدا .............. ٢٦٥

سەرچاوەکان ................................................ ٣٥٣

## پێشکەشە :-

- بە گیانی پاکی ئەو بەڕێوەبەر و ئەندازیار و تەکنیکی و کرێکارانەی کە لەماوەی کارکردنیاندا لەم کارگەیەدا گیانیان بەخشیوە و کۆچی دواییان کردووە.

- بەو بەڕێوەبەر و ئەندازیار و تەکنیکی و کرێکارانەی خزمەتیان کردووە لەم کارگەیدا و گەنجێتی خۆیان بەخشیە گەشەو پێشکەوتن و زیادکردنی بەرهەمی ئەم کارگەیە, و شەونخونی و ماندوونەناسانە شەویان دەخستە سەر ڕۆژ و دڵسۆزانە و بە پەرۆشیەوە کاریان دەکرد هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا.





## سوپاس بۆ:-

بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی لای خوارەوە بکەم کە هاوکاریان کردم بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەسەر نوسینەوەی (( نیوسەدە مێژووی کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە شاری سلێمانی)) کە بۆتە بەشێکی زیندوو و دانەبڕاو ونەمری مێژووی شاری سلێمانی.. جا بەهێنانی وێنە بێت یان هاوکاری لە نوسین و سەرچاوەکاندا بێت یان بەهاندان و دەستخۆشیکردن بێت .. سوپاس بۆ هەموانیان و خوای گەورە تەمەن درێژیان بکات..

١. بەڕێز جەنابی بەهرۆز محمد صاڵح فەقێ ڕەشید قەشانی/ پارێزگاری سلێمانی کە لوتفی فەرموو ، ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی خستە سەر ئەستۆی پارێزگا.
٢. بەڕێز عبدالخالق محمد عبدالرحیم/ بەڕێوەبەری کارگێڕی گشتی پارێزگای سلێمانی.
٣. بەڕێز حەمە امین فرج کۆکۆیی / ڕاوێژکاری وەزارەتمان.
٤. بەڕێز ئاراس ڕۆوف عارف/ بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.
٥. بەڕێز حسین حەمەکریم/ بەڕێوەبەری گشتی ڕەزوباخ و دارستان لەوەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.
٦. بەڕێز سروود احمد فقێ یوسف / بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.

٧. بەڕێز عبداللە حەمە سعید قادر/ شارەزا لە بواری تووتن لە کارگەمان.بە هەستانی بەکاری بەسەرداچونەوەی زانیاریەکان دەربارەی تووتن .

٨. بەڕێز ئەنوەر عزیز خالد (مەحوی) /کیمیاوی شارەزا بەڕێوەبەری تەکنیکی کارگە.

٩. بەڕێز تەها عمر عبدالرحمن /سەرۆك ئەندازیارانی کیمیاوی پێشکەوتوو بەڕێوەبەری بەرهەمی کارگە.

١٠. بەڕێز فۆاد محمد تۆفیق / ئەندازیاری شارەزای خانەنشینکراو.

١١. بەڕێز د. عبدالرحمن مەجیدبەگ / برای بەڕێز ڕەسول مەجید بەگ/ بەڕێوەبەری دێرینی کارگەمان.

١٢. بەڕێز حەسەن دڵسۆز کارمەندی بەتەمەن و شارەزای کارگە کە لە ئێستادا خانەنشینکراوە.

١٣. بەڕێز ابوبکر احمد/ فەرمانبەری خانەنشینکراوی کارگەمان.

١٤. بەڕێز صدیق صاڵح احمد لە بنکەی ژین بەهاوکاریکردنی لە پێدانی دوو وێنەی کۆن و دەگمەنی کارگەی جگەرەی سلێمانی کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابووردوو.

١٥. بەڕێز محمد حەمەلاو/ لێپرسراوی وێسگەی کارەبای کارگەمان.





١٦. بەڕێز دەشتی لەتیف عبداللە/بەڕێوەبەری جێبەجێکار و کوڕی کۆچکردوو لەتیف عبداللە/ بەڕێوەبەری کارگێڕی دێرینی کارگەمان.

١٧. بەڕێز محمد ابراهیم حسن کارمەندی کارگەمان.

١٨. خاتوو شەفیقە علی حسین/بەڕێوەبەری کارگێڕی خانەنشینکراوی پێشووتری کارگەمان.

١٩. بەڕێز حاکم کمال جەلال سعید ئاغا / کوڕی بەڕێز جلالی سعید ئاغا بەڕێوەبەری دێرینی کارگەمان.

٢٠. بەڕێز ڕامان عوسمان کریم سکرتێری ڕۆژنامەوانی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی.

٢١. بەڕێز پارێزەر ئاسۆ حەمە سەعید ئەفراسیاب / کوڕی بەڕێوەبەری دێرینی کارگەمان.

٢٢. بەڕێز محمد عرفان محمد فرج/ بۆ دەستخستنی وێنەی یەکێك لە بەڕێوەبەرە دێرینەکانی کارگەمان.

٢٣. بەڕێزان کاکە (( زەردەشت علی و ڕێبین حەمەغریب)) / وەك دیزاینەری بەرگ و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەمان.

٢٤. هەموو ئەو کەس و لایەن و فەرمانبەرانەی کارگەمان و دەرەوەی کارگەمان ((خزمانی بەڕێوەبەرە دێرینەکانی کارگە))کە هەریەکە بەشێوەیەك هاوکاری و یارمەتی و هانیان داوین بۆ نوسینەوەی ئەم مێژوەی کارگە.

## پێشەکی

❖ سەرەتای بیرۆکەی نوسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە ((نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی)) لە بەرواری دەستبەکاربونمەوە وەك بەڕێوەبەری ئەو کارگەیە سەریهەڵدا لە بەرواری ٤/٩/ ٢٠١٣وە . کارگەی جگەرەی سلێمانی کە وەها بەناوبانگە و بەزۆری بەکاردێت لەناو خەڵکی شاری سلێمانیدا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٦ دا بەردی بناغەی دانراوە و لەبەرواری ١٩٦١/٩/١١ یشدا لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولدا یەکەم وەجبەی بەرهەمی جگەرەی دەرکردووە.

❖ ئیدی لەو کاتەوە کارگەی جگەرە بۆتە بەشێکی زیندوو نەمر و درەوشاوەی شاری سلێمانی و یەکێکە لە جێگە ناودار و بەناوبانگەکانی ئەم شارەو لە ئێستادا کەوتۆتە ناو جەرگەی شاری سلێمانیەوە لەسەر شاڕێگەی سالمدایە, بەڵام کاتێك لەساڵی ١٩٥٦دا بەردی بناغەی دانراوە لەو جێگەیدا ئەو کات سنوری شاری سلێمانی نەگەیشتۆتە سنوری کارگەکە بەڵکو تەنها لە باخی گشتی تێنەپەڕیوە.

دامەزراندنی کارگەی جگەرە وەك یەکەم کارگەی بەرهەمهێن و پیشەسازی لە شاری سلێمانی و لە کوردستانیشدا , سەرەتای دەستپێك و بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی بوە لە کوردستان





و عێراقدا, بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی تووتن و جگەرەدا.ئاشکرایە کە یەکەم کارگەی جگەرەی ئەهلی لە عێراقدا و لەشاری بەغداد لەساڵی ١٩٢٦دا دامەزراوە, هەڵبژاردنی شاری سلێمانی بۆ ئەم کارگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سنوری پارێزگای سلێمانی کە هەڵکەوتەیەکی شاخاوی و ئاووهەوا سازگار و باراناوی هەیە, کە گونجاوە بۆ چاندنی تووتن, هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دامەزراندنی ئەم کارگەیە. چونکە کەرەسەی خاوی پیشەسازی و دروستکردنی جگەرە کە تووتنە لە جۆری زۆرباشی تیادا بەرهەم دێت, هەر لەهەمان سەردەم و کاتدا کە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی زۆر پێشکەوتوو نەبوون و ئاستی گوزەران و ژیانی خەڵکەکەشی هەژار و دواکەتوو بوە و بێکاریش زۆر بووە, دامەزراندنی ئەم کارگەیە بۆتە دەروازەیەکی گەورەو گرنگ بۆ بوژاندنەوە و دۆزینەوەی هەلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری و وەگەڕخستنی توانایەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان و سەرقاڵکردنیان بە کشتوکاڵکردنی تووتنەوە.

ئاشکراشە کشتوکاڵکردن و پیشەسازی تووتن و جگەرە لەوکاتەوە بونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ جووتیاران و حکومەتیش. لەو پێناوەشدا حکومەتی عێراقی یاساو پلانی گونجاوی داڕشتوە بەمەبەستی زیاتر ڕێکخستن و گەشەپێدان و هاندانی جووتیاران بۆ کشتوکاڵکردنی تووتن و هانی خاوەن

کارگەکانی جگەرەشی داوە کە زیاتر و زیاتر سوود لە تەکنیك و ئامێری تازەی بواری بەرهەمهێنانی جگەرە وەربگرن و بتوانن پێداویستی ناوخۆ دابین بکەن. هەربۆیە لەسالآنی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستدا تا ئەو کاتانەی کە جەنگە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق و کوردستان هەڵنەیسابوون و پرۆسەی لەناوبردنی گەل و خاکی کوردستان لە کیمیاوییباران و ئەنفال و ڕاگواستنی دێهات و شارو شارۆچکەکان دەستیان پێنەکردبوو لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق و بەتایبەتیش ڕژێمی بەعسی صدامی لە ساڵی ١٩٦٨ وە تا ساڵی ١٩٩١ی ڕاپەڕینی گەلی کورد لە کوردستان و وەدەرنانی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو ڕژێمە لە کوردستاندا, تووتن و پیشەسازی جگەرەو کارگەی جگەرەی سلێمانی ببونە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی جووتیاران و حکومەتی عێراقیش و قازانج و دەسکەوتێکی زۆریان پەیدا دەکرد.

حکومەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصارەوە هانی جوتیارانی دەدا بۆ کشتوکاڵکردنی تووتن و یارمەتی و دەستگیرۆیشی دەکردن و خولی هوشیاری و پێگەیاندنی کادری کشتوکاڵیشی دەکردەوە, بۆیە ئەم کارگەیە یەکێك بوە لەو کارگە و فەرمانگانەی حکومەتی عێراقی لەکوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەتی کە خەڵکی شارەکە هەوڵیاندەدا تیایدا دابمەزرێن و گەلێك لە سەرکردە و شۆڕشگێران و کادر و





ڕێکخستنە نهێنیەکانیش لەم کارگەیەدا خزمەتیان کردوە و بەشێوەیەك ئەم کارگەیە ببوە جێگەی کاری ڕێکخستن و سیاسی هەموو حیزبەکانی کوردستان و حکومەتیش زۆر بەتوندی چاودێری و بەدواداچوونی دەکرد بۆ هەڵسوکەوت و جوڵەیان و لەو چوارچێوەیەشدا چەندین سەرکردە و کادر و دڵسۆزانی ئەم شارە دەستگیرکراون و لە سێدارەش دراون.

بەڵام بەداخەوە ئەم کارگەیە لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە کاتێك ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی گەلەکەمان ڕوویداو بەهۆی گەمارۆی ئابوری و دەستنەخستنی کەرەسەی خاو بۆ بەرهەمی جگەرەو نەمانی بنەماو ژێرخانی ئابوری کوردستانیش بەهۆی ڕووخان و نەمانی گوندەکانەوە و کەمبونەوەی جووتیار و نەتوانینی حکومەتیش بۆ دەسگیرۆیکردن و هاندانیان , هەموو ئەمانە بونە هۆی نەمان و کەمبونەوەی بەرهەمی تووتن و لەکار وەستانی کارگەکە لەبەرهەمهێنان, تا ساڵی ١٩٩٣ بەهەوڵی هەندێ دڵسۆزی کارگەکە هەندێك پێداویستیان پەیداکرد و بۆ چەند مانگێك توانیان کارگەکە بخەنەوە گەڕ. بەڵام هێندەی نەبرد کە لەکار وەستایەوە, تا ساڵەکانی ٢٠٠٠ جارێکی تریش بەو کەمە مەوادانەی کە لە گەنجینەکاندا مابونەوە توانرا بەرهەمێکی نوێی جگەرە بەناوی (( سان )) کە یەکەم جگەرەی کوردی بوو بەرهەم هات و بڕێکی لێبەرهەمهێنراو کەوتە بازاڕەوە , بەڵام ئیدی کارگەی جگەرە لەدوای ڕووخاندنی

ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەساڵی ٢٠٠٤/١/١٢وە بەتەواوەتی لەکار ڕاوەستاوە و لەئێستاشدا هیچ ئومێدێك نیە بۆ وەگەڕخستنەوەی . نەك هەرئەوەش بەڵکو پلان هەیە کە ئەم کارگەیە بگۆڕدرێت بۆ سەنتەرێکی کەلتوری وەك پێداویستیەکی ژێرخانی بون بە پایتەختی ڕۆشنبیری بۆ شاری سلێمانی و بەم کارەش ئیدی دواین پەردەی تەمەن و مێژووی کارگەی جگەرەی سلێمانی دادەرێتەوە و بەتەواوەتی و بۆ کۆتا جار دەبێت بە بەشێك لە ڕابووردوو ومێژووی ئەم شارە, بەڵام مێژوویەکی گەش و ڕۆشن و هەمیشە لەیاد و لەبیر نەکراو بەتایبەتی بۆ ئەو نەوەیەی کە کاریان تیاداکردوە و شەونخونی و خزمەت و ڕەنجیان تیادا کێشاوە بە پیاوان و ژنانەوە.

بە هیوای ئەوەی کە توانیبێتم بەشێکی گەر بچوکیش بێت لەمێژووی نیوسەدەی ئەم کارگەیەم تیشك خستبێتە سەرو وەك دۆکۆمێنتێکی مێژوویی نەوەی ئێستا و داهاتوو سوودی لێوەربگرن و کارگەی جگەرەش لە یادەوەری هەمواندا بە زیندوویی بمێنێتەوە ..

گێڕانەوەی ئەم مێژووە دوورو درێژە بەدڵنیایی بێکەموکوڕی نابێت و مرۆڤ ناتوانێت لەهەموو ڕووەکانەوە هەقی تەواوی خۆی بدات بە کاراکتەر و چالاکوان و بەشەکانی کارگەکە.بۆیە داوای لێبوردن لە کەموکورتیەکان دەکەم لە خوێنەران و شارەزایان و بەهیوای ئەوەی کە کەسانێکی تر ئەم هەوڵە





بچوکەی ئێمە دەوڵەمەندتر و گشتگیرتر بکەن وبتوانن مێژوویەکی هەمەلایەنەی پڕ بە گەورەیی کارگەی جگەرەی سلێمانی بنوسنەوە. گرنگ ئەوەیە بەندە هەنگاوی یەکەمم هەڵناوە و ڕێگا ١٠٠٠ میلەکەش بە هەنگاوێك دەستپێدەکات و ئیدی تەواوکردنیشی لەئەستۆی کەسانی دڵسۆزی مێژووی ئەم کارگەیە وشاری سلێمانیدایە.

**لەگەڵ ڕێزدا........**

**نەوزادی موهەندیس**
**کۆتا بەڕێوەبەری کارگە**
**سلێمانی**
**٢٠١٣/٩/٤**
Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم
# مێژووی دۆزینەوەی تووتن و چاندنی و بەرهەمهێنانی





## ❖ کورتەیەکی مێژوویی تووتن و چاندنی و بەرهەمهێنانی

### ❖ مێژووی ڕووەکی تووتن

یەکەم جار چاندنی تووتن بەکارهێنانی گەڵاکانی بۆ کێشان لە لایەن هندیە سورەکانی دانیشتووی ئەمەریکای ناوەڕاست بووە . دۆزینەوەی ئەم ڕووەکە و سەرگوزشتەی بەکارهێنانی لە لایەن هاوڕێیانی ( کریستۆفەر کۆلۆمبۆس) وە بوو کە داوای لیٚ کردن لە بارودۆخی ئەو خاکە تازەیە بکۆڵنەوە کە دۆزیویانەتەوە .٢ کاتیٚ گەیشتنە ( سان سلفادور) لە ئۆکتوبەری ساڵی ١٤٩٢ بینیان ژن و پیاوی ئەو ناوچەیە گەڵای ڕووەکێکیان دەپێچایەوە دەیان خستە نێوان پەنجەیانەوە سەرەکەی تریان داگیرساندوە بە ئاگر بۆ ئەوەی بسوتیٚ سەری ناوپەنچەکەیان ئەخەنە دەمیان هەڵی ئەمژن دوکەڵ لە دەموو لوتیانەوە دێتە دەرەوە . سەیریان کرد خۆشیەك و تاموو چێژێك لەوە ئەبینن . بۆیان دەرکەوت ئەو خەڵکە ڕاهاتون لەسەر کێشانی ئەو گەڵایە هەر وەکو چۆن لای خۆمان زۆر کەس ڕاهاتووە لەسەر جگەرە کێشان .

هەندێکیشیان لایان وابوو کێشان هانیان ئەدات بۆ ئیش و مێشکیان پشووئەدات . دانیشتوانی دورگەی هایتی بەم ڕوەکەیان دەوت تۆباکۆس(Tobacos) هەندێکیشیان دەڵێن ئەو ڕوەکە بە ناوی ناوچەیەك ناوبراوە پیٚ ی دەوتریٚ (Tobaco) لە

مەکسیك زۆر کەس کە چونەتە ئەمریکا لەگەڵ کۆلۆمبۆس لەسەر ئەو ڕووەکەیان نوسیوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان لەوانە:

١- فیس الاسیانی ڕومانۆپانۆRomanopano ساڵی ١٤٩٧ باسی خوو ڕەوشتی ئەو ناوچەیەیان کردووە و ڕاهاتنیان لەسەر کێشانی ئەو ڕووەکە .

٢- ساڵی ١٥٣٥ مێژوونووس ( هرماندزدی تولیدو) لەسان دومخیۆ لە پەڕتووکەکەیدا باسی چاندنی و بەکارهێنانی ڕوەکی تووتنی کردووە چۆن هندیە سوورەکان بەکاری دەهێنن هەروەها ساڵی ١٥٦٠ لە نامەیەکدا لە مەکسیکەوە بۆ فلیپی دووەم نوسی وباسی ڕووەکی تووتنی کردوە وچۆنێتی کێشانی لەو کیشوەرەدا . هەر چەندە لەو کاتەدا تەنها دەوڵەمەندەکان تووتنیان دەکێشا . هەندێ جار وەك مادەیەك بۆ خەو بەکاریان دەهێنا .

لە ساڵی ١٥١٨ بۆ یەکەم جار ئەم ڕوەکە لە ئەوروپا چێنرا ئەویش تۆوەکەی لە لایەن ( هیدی تولیدو )وە هێنرا بۆ ئیسپانیا. لەوێشەوە بۆ وڵاتە ژێردەستەکانی ( مستعمرات ) بڵاوبویەوە،هەروەها چەند وڵاتێکی تر وەکو پورتوگاڵ لەوێشەوە بۆ فەڕەنسا بەهۆی ( جان نیکوت )وە سەفیری فەڕەنسا لە پورتوگال لە ساڵی (١٥٥٨–١٥٦١) هەندێ ڕوەك و گەڵای تووتنی نارد بۆ مەلیکی فەرەنسا وبۆ دایکیشی ، لەو کاتەدا شاژنی فەڕەنسا ( کاترینا )سەری دەیەشا تووتنیان بۆ وورد کرد وەکو





دەرمانێکی تازە دایانێ ، هەر لەوێوە لە ناو وڵاتدا بڵاوبۆوە زۆری نەخایاند لەناو چین و توێژە بەرزەکانی فەڕەنسادا بڵاوبۆوە وەك ڕوەکێکی پیرۆز ناویان دەبرد یاخود بەگیای شاژن . هەر لەو کاتەدا ناویان لێنا ( نیکۆتین ) بە ناوی باڵیۆزی فەڕەنسا لە پورتوگال. هەروەها لە فرجینیای ئەمریکاوە گوازرایەوە بۆ ئینگلتەرا لە لایەن (ئەلبیر وۆڵتەر)ەوە لە ساڵی ١٥٨٤دا.٢

❖ چاندنی تووتن هەر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەوەو لە ساڵی ((١٥٩٠))وە تۆوی تووتن لە ڕێگەی سەربازەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە هاتۆتە کوردستانی عێراقەوە، ٨١لەساڵی ١٨٩٠ یشدا ئەرکی بەرپرسیارێتی کارگەکانی تووتن خرایە ئەستۆی کۆمپانیای ((ڕیژی)) فەڕەنسیەوە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لەهەموو ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون و عێراقیش یەکێك بوە لەو وڵاتانە بەرانبەر بە (٧٥٠ ) هەزار لیرەی تورکی.

ساڵی ١٩٢٠ فەرمانگەیەکی تووتن دروستکرا و پەیوەستکرا بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرکەوە.و لەساڵی ١٩٣٩ دا یاسای ژمارە(٣٥) ی بۆ دەرچوو ,هەندێك بڕگەی یاسایی ئەنجامدراوە دەربارەی ڕێکخستنی کارەکانی تووتن.لە ساڵی ١٩٤٣ دا ناوی فەرمانگەی تووتن گۆڕدرا و بوو بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئینحیصاری تووتن. بەهۆی هەرەسهێنانی ئابووری عێراق لە ساڵەکانی ١٩٤٧ و١٩٤٨ و١٩٤٩دا و بەمەبەستی بوژاندنەوەی

ئابوری عێراق و لەسەر بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کاتە بەڕێز مەزاحیم پاچەچی، شارەزایەکی سویسری لەبواری تووتندا هێنرایە عێراق بەناوی مۆزی و بۆ ماوەی ٣٥ ڕۆژ لە عێراقدا مایەوە و لەبەرواری ١٩٤٩/٢/١١دا گەڕایەوە بۆ سویسراو لە یاداشتی خۆیدا بۆ حکومەتی عێراقی دیاریکردبوو کە تووتن دەبێتە هۆکارێك بۆ بوژاندنەوە و گەشەسەندنی ئابوری عێراق. هەر لەبەر ئەوە یاسای ژمارە(( ٥٤)) ی ساڵی ١٩٥٢ دەرکرا بۆ زیاتر گرنگیدان بە تووتن و بەمەبەستی بوژاندنەوەی ئابوری عێراق کە لە (٦٢) بەند پێك هاتبوو.دواتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئینحیصاری تووتن گۆڕدراو بوو بە کۆمپانیای بەڕێوەبردنی ئینحیصاری تووتن((مصلحة ادارة انحصار التبغ)) وەك دامەزراوەیەك کە کەسایەتیەکی مەعنەوی هەبێت (شخصية معنوية) و کارگێڕی و دارایی سەربەخۆی هەبێت و هەستێ بەکاری ڕێکخستنی چاندنی تووتن.٦

**بڵاوبوونەوەی چاندنی تووتن و پیشەسازی تووتن**

دوای ئەوەی تووتن گەیشتە پورتوگال و فەڕەنسا و ئینگلتەرا و هەموو وڵاتە ژێر دەستەکانیان و لەوێشەوە بڵاوبوەوە بە هەموو وڵاتانی تردا لە نێوان هەموو توێژەکاندا . هەر چەندە زۆر شت ڕێگربوو بەڵام گەیشتە ئەڵمانیاش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. لە ڕێگەی ئەو سەربازانەشی کە لە جەنگەکە گەڕابوونەوە گەیشتە ڕۆژهەڵات و عێراق و کوردستان .لە مەوە



نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەی سلێمانی نەوزادی موهەندیس

بۆمان دەرکەوت تووتن زۆر بە خێرایی بڵاوبۆوە. بەشێوەیەك لە فەڕەنسادا شاژن زۆر پارێزگاری لە تووتن دەکرد باوەڕی وابوو دەرمانێکی باشە هەروەها بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان لە ڕێگەی باجەوە لە ساڵی ١٦٢٠دا لەسەر ئەوانەی تووتنیان ئەکێشا.

هەندێ لە پاشاکانی وڵاتانی تر بەرەنگاریان ئەکرد وەکو (جاك) یەکەم پاشای ئینگلتەرا لە ساڵی (١٦١٩) . هەروەها پاپا ئەرجەنتینی سێهەم لە ساڵی ١٦٢٨ دا تووتن کێشانی قەدەغە کرد لە کەنیسەکاندا . لە ساڵی ١٦٥٢دا لە لایەن پەرلەمانی ئینگلتەراوە یاسایەك دەرچوو قەدەغەی چاندنی تووتنی کرد تاوەکو ئێستاش هەربەردەوامە . لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش سزای گەورەیان دانا بۆ ئەو کەسانەی تووتن دەکێشن . سوڵتان موڕادی چوارەم دوای پشت بەستنی بە بنەماکانی قورئانی پیرۆز وشەریعەتی ئیسلامی تووتن کێشانی حەرام کردووەو سزای دانا لەسەری. سەرەڕای ئەم هەموو سزاو حەرام کردنە نەتوانرا بە تەواوی بنبڕ بکرێ .

هەندێ یاسای تریان دەرکرد وەکو قەدەغەکردنی چاندنی تووتن لە شوێنە گشتیەکاندا و لە ناو جوتیارانی سەوزەدا . ئەم شێوازە وردە وردە بەرەو پێشەوە چوو هەموو دەوڵەتەکان بۆیان ڕوون بوەوە کە چاندنی تووتن و بازرگانی پێوەکردنی پێش دەکەوێت لە ڕێگەی پیشەسازی دەستی و میکانیکیەوە بۆ جگەرە و لە

شێوەی بازرگانی و قازانجی باش ئەگەیەنێ بە دەوڵەت . هەندێ لە دەوڵەتەکان ئەم کارانەیان ئازاد کرد یاخود هەندێکیان لێ ئازاد کرد بۆ خەڵك خۆیان پێی هەڵسن وە بە شێوەی جیاواز باجیان لە سەر دانان . هەندێ لە وڵاتان خۆیان بەو کارە هەڵساون لە ڕێگەی قۆرغکردنەوە ( احتکار ) و(monopot) . فەڕەنسا لە ساڵی ١٨١٠ دەستی بەسەرداگرت . نەمسا لە ساڵی ١٧٨٤ وە ئیسپانیا لە ساڵی ١٧٣٠ . لە عێراقیش لە دروست بوونی ئیدارەی انحصاری تووتنەوە لەساڵی ١٩٢٠وە دەستی بەسەرداگیرا تا ساڵی (١٩٩٢) .٢

## ناوچە و چۆنێتی چاندنی ڕوەکی تووتن

لەهەر شوێنێکی جیهاندا بە شێوەیەکی جیاواز پێناسەی ڕوەکی تووتن دەکرێت هەندێك دەڵێن لەو بنەماڵەیەیە کە ئێش و ئازار نایەڵێت، هەندێك دەڵێن لەو بنەماڵەیەیە کە زەرەرو زیانی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە . تووتن زۆر جۆری جیاوازی هەیە، لە ڕووی بازرگانیەوە دوو جۆری سەرەکی هەیە ( نیکۆتیانا تۆباکۆم( جۆرەکانی تووتن) و نیکۆتیانا ڕۆستیك( تنباك )) (nicotiana rustic،nicotianatobacom). هەندێك وڵات کە تووتنی تیادا دەکرێت بە ناوی وڵاتەکەوە ناویدەرکردووە وەکو تووتنی فەرجینی ئەمەش لە هەندێك وڵاتی تردا دەکرێت وەکو ولایەتی فەرجینیا ، ئیتاليا ، یابان ، ڕوسیا ، موزەنبیق ، هندستان و لەناوچە دەشتیەکاندا و... هتد. ئەم ڕوەکە لە





زستاندا ناژی ،درێژی لە نێوان ٥٠سم تا ١٠٠سم دەبێت لە ناوچە شاخاویەکاندا . بەڵام لە پێ دەشتەکاندا زیاتر لە ١٠٠سم بەرز دەبێتەوە . تووتنی کوردستان کە بە ڕۆژهەڵاتی ناسراوە بەڵام لە هەندێ ناوچەدا تێکەڵ بووە پێی دەڵێن نیمچە ڕۆژهەڵاتی. ٣

## ناوچەکانی چاندنی تووتن

تووتن لە زۆر شوێنی جیهاندا دەکرێت بۆ سوود وەرگرتن لە گەڵاکانی لە ڕووی ئابوری و پیشەسازیەوە, ئەو وڵاتانەی تووتنیان تیا دەکرێت ئەمانەن :-

١- ئەمەریکا
٢- مەکسیك
٣- ئەمریکای باشوور
٤- فلیپین
٥- کوبا
٦- سۆمەترە
٧- جاوە
٨- هندستان
٩- سیلان
١٠- چین
١١- یابان
١٢- ڕوسیا

١٣- ئێران

١٤- تورکیا

١٥- سوریا

١٦- لوبنان

١٧- یۆنان

١٨- بولگاریا

١٩- یۆگوسلاڤیا

٢٠- ئەڵمانیا

٢١- ئیتالیا

٢٢- فەڕەنسا

٢٣- عێراق و ...هتد.

## خاك و ئاو و هەوا

**ئاووهەوا :-** ڕوەکی تووتن پێویستی بە ئاو وهەوایەکی لە بار هەیە لە ماوەی پێگەیاندنیدا بۆ ئەوەی گەڵایەکی پێگەیوو و جوان و سیفەتێکی تایبەتی هەبیٚ، پێویستی بە ئاو وهەوایەکی مامناوەند هەیە . بەڵام ئاو وهەوای گۆڕاو وەکو با و بارانی زۆر وهەورە تریشقە یاخود وشکەساڵی زۆر کار دەکاتە سەر جۆری تووتن، هەروەها سەرماش باش نیە و زیان بە گەڵا دەگەیەنیٚ و وشکیش لە بەرهەمەکە کەم دەکاتەوە و گۆڕانکاری لە ڕەنگ و پێکهاتەکانی ناوەڕۆکی مەوادەکان دەگۆڕێت. ٣








وێنەی (١-١) ناوچەیەکی شاخاوی ئاووهەواو گونجاو بۆ تووتن

**خاك ( تربة ) :-** باشترین خاك بۆ تووتن پێویستە زەویەکی بەردەڵانی کەم بێت و ئاوەڕۆی باش دەربچێت و ڕووە و ڕۆژهەڵات بێت بە لێژی لە ٥٪ و شێی تێدا کەم بێت چونکە ئەو زەویانەی کە زۆر شێدارن بەرهەمەکەیان زۆرە بەڵام لە دوای وشککردنەوە گەڵاکان ڕەنگیان مەیلە و ڕەش دەنوێنی بۆ کێشان بەکارنایەت .



وێنەی (٢-١) شەتڵ ناشتنی تووتن

ئەو زەویانەی کە باشترین تووتنی تێدا دێتە بەرهەم لە کوردستان ئەو زەویانەیە کە دەکەونە ناوچە شاخاویەکان یاخود گردۆڵکەکان یاخود بناری شاخەکانەوە و تیشکی هەتاو بە باشی دەیان گرێتەوە بە بەراوردکردنی لەگەڵ پێدەشتەکاندا .هەروەها بەردی کلْسیان تێدایە گەرما وەردەگرێ و کۆی دەکاتەوە بۆ ماوەیەکی باش. لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاو و هەوا و زەوی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەبەرهەمهێنانی تووتن و جۆریی باشدا . ٣

**ئامادەکردنی زەوی و پەینکردن**

لە بەرئەوەی تووتن بەزووی پێدەگاتلەنێوان ( ٩٠-١٢٠ ڕۆژ ) دەخایەنێت، پێویستی بە خۆراك هەیە لەو ڕووەکانەیە کە زەوی ماندوو دەکات . هەروەها چاندنی تووتن قازانجی هەیە بۆیە پێویستە زەویی بە باشی بۆ ئامادەبکرێ ئەگەر پێویست بکات پەینی پێوە بکرێ وەك نایترۆجین و $K_2O$ بۆ بەدیهێنانی بەرهەمێکی باش باشترین پەین ،پەینی ئاژەڵییە $P_2O_5$ چونکە درەنگ شیتەڵ دەبێت کە زۆر پێویستە هەر لە کێڵانی زەویەوە تێکەڵاوی بکرێ . هەندێ کانزای تر هەن دوای بەرزبوونەوەی ڕووەکە کە بەکاردەهێنرێت لەشێوەی پەینی کیمیاویدا وەکو پۆتاسیۆم کە لە تووتندا بە برێکی باش هەیە و کاریگەریی باشی هەیە لە سەر تووتن لە کاتی سوتاندا.٣







وێنەی (٣-١) کێڵگەیەکی تووتن

هەروەها مەوادی ئازۆنی وەکو پاشماوەی گەدریی ئاژەڵ یاخود مەوادی ئازۆنی ئۆرگانی بەرهەم زیاد دەکات، بەڵام لە سەر حسابی جۆری کار دەکاتە سەر ڕەنگ و بۆن و سوتاندنی تووتن . کالیسیۆم لە شێوەی کبریتاتی کالیسیۆم بەکاردەهێنرێت بۆ دروستبوونی بۆشایی لە زەویدا و یارمەتی تواندنەوەی خۆێی پۆتاسیۆم و مەگنسیۆم لە زەویدا دەدات، ئەو میتاڵانەش دەگەنە گەڵا تووتنەکان ، ڕەنگیان سپی دەکات و یارمەتی چۆنێتی سوتاندن دەدەن .

**چاندنی ڕووەکی تووتن :**

هەر وڵاتێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ چاندن و چاودێریکردنی تووتن بە پێی ئاوو هەواو خاکی ئەو ناوچەیە . لە کوردستاندا بەم شێوەیە :-

جێگـەی شـەتڵ ئامـادە دەکرێـت دوای کێڵانـی زەویەکـە و پاککردنەوەی گژوگیا و دابەشکردنی زەویەکە لە شێوەی چەند دوکانێکی چوارگۆشەیدا هەریەکەی بە نزیکی ٤م٢ هەندێ پەینی ( پاشەڕۆی کۆنی ئاژەڵ ) بەکاردەهێنرێن لەگەڵ خۆڵی زەویەکەدا تێکەڵاو دەکرێت وبە شێوەیەکی باش بڵاودەکرێتەوە وەکو فەرش هەندێ لە جوتیارەکان پوش و پەڵاشیان دەسوتاند لە زەویەکەدا دوایی دەیان کێڵان بۆ ئەوەی ئەو زەویە بە پیت بکات بە میتالی پۆتاسیۆم چونکە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر تووتن ٦.



وێنەی(٤-١) شەتڵی تووتن گەشەی کردووە

**تۆوی تووتن :-**

دەبێت لەگەڵ هەندێ لم یان خۆڵەمێش تێکەڵاو بکرێت دوایی بوەشێنرێ بەسەر ئەو زەویە ئامادەکراوەدا، ئەمەش باشتروایە لە پلەی گەرمی( ٢٧-٤٠) پلەی سەدیدا بێت .







وێنەی(٥-١) تۆوی تووتن

دوای ئـەوە ئاوەڕشـێنی دەکرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو زەویـە شـێ وەربگرێـت . نـابێ تـۆوکردن پڕبێـت . هـەر ( ٧ر٠-١)گم تـۆوی تـووتنی ڕۆژهـەڵاتی بـۆ یـەك (م٢) بێـت و هـەر ( ٣ر٠-٥ر٠ )گم تـۆوی تـووتنی فـەرجینی بـۆ یـەك ( م٢) دەبێـت دوای تـۆوکردن هەمیشە ئاوەڕشێنی دەکرێت بەهێواشی و نابێت تیشکی ڕۆژ لە نیوەڕۆدا لێی بدات لەبەرئەوە دەبێ داپۆشرێت . ٦



وێنەی (٦-١) تۆوی تووتن

## ❖ قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تووتن

### ١.چاندنی تووتن

تۆوی تووتن لە تۆوی گوڵەبەڕۆژە دەچێت و ڕەنگەکەشی بەلای سووردا دەڕوانێت.وەرزی تۆو چاندنی تووتن لە ٣/١٥ وە بۆ ٤/١٥ دەستپێدەکات بەپێی جێگای شاخاوی و دەشتی و بەپێی ساردی و گەرمی ناوچەکان.جووتیار هەڵدەستێت بە ڕشاندنی تۆوی تووتنەکە بەزەویەوە و دواتر بە پەینی ئاژەڵی دایدەپۆشێت تا گەورە دەبێت و گەشە دەکات,لە ماوەی دوو مانگدا دەست ئەکات بە پێگەیشتن وئامادە دەبێت بۆ شەتڵ و



وێنەی(٧-١) کێڵگەیەکی تووتن

دوای گەورەبونی تۆوەکە , هەتا بەرزدەبێتەوە تا ئاستی ١٠ – ١٥سم ئەوکاتە دەست دەکرێت بە گواستنەوەی شەتڵەکان بەهەڵکەندنیان بۆ ئەو زەویەی کە پێشتر ئامادەکراوە و





ڕێکخراوە,و جارێکی تر دەستدەکرێتەوە بە ناشتنەوەی سەرلەنوێ بەشێوەی دێراو دێراو. ماوەی شەتڵ لێدانیش نزیکەی مانگێکی پێدەچێت تا دەگاتە مانگی تەمووز. بەڵام لەناوچە شاخاویەکاندا لەبەر کەمی زەوی, پەنا دەبرێتە بەر پەرێزی گەنم و جۆ و جارێکی تر خۆش دەکرێنەوە و پەینڕێژ دەکرێتەوە تازەویەکە بەهێزبێت بۆ ناشتنی سەرلەنوێی تووتنەکە. کاتێك شەتڵەکان بچوکن ڕۆژانە دەرشێنرێت بە ئاو تا پێش هەڵکەندن کە دەگوێزرێت (اقلمە) دەکرێت و پێش هەڵکێشانیش بە چەند کاتژمێرێك ئاو دەدرێت. و تاگەورەتر دەبێت ئەوکات بە دووهەفتە جارێك ئاودەدرێت. ڕووەکەکە چاودێری دەکرێت و دەپارێزرێت و بەخێودەکرێت لەڕێگەی ئاودان و وەچکردن لە ڕێگەی لێکردنەوەی گەڵا بچوکەکانەوە کە لە نێوان گەڵا گەورەکاندا گەشە دەکەن.چونکە ئەو گەڵا بچووکانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر گەشەکردنی ڕووەکەکە و لە هێز و توانای کەم دەکاتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێگەیشتنی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست. و ئەم کردارانەش دوو مانگ دەخایەنێت تا تووتنەکە پێدەگات.٢

## ❖ بنجێك تووتن چەند بەشە؟

بنجێك– چڵێك یان لقێك تووتن بەمەرجێك نەخۆشی نەبێت

( ١٨-٣٢) گەڵای پێوەیە, تێکڕا دەتوانین بڵێین ٢٤ گەڵای باشی لێدەردەچێت ئەگە تووتنەکە سەرخەست نەکرێت. و دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١. **سەرپەل:** باشترین تووتنە و گەلێك شێوە و چۆنێتی تاموبۆن و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە کە خۆی لە بەشەکانی تر جیا ئەکاتەوە کە ئەمانەن:

١. نووکی گەڵاکەی تیژە.

٢. ( نسیج-پێستی ) ئەستوورە.

٣.( مطاطیة- کێشی)زۆرترە.

٤.دەمارەکانی بەخۆوەیە.

٥.ڕەنگی تێرە.

٦.کێشانی توندە.

٧.گەڵای باریکترە.

٨.نیکۆتینی زیاترە.

ئەم بەشە( سەرپەل) ئەگەر نەخۆشی و قۆرتی نەبێت باشترین جۆری تووتنی دەبێت دەرەجە(( مومتاز)).

٢.**ناوپەل:** لەچاکیدا دەرەجە دووەمە , وئەمیش هەندێ سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە:

١. نوکی گەڵاکەی کولترە.

٢.پێستی تەنکترە.

٣.کێشی لە گەڵای سەرپەل کەمترە.





٤.دەماری باریکترە.

٥.ڕەنگی کاڵترە.

٦. خۆش کێشە.

٧.گەڵای پانترە.

٨. نیکۆتینی کەمترە.

دەرجەی ئەم جۆرە( ناوپەل) هەمیشە یان دەرەجە یەکە یان دووەمە.

٣.**بن پەل** :ئەم بەشەش دیسان جۆرە تام و ڕەنگ و هێزی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمانەن:

١. نووکی کەوانی هاتۆتەوە و کولە.

٢. پێستی زۆر تەنکە.

٣.کێشی نیە لەبەرئەوە زوو وورد دەبێت.

٤.دەماری تەواو باریکە.

٥. ڕەنگی زۆر کاڵە.

٦. لە کێشانا نەرمە.

٧. گەڵای ورگن و پانە.

٨. نیکۆتینی ئێجگار کەمە.

٩. خۆراکی کەم بەردەکەوێت بۆیە هەمیشە تووشی نەخۆشی دەبێت لەبەرئەوەی بێهێز و بێتینە و بەلەرینەوە وورد دەبێت.

١٠.چێژ و تامێکی زۆر خۆش و ئاوداری هەیە.

ئەم جۆرە( بن پەل) هەمیشە دەرەجە سێیەمە.

ئەم خاڵانەی کە باسکران بۆمان دەردەخات کە تووتن نابێت بەهەرەمەکی بشکێتەوە. و پێویستە چین بەچین وگەڵا بە گەڵا لە ڕست بدرێت بۆ ئەوەی هەر بەشە لەگەڵ چەشی خۆیدا یەك بگرێت.٣

**٢. کۆکردنەوەی بەرهەمەکە**

تووتنەکە لەسەرەتای مانگی ئابدا پێدەگات و لەو مانگەشدا دەست دەکرێت بە ڕنین و کۆکردنەوەی, بە شێوەیەك ڕووەکەکە دەکرێتە سێ بەشەوە (( گەڵای سەرەوە)) بەجیا کۆدەکرێتەوە,هەروەها گەڵای ناوەڕاست و بەشی خوارەوەش بەجیا کۆدەکرێنەوە.تا هەموو بەرهەمەکە دەدورێتەوە, ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە,چونکە سیفاتە مۆرفۆلۆجی و کیمیاوی گەڵاکانی سەرەوە واتە سەرپەل باشترن



وێنەی(٨-١) کۆکردنەوەی گەڵا تووتنەکان





چونکە گەڵاکانی سەرەوە زیاتر گەرمتر و بەهێزترن لەکاتی جگەرە کێشاندا,بەڵام ئەو گەرمیە کەمدەکات و دەبێتە تووتنێکی سارد هەتا گەڵاکان بەرەو خواربیێتەوە,هەروەك ناتوانرێت بدورێتەوە کاتێك زەویەکەی تەڕ بێت .٣

**٣. پرۆسەی وشککردنەوەی بەرهەمەکە**

دوای تەواوبوون لە پرۆسەی دورینەوە,بەرهەمەکە لەکێڵگەکانەوە بە سەبەتە دەگوازرێنەوە بۆ جێگەی لەداودان



وێنەی(٩-١) هەڵخستنی گەڵای تووتن

,بەشێوەیەك بەرهەمەکە بڵاودەکرێتەوە لەسەر زەوی تا گەڵاکانی زەرد دەبن لەخۆیەوە.دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ سەربان و جارێکی تر بڵاودەکرێتەوە لەسەر چەرداخ کە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوە.



وێنەی(١٠-١) زەردبوونی گەڵاکان

دواتر دادەگیرێت بۆ ژوورێکی تایبەتی کە ئامادەکراوە بۆی و بە ئاو دەڕشێنرێت و لە گۆشەیەکی دیاریکراودا کۆدەکرێتەوە و بەدانانی شتی قورس لەسەری سەنگاو بەرد دەنرێت بۆ ماوەی ٢-٣ ڕۆژ تا گەڵاکان نەرم دەبنەوە.و دواتر لەسەر شێوەی گورزە کۆدەکرێنەوە هەریەکە بە جیا. دواتر هەموویان بەشێوەی بازنەیی دادەنرێن و ئەم کردارەش پێی دەوترێت ((کورسی)) و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەم قۆناغەدا دەمێنێتەوە بۆ زیادکردنی بۆنوبەرامەکەی و دواتر پرۆسەی فرۆشتنی تووتنەکە دەستپێدەکات.٣

❖ **ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر باشی جۆر و بۆن وبەرامەی تووتن:**

١. ساردی و سازگاری ئاوەکەی لە هاویندا.( ئاوی کانیاو کارێز).

٢. خاك.





٣. هەوای ناوچەکە.

٤. کارە کشتوکاڵیەکان.

٥. تووتنێك گەڵاکەی تەنك بێت.زۆری گەڵا و مامناوەندێتی قەبارەی گەڵاکانی.( جۆرە جیاوازەکان).

**شەتڵ لێدان :-**

پێویستە زەوی ئامادە بکرێ بە شێوەیەکی زۆر باش پەین کرابێت و پاشەڕۆی ئاژەڵی بە باشی بکێڵرێ وە پاك بکرێتەوە لە گژوگیا . دوای ئەوە هێڵ هێڵ بکرێ بە مەرجێك ئاراستەی هێڵەکان تەریب بێت بۆئاراستەی با ،هەروەها ئەو هێڵانە زۆر یان نەبێت هەندێ تەسك و ڕاست( مستقیم ) بێت بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی هەبێت .کاتێ شەتڵ تەمەنی گەیشتە دوومانگ یان دوو مانگ و نیو پێش هەڵکێشان ماوەی یەك هەفتە ئاوی لێ دەبڕێت پێی



وێنەی(١١-١) ناشتنی شەڵی تووتن

دەوترێت ڕاهێنان و بەهێز Hardness پێش گواستنەوە شەتڵەکە ئاو دەدرێ بۆ ئەوەی کاتی هەڵکێشان ڕەگەکەی نەقرتێ.

دووری شەتڵەکان لە یەکەوە دەبێت ٢٠ سم بێت و شانەکانی دێراویش دەبێت ٨٠ سم بێت.درێژی شەتڵەکان لەنێوان ١٠-١٥ سم ژمارەی گەڵاکان ٤-٦ گەڵا بێت و نەخۆشی نەبێت پلاستیکی هەبێ ورەگێکی باشی بەهێزی هەبێت بەگونیەکی تەڕ یاخود بەقوماشێکی تەڕ دادەپۆشرێ دەگوازرێتەوە بۆکێڵگە بۆ لێدان .

چاکترین کات بۆ شەتڵێدان ئەوکاتەیە کە شێ هەبێت و زۆر گەرما نەبێت هەر لە بەرئەوە شەتڵ لێدان لەکاتی بەیانیان و فێنکی ئێواراندا باشە ماوەی نێوان دووشەتڵ لە ٢٥سم کەمتر نەبێت لەهەردوو دیوی دێراو لێدەدرێت بۆ تووتنی ڕۆژهەڵاتی (بەڵام بۆ تووتنی فەرجینی ٤٥سم ماوەی نێوان دووشەتڵە و تەنها لەیەك دیوی دێراو لێدەدرێت ) .٦

سێ ڕۆژ لەسەریەك ئاو دەدرێت دوای ئەوە (٣-٤) ڕۆژ ئاو دەدرێت کە گەورە بوو گەشەی کرد پێویستی بەگەرما هەیە بەرگەی سەرما ناگرێ چونکە تووتن لەو ڕوەکانەیە زۆر بەرگەی گەرما دەگرێت.مەسەلەی ئاودا زۆر هەستیارە بۆ تووتن چونکە گەر زۆر ئاوبدرێت زەرد و لاواز دەبێت و کەمیش ئاو بدرێت





بەرهەمی کەم دەکات و نیکۆتین زۆر دەبێت و شەکریش زۆر کەم دەکات.

دوایی (٥-٦) هەفتە ڕوەکەکە گەورە دەبێت ڕەنگە هەندێکیان گوڵ بکات یاخود لەلاوە وەچە دەربکات بۆیە باشتروایە ئەو وەچانە ئەو گوڵانەی لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەخواردنی سەرەکی گەڵاکان کەم نەکەنەوە ئەمەش زۆر بەوریاییەوە دەکرێ هەندێ گەڵا لەبنەوە نووساون بەخۆڵدا یان بەتیشکی هەتاو سووتاون خراپ بوون باشتروایە لەڕوەکەکە بکرێتەوە بۆئەوەی لەکاتی گەڵا شکێندا تێکەڵاوی گەڵا باشەکان نەبێت گەڵای تووتن دوای (٦-٨) هەفتە پێ دەگات بەتایبەتی بن پەل قەراغی گەڵاکە زەرد ئەبێ هەندێ خاڵی زەرد لەسەر گەڵاکە دروست دەبێت و گەشەی دەوەستێت.

هەندێ زبری تیادا بەدی ئەکرێ ئەمەش ئەوە دەردەخات کەپێگەیشتوە هەموو گەڵاکانی تووتن بەیەکەوە پێ ناگەن پێش هەموویان بن پەل دوای ئەوە ناوپەل دوای ئەوە سەرپەل گەڵای بن پەل ئەوانەیە کەنرخ وبایەخ و پلەیان کەمە بەڵام گەڵای ناوپەل باشترە و جۆرایتی بەرزترە ،سەرپەلیش زۆر باشەکەیانە لەهەموو ڕویەکەوە .٦

**گەلاشکێن :**

گەلاشکاندنەوە بەدەست ئەبێ لە بنی ڕوەکەکەوە دەستپێدەکات بۆسەرەوە هەر گەلایەك زەردبوو دەبێت لێبکرێتەوە، پێویستە گەلا دوای لێ کردنەوە چەپك بكرێ هەرپشتی گەلایەك لەسەر ڕووی گەلایەك بێت لەتەنیشت دێراوەکە دابنرێت کاتێ گەلا شکێن تەواو بوو ئەو گەڵایانە کۆدەکرێنەوە دەخرێنە ناو قوڵینەیەکەوە ( سلة) یاخود (شالینە) بەکۆڵ یاخود بەوولاخ دەگوازرێتەوە بۆ ژێر ساباتێ یان شوێنێك کە ئامادەکرابێت. دوای ئەوە دەکرێت بە شریتەوە ( خیط) بەهۆی سوژنەوە کەبۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە .بەمەرجێ لێدانی گەلاکان بەپشتا لێ بدرێت چونکە بۆشاییەك دروست ئەبێت (فجوة) لەهەواکەدا گەر شێی زۆر و پلەی گەرماش بەرز بوو دەبێتە هۆی سوتاندن و پێیدەڵێن ( ناو پونگ )بووە ٣.

سوژنەکە لای ملی گەلاکەوە دەکرێت بەدەماردا یەك لەدوای یەك کەشریتە کان لێ دران دادەنرێت بۆ ماوەی ٨-٢٤ کاتژمێر لەسێبەردا یەکەم قۆناغی وشك کردنەوەی بەسەردا دێت ئەمەش پێ دەڵێن زەردبون (yellowing) دوایی ئەوە ئەگوێزرێتەوە بەچەرداخ دا هەڵئەواسرێت لەبەرتیشکی هەتاو بۆ ووشك بوونەوە هەڵواسین ئەبێت بەتەنسیق بێت شریتەکان بەیەکەوە ئەنوسێن بۆئەوەی هەوا بە ئاسانی هاتوچۆبکات وتیشکی ڕۆژ لەهەموو لایەکەوە لەگەلاکان بدات ماوەی ١٤ – ٢١ ڕۆژی





پێویستە کەئەویش پەیوەندی هەیە بەئاو وهەوا و شوێنی گەلاکە لەسەر ڕوەك وبڕی ئەو ئاوەی لەگەڵاکەدا هەیە .



وێنەی(١٢-١) کردنی گەلاکان بە پەتەوە بەهۆی سوژنەوە بۆ وشکبونەوە

بەشێوەیەکی گشتی ڕوەکی تووتن پێکهاتووە لەم بەشانە :

١- **ڕەگ** :ڕەگی تووتن لەشەتڵکاندا ڕیشاڵییە ( لیفی) یە کاتێك دەگوازرێتەوە بۆ کێڵگە ڕەگی مێخی ( وتری) دروست دەکات و ڕەگە ڕیشاڵیەکان بەدەوریدا دەمێنێتەوە .

٢- **قەد** : هەندێکیان زبرە هەندێکیان لوسە زۆربەیان شێوەیان لولەییە لەمادەیەك پێکهاتووە وەکو تەختە ووردە ووردە ڕەق دەبێت لەکاتی پێگەیشتنی تووتندا.

٣- **گەلا** :هەر ڕوەکێك لە جۆری تووتنی ڕۆژهەلاتی لە نێوان (١٢-٣٠) گەڵای پێوەیە لەهەرسێ جۆردا شێوەیان جیاوازە هەندێکیان هێلکەین



وێنەی(١٣-١) پێگەیشتنی تووتن لە ڕەگ و قەد و گەڵا و گوڵ و تۆو

هەندێکیان درێژ کوڵەن ، گەڵای تووتن لەبنەوە پێی دەوترێت گەڵای بن پەل واتە خراپ و بێهێز و هەندێك جاریش خۆڵی پێوەیە و لێدەکرێتەوە و فڕێدەدرێت ،گەورەیە تاوەکو ناوەڕاست دوایئەوە بچوك دەبێتەوە تاسەرەوە ڕەنگی گەڵاکان لەکاتی پێگەیشتنی و ووشکەبونەوەدا دەگۆڕێت. سروشتی خاکەکەش ڕۆڵی هەیە لەگۆڕانی گەڵادا ڕەنگی گەڵا لە سەوزێکی تۆخەوە دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی زەردی ئاڵتونی وەکاتی پێگەشتنی دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی زەرد ،ئەو گەڵایانەی کەلە زەوییەوە نزیکن ڕەنگیان کراوەترە لەوانەی سەرەوە چونکە تشیکی ڕۆژلێان دەدات و زووتر پێدەگەن ٣.

٤- **گوڵ**

٥- **تۆو**





### ❖ پڕۆسەی ووشککردنەوەی گەڵای تووتن[٣]

بەپێی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕەکانی جیهان وادەرکەوتوە کە گەڵای تووتن هەر لە چەشنی گەڵا وردە چاکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی خواروو تا دەگاتە چەشنی گەڵا گەورە پانەکانی تووتنی چرووتی ئەمریکایی , و لە ئەستووری گەڵاشدا هەر لە گەڵا تەنکەکانی تووتنی ژاپۆنیەوە تا دەگاتە گەڵا ئەستورەکانی ماخوراکانی ڕوسی.و لە چەشنی بۆنداریشدا هەر لە فلۆکوریدی نەرمەوە کە لە مەدارەکاندا پێدەگات تا دەگاتە چەشنی تووتنی ڕۆستیکای هند و چەشنی تووتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە دەبێت بزانین کە تووتن بە پێی ئاو و هەوا دەگۆڕێت کە ئەم گۆڕینەش بۆتە هۆی ئەوە کە بە ٣ جۆر تووتن لە جیهاندا وشکبکرێتەوە:

١. **بەهەتاو** : ئەم جۆرە وشککردنەوەیە لەهەموو ڕۆژهەڵاتی خواروو و ناوەڕاست بەکاردەهێنرێت و پێی دەڵێن ( جۆری وشککردنەوەی یۆنانی) .

٢. **بە گەرمی** : ئەم جۆرە وشککردنەوەیە ( گەرمی دروستکراو – حرارة الصناعية) بەزۆری لە ئەمریکادا بەکاردێت لەناو ژووری تایبەتدا کە بۆ ئەم ئیشە دروستکراوە.

٣. **بە سێبەر**: ئەم جۆرە وشککردنەوەیە لە زۆر جێگاکانی تری خاوەن تووتندا بەکاردێت..تووتن بە سەبەتە دەگوێزرێتەوە و

لێی دەدرێت بە سوژن و گەر پێویست بکات لە تەرە دەدرێت و ئێوارەیەکی درەنگ پێش ڕۆژئاوا هەڵدەواسرێت.

چەند ڕێگەیەك بۆ وشككردنەوە هەیە لەوانە :-

**وشككردنەوەی سروشتی** : کەئەمەش خۆی لەم دوو ڕێگەیەدا پەیرەو دەکرێت لەکوردستاندا :-

١- ووشككردنەوە بەهۆی تیشکی ڕۆژەوە .

٢- ووشككردنەوە لەهەوادا .



وێنەی(١٤-١) هەڵخستنی گەڵای تووتن بۆ وشکبونەوە

ئەم دووجۆرە وشككردنەوەیە سروشتین لەکوردستاندا بەتایبەتی بەهۆی تیشکی ڕۆژەوە بۆ تووتنی ڕۆژهەڵاتی پەیرەوە دەکرێت و لەهەندێ کاتدا تووتنی فەرجینی هەر بەم ڕێگایە وشکدەکرێتەوە بەتایبەتی لە ناوچەی بتوێن و کۆیە و تەقتەق.







وێنەی(١٥-١) وشككردنەوەی تووتن بە ڕێگای سروشتی

**وشككردنەوە بەرێگەی پیشەسازی :**

١- بەهۆی گەرمکردن بەئاگر لەناو ژووردا .( بە دوکەڵ بۆ تووتنی دارك فایەر بۆ پایپ).

٢- بەهۆی هەڵمی گەرمەوە، کە بە بۆریدا هاتوچۆ بکات لەناو ژوردا ئەم دووڕێگەیە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بەکاردەهێنرێت کەتیشکی هەتاویان کەمە، تووتنی ڕۆژهەڵاتی ونیمچە ڕۆژهەڵاتی بەخۆر وشکدەکرێتەوە چونکە ناسراون بەوەی کە تووتنی بۆندارن وە ئەو پێکهاتە عەترانەی کەتێیاندایە بەپلەی گەرمای بەرز دەبن بەهەڵم بۆیە بەرێگای هەڵمی گەرمەوە وشك ناکرێتەوە بەڵام تووتنی فێرجینی کەرێژیەکی زۆری شەکری تێدایە بەپەلە بەهۆی هەڵمی گەرمەوە ووشك دەکرێتەوە هەتا ماوەی کەم بخایەنێ کەمتر شەکر دەسوتێ لەکاتی

وشککردنەوەدا بۆیە بەهەتاو تووتنی فەرجینی وشکبکرێتەوە زیانی هەیە .٣

وشککردنەوەی بەشێوەی سروشتی دوای پێوەکردنی گەڵاکان بە داوەوە پێش هەڵواسین ٢٤–٤٨ کاتژمێر دادەنرێت لەسێبەردا دوای ئەوە بەهەمئاهەنگی لەچەرخ دەدرێت بۆ ووشکبوونەوە پێویستە لەکاتی باران بارین و ڕەشەبادا داپپۆشرێت ئەگەر هاتوو تیشکی ڕۆژ زۆر گەرم بوو شێی تووتنەکە دادەبەزێتبۆ نزیکەی ٤٪ ئەمەش پەسەندنیە چونکە تووتن وورد دەبێت وتێك ئەشکێ. دوای وشکبوونەوە بەچەرداخەوە هەر لەنزیکەوە زەوی پاك دەکرێتەوە وڕێکدەکرێت وداوە تووتنەکان لەسەر زەوییەکە ڕادەخرێت بەسەر تەنیشدا بۆ ماەوی ٢–٣ ڕۆژ ئەم دیو وئەو دیو دەکرێت ئەمەش بۆ ئەوەیە گەر لەشوێنێك تیشکی هەتاوی بەباشی بەرنەکەوتبێ شێی زۆری تێدا مابێت وشك ببێتەوە هەر پێنج داوە تووتن بەیەکەوە دەبەسترێ ئامادە دەکرێ بخرێتە زاخەوە ( زیندان) کەزەوی هەڵکەنراوە بەقوڵی (١,٨٠ –٢م) وە پانی ٣م درێژی ٤م بەدار سەری دەگیرێ بەگڵ دادەپۆشرێت دەرگایەك یاخود کونێك کەبەئاسانی هات وچۆی پێدا بکرێت بۆی دروستدەکەن .

ئەم داوە تووتنانە نزیکە ١٠٠–١١٠ داو لەشێوەی گورزەدا دەخرێتە زاخەوە دوای ئەوە سەری زاخەکە دادەپۆشرێت گڵی





ئەکەنە سەر ئەمەش بۆماوەی ٣–٤ رۆژ لەم ماوەیەدا تووتنەکە خاوئەبێتەوە شێ وەرئەگرێ ئەگاتە نزیکەی (١٥–١٨) . ئەمەش ئاسانە بکرێت بەقەدەوە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بەتووتنەکە بگات تایبەتمەندی وشکنەکردنەوەی سروشتی لەوەدایە کە کرداری ترشاندنی یەکەمی دروست دەبێت، بەشێوەیەکی بەگشتی وشککردنەوە لە نێوان (٥–١٢) ڕۆژ دەخایەنێت. بۆیە پێویستە لە ڕێگای وشککردنەوەوە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ :٣

١– پێویستە تیشکی ڕۆژ ڕاستەوخۆ یان بەستونی نەدات لەگەڵاکان بۆ ئەوەی ڕەنگیان بەخراپی نەگۆڕێ لەوانەیە کرداری سپی بوون ڕوبدات.

٢– پێویستە داوە تووتنەکان بەتەنسیق هەڵبواسرێت بەئاسنی هەوا هاتوچۆ بکات لەناویدا .

٣– پێویستە لەکاتی باران و ڕەشەبادا تووتنەکە داپپۆشرێت لەو کارەساتانە بپارێزێ .

٤.گرنگی نەدرێت بەوشککردنەوەی خێرا بۆ ئەوەی کرداری کیمیاوی پێویست ڕووبدات لەسەرخۆ و گۆڕانکاری لەڕەنگ و بۆن و تام دابێت .

٥– پێویستە ئاگاداری شێی گەڵاکان بین زیاتر نەبێت لە ڕادەی پێویست چونکە ئەبێتە هۆی گەناندنی تووتنەکە .

٦– پێویستە شێ و گەرمایی زاخە زۆرتر نەبن لە ڕادەی پێویست لە بەرئەوە گۆڕانکاری خراپ ڕوئەدات .

بۆیە لێرەدا دەرئەکەوێ کرداری وشککردنەوە پێویستی بە چاودێری بەردەوام هەیە ئەو گەڵایانەی کەڕەنگێکی پەسەندیان هەیە دەرەجەی شێ تیادا (١٢٪ – ١٥٪) یە .

**فەردە داگرتن**

لای جووتیار صندوقێك لەتەختە دروست دەکرێت بە درێژی (١م و پانی ٦٠ سم) ، بەڵام لە ڕووی زانستیەوە دەبێت قەبارەی صندوقەکە بریتی بێت لە ٦٠*٥٠*٢٥ سم و کێشی لە نێوان ١٨-٢٢کگم دا بێت.لەشێوەی لاکیشەیدایە هەردوو ڕوەکەی کراوەیە تووتنەکەلە زاخە ئەهێنرێتە دەرەوە سەری داوەکان ئەکرێتەوە وەستایەکی کارامە کەشارەزایی هەبێت لەفەردە داگرتندا یەکەیەکە داوەکە ڕێکدەخات لەناو صندوقەکەدا وەپانیان ئەکاتەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەریەکیان دائەنێت تاوەکو صندوقەکە پڕئەبێت پێویستە کە ئەو صندوقە لەنێوانی ڕووی زەویدا بێت دوای ئەوە سەرقاپی صندوقەکە کە لەتەختە دروستکراوە دەخرێتە سەری هەندێ بەردی قورس لەسەری دادەنرێ دووکەسیش لەم سەرو ئەو سەرەوە ئەچنە سەر صندوقەکە دەیشێلن بۆئەوەی تووتنەکە دەقێکی ئاسایی لەشێوەی لاکێشەدا وەربگرێت دوای ئەوە صندوقەکە لادەبرێت تووتنەکە بەگوێنی لەمدیو وئەودیوەوە دائەپۆشرێت وە بەحەبل توند دەکرێتەوە ئەگەر ئەو فەردانە بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە لەوانەیە کرداری





ترشاندنی یەکەمی ڕوویدا هەندێ گۆڕانکاری لەگەڵاکان ڕوودەدات پێویستە چەند جارێك فەردەکان ئەمدیوئەودیو بکرێت نێوانیان هەبێت شوێنی هەڵگرتنیان زۆرشێدار دەبێت بەتایبەتی لەزستاندا لەکاتی فەردە داگرتندا پێویستە دەماری تووتنەکان لە داوەکاندا بۆ دەرەوە بێت و سەری گەڵاکان بۆ ناوەوە داپۆشینی یەکتری پەیوەندیدارە بە ڕادەی شێ وە ئەگەر تووتنەکە شێی زۆر بوو ئەوا ڕیزەکان کەمتر یەکتری دادەپۆشن وە بە پێچەوانەوە.٣

ڕێژەی شێ دەبێت لە نێوان ٦٥-٧٠ پلەدا بێت و لەکاتی شێ دەبێت لەسەر سێ شێوە بێت : بلاکە ،ابتف،قلیج.ئەگەر چوار ڕیز هەبوو هەر بە هەمان شێوە لە کۆتایدا ئەمسەرو ئەوسەری فەردە تووتنەکە دەمارەکان ئەبێت کە ئەمە لە دوو ڕوەوە قازانج دەگەیەنێت:-

١-شێوەی هەندەسی فەردەکە ڕادەگیرێت و قایم دەبێت و لە شکاندن ڕزگاری دەبێت.

٢-کرداری هەوا گۆڕکێ باش دەبێت لە ڕێگای دەمارەکانەوە ڕادەی گەنیوی کەم دەبێت.

**❖ پرۆسەی پوختەکردنی تووتن ٦**

کرداری پوختەکردن بریتیە لە پرۆسەی جیاکردنەوە یان پۆلێنکردنی گەڵاکانی تووتن بۆ نمرەی دیاریکراوی وەکویەك لەڕووی جۆریەوە تاڕادەیەك, یان بریتیە لە دووبارە

پۆلێنکردنەوەی تووتنی وەرگیراو لە لیژنەکانی پۆلێنکردنەوە، پرۆسەی جیاکردنەوە و پۆلێنکردنیش جێبەجێدەکرێت بەپێی ناوچەکانی بەرهەم و شوێنی لێکردنەوەکان( بەپێی جێگەی گەڵاکان لەسەر لاسکی تووتنەکە), هەروەها سیفاتە فیزیاویە بینراوەکان لە ڕەنگ,قەوارەی گەڵاکان,زیانە دەستیەکان ,توشبوون بە نەخۆشیەکان , ...هتد.

**ئامانجی بنەڕەتی لە پرۆسەی پوختەکردن بریتیە لە :**

١. دووبارە پۆلێنکردنەوەی تووتنە بەمەبەستی بازاڕی پیشەسازیە بۆ وەکلێکردنی تووتنەکە بەپێی پۆلەکەی, نمرەکەی,لێکردنەوەکەی,ڕەنگەکەی,قەوارەکەی,باری شێداری.

٢. ڕاستکردنەوەی خراپەکان وهەڵەکان لە بالەی جووتیارەکاندا.

٣. بەمەبەستی کەپسکردنی تووتنی وەکویەك لەو بالانەدا کە قەوارەی دیاریکراویان هەیە کە وەکو یەکەیەکی خەملاندن و پۆلێنکردن و بازاڕکردن وان و دەتوانرێت کە بگوێزرێنەوە دوور لە خەوش و خاشاك کە ئابووری نین.

پرۆسەی پوختەکردن وەك پرۆسەیەکی زانستی بریتیە لە جیاکردنەوەی نمرەکان و ئەم جیاکردنەوەیەش تەواو دەبێت لە ئەنجامی جیاوازی سیفاتە فیزیاویەکانەوە.کە ئاماژەشە بۆ پێکهاتە کیمیاویەکانیش لە گەڵای تووتنەکەدا لە چوارچێوەی





نمرە جیاوازەکاندا و ئەو پێکهاتە کیمیاویانەش کاردەکەن لەسەر بۆن وبەرامی جگەرە لەدواتردا.

وەك قۆناغی یەکەم بۆ دەستکردن بە پرۆسەی پوختەکردن و بەتایبەتیش ئەو توانایەی کە هەیە لە کارگەی پوختەکردنی سلێمانی دەستدەکرێت بە :-

١. **عەمبارکردن** : کۆگاکان تایبەتن بە وەرگرتنی تووتن بەڵام ساردو گەرمی تیادا نیە و مەرجە بنەڕەتیەکانی هەڵگرتنیان تیادا نیەو ڕەچاونەکراون لە دروستکردنیاندا, بەشێوەیەك بالەکان لە سەر زەویەکی شێدار ڕاستەوخۆ دادەنرێن بەتایبەتیش لە وەرزی بارانبارینداو سەرەڕای بوونی هێلانەی باڵندە لەناو کۆگاندا کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی (( راجح)) و بەتایبەتیش لە چینەکانی سەر زەویدا ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی هەڵگێڕانەوەی بالەکان بەردەوام نیە و لەوانەشە بەشێك لە کۆگاکان تووشی مێرووی لایزۆدێرما بێن هەروەك چۆن ڕوویدا لە تووتنە هەڵگیراوەکانی کۆگاکانی کەرکوکدا.

بەهەمان شێوە هەریەکە لە کۆگاکانی خام کەهەن لە کارگەی پوختەکردندا ساردی و گەرمی تیادا نیە.هەربۆیە مانەوەی تووتن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تیایدا دەبێتە هۆی ووشککبونەوەی و لەدواتریشدا ڕێژەی خراپبوون تیایدا زیاد دەبێت و ئەمەش بەشێوەیەکی خراپ کاردەکاتە سەر پرۆسەی

دروستکردنی دواتردا بۆ پوختەکردن و ترشاندن و دروستکردنی جگەرەش . ٣



وێنەی(١٦-١) هەڵگرتنی تووتن

هەروەها کاریگەری خراپیشی دەبێت بۆ سەر سیفاتی کێشان,ڕێژەی خراپی بەهەمان شێوە ئەو تەلەفانەش دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی شکاندنی گەڵاکان و ڕیزبەندی و گواستنەوە وتێکەڵکردنیشەوە دروست دەبێت.

**٢.قۆناغی شێکردن**

دەستدەکرێت بە ڕشاندنی باڵەی تووتنەکان بە ئاو و ئەمەش دەبێتە هۆی خراپکردنی جۆری و بەمانایەکی ووردتر دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی نمرەکەی بەشێوەیەك ڕەنگەکەی دەگۆڕێت و هەروەك چۆن دەبێتە هۆی شۆردنەوەی پێکهاتە کیمیاویەکانیش





تیایدا,بەڵام هیچ ڕێگەچارەیەکی جێگرەوەش نیە لەبەر نزمبونەوەی ڕێژەی شێ لە باڵە خامەکاندا لە ٥ر٤-٥ر١٠ واتە بەتێکڕای ٥ر٦ ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دابەزینی توانای ئامرازەکانی شێکردن و نەرمکردنەوە.

٣. دەتوانرێت خۆ ڕزگاربکرێت لەو پاشماوە خراپانە لە تووتن لە ڕێگەی بێژنگەوە کەلەناو کارگەدا هەن بەڵامپرۆسەیەکی سەرکەوتوو نابێت چونکە,



وێنەی(١٧-١) بەشی مامەڵەی تووتن

هەڵوەشاندنەوەی باڵەکان وجیاکردنەوەی پەت و گوێنی و مەوادی تر لە تووتنەکە

یەکەم: ناتوانرێت کۆنترۆڵی بەسەردا بکرێت بەشێوەیەکی تەواو لە ئەنجامی زیادبوونی بڕی تووتن لەسەر بێژنگەکان, دووەمیش بەهۆی بوونی کرێکارێکەوە کە خێرا دەکات لە کرداری بێژانەوەدا بە جولاندنی تووتنەکە بەدەست, سێیەمیش ناڕێکی لە دابەشبونی گەڵاکان لەسەر هەموو بەشەکانی بێژنگەکان

ئەمەش دەبێتە هۆی مانەوەی بەشێکی زۆر لە تووتنی خراپبوو و شکاو لەگەڵاکان.٣

٤. ئاشکرایە کە توانای دروستکردنی کارگە (( الطاقة التصميمية)) ی کارگەی پوختەکردن زۆر کەمترە لەو بڕە بەرهەمە و بەرەچاوکردنی داواکاری زیاتریش لەسەر تووتنی پوختەکراو و کەمی کادری کرێکاری بونەتە هۆی نەتوانینی کۆنتڕۆڵکردنی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی تووتن, ئەوەی ڕوونە و ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەرهەمی زۆر بە پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ جۆردا.

٥. باڵەی تووتن هەر نمرەیەك بێت ئەوا لەهەر سێ نمرەی A,B,C تیادایە سەرەڕای شکاو و ڕاجحیش و لەگەڵ کەمی کادردا, کارگە تەنها دەتوانێت دوو نمرە جیابکاتەوە لە تووتن کە بریتین لە نمرەی بنەڕەتی لەسەر باندەکە و نمرەیەکی کەمتریش و کرداری جیاکردنەوە جێبەجێدەکرێت لەلایەن کرێکارەکانەوە و بەمەش بڕێکی باش لەدەست دەچێت لە نمرەکەی تر کە تیایدایە. واتە ئەگەر نمرەی تووتنەکە(( دوو یان سێ )) بێت ئەوا نمرەی سەرەکی لە باندەکەدا واپێشبینی دەکرێت کە نمرە B بێت و نمرە C یش جیادەکرێتەوە, بەڵام نمرە A کە بەرهەمەکە بڕێکی کەمی لەخۆدەگرێت ئەوا لەگەڵ نمرە Bدا تێکەڵ دەبێت. لەوانەیە قازانجێکی باش دەسبکەوێت ئەگەر نمرە Aیش جیابکرایەتەوە چونکە نرخی یەك کیلۆ لەنمرە A بریتیە





لە ٢٦٠٠ دینار لەکاتێکدا نرخی یەك کیلۆ لە نمرە B بریتیە لە ٢١٣٥ دینار.

٦. دانانی ڕێژەیەکی زۆر لە تووتن لە چوارچێوەی نمرە Cدا دەبێتە هۆی خراپی جۆری تووتنەکە.لەبەرئەوەی تووتنی بۆگەن کە هەیە لە نمرە نزمەکاندا کە ڕێژەی شێ تیایدا بەرزە لە دوای پوختەکردن دەبێتە هۆی بۆگەنکردنی هەموو باڵەکە بەتەواوەتی و بەمەش باڵەی توونەکە لە نمرە C یشەوە دادەبەزێت و ئیدی بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت بۆ دروستکردنی جگەرە و ئەمەش دەبێتە هۆی زیانێکی مادی چونکە نرخی یەك کیلۆ تووتن لە نمرە C بریتیە لە ١٦٠٠ دینار.

٧. پابەندبوون بە ڕێژەی سەدی دانراو بۆ جیاکردنەوەی تووتن وەك ئەوەی هاتوە لە خشتەی (( ٢ )) لە چوارچێوەی نوسراوی دەستەی گشتی بۆ دووکەڵی نیشتیمانی / هەولێر لە ١٩٨٧/٦/١٤ و بە ژمارە ٢/٢/١/٢١٤٩ دا وامان لێدەکات دووربکەوینەوە لە سروشتی کەرەسەی خاوی هەبوو لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانیدا, ئەگەر باڵەی تووتنەکە ڕێژەیەکی کەمی نمرە Cی تیادابوو ئەوا چۆن دەتوانرێت پۆلێنبکرێت بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ویستراودا, هەروەك چۆن بۆ هەریەك لە نمرەکان لە باڵەی تووتندا داواکراوە کە هەبن لە نمرەکانی A ,B,C ,جائەگەر کارگە هەستێت تەنها بە جیاکردنەوەی دوو نمرە ئەدی چۆن پۆلێنکردن جێبەجێدەکرێت.

٨. دابەزینی نمرەی تووتنی پوختەکراو لەم مانگەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی تووتنی خامی نمرە نزم لە بەرهەمدا, هەروەك چۆن تووتنی چێنراو لە ئێستادا بریتیە لە بەرهەمی ناوچە نیمچە شاخاویەکان و دەشتییەکان لە ئەنجامی ڕاگواستنی هەزارەها جووتیاری تووتن لە ناوچە شاخاوییەکانەوە بۆ ناوچە دەشتییەکان کە بۆتە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی چاندنی تووتن لە ناوچە شاخاوییە زۆر باشەکاندا کە جۆری تووتنی زۆر باشی لێوە بەرهەم دەهات هەروەك چۆن لێکردنەوەی گەڵاکان کە هێشتا سەوزن واتە پێش چوونە ناو قۆناغی پێگەیشتنی تەکنیکی ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی جۆری تووتنەکە بەتایبەت لە هەندێك پۆلی تووتنی ڕۆژهەڵاتی و تووتنی بێڕلیش و ...هتد.٣

**پوختەکردنی تووتن**

گەڵای تووتن لەدوای وشك بونەوەی لە دۆخێکدایە ناتوانرێت بەشێوەیەکی باش بگوازرێتەوە و هەڵبگیرێت و یەکسەر لە پیشەسازی جگەرەو بەرهەمەکانی تری تووتن بەکارناهێنرێت و هەندێك مەوادی لاوەکی تێدایە وەك و خۆڵ و وردە بەرد...هتد ,هەروەها گەڵاکانی خوارو ڕادەی شێش لە نێوان ٤٪ و ٧٪ دایە ,لە یەك داودا لەوانەیە چەند گەڵایەکی تێدا بێت کە جۆریان جیاوازەو پلەکانیان جیاوازە تەنانەت ئەگەر لە لای جوتیاریش پوختە کردنی سەرەتایی هەبوبێت بۆیە پێویستە پێش





بەکارهێنان دەستنیشانی ئەم ئیشە گرنگانە بکرێت وە پێی هەستین لەکاتی پوختەکردندا:-٦

١-شێی تووتنەکە بگەیەنرێتە دۆخێکی باش بۆ ئەوەی گەڵاکەی نەرم ببێت.لەنێوان ( ١٢-١٤٪)بێت لە فەردەکاندا.

٢-جیاکردنەوەی گەڵاکان بەپێی دەرەجات وە تێکەڵاو کردنی تووتنی هەموو ناوچە جیاجیاکان لەکاتی پوختە کردندا.

٣-پێچانەوەو داگرتنی گەڵاکان لە شێوەی فەردەدا بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ گواستنەوەو عەمبارکردن ,ئەم کارانە بەگشتی لە کارگەی پوختەکردن ئەنجام دەدرێت.

**دوو جۆر پوختەکردن هەیە :-**

١-پوختەکردنی سەرەتایی(یان پوختەکردن لە لایەن جوتیارەوە)

٢-پوختەکردنی پیشەسازی

١-پوختەکردنی سەرەتایی یاخود پاککردن لە لایەن جوتیارەوە:ئەم کردارانە لە لایەن جوتیارەکانەوە ئەکرێ بۆ تووتنی وشك کراوە:-

أ-شێ

ب-کۆکردنەوە

ج-داگرتنی فەردە

د-پێچانەوە

شێکردنی تووتن بەهۆی زاخەوەیە کە تووتنەکەی تێدەخرێت بۆ ماوەی ٢-٣ ڕۆژ شێ وەردەگرێ و دەگاتە ١٦-١٨٪ بە

شێوەیەکی یەکسان ئامادە ئەبێت بۆ داگرتن لەکاتی پێوەکردنی گەڵاکان بە داوەوە هەندێکیان بە خواروخێچی یاخود لول ئەبن دوای وشککردنەوە و بە هەمان شێوە دەمێنێتەوە و دەقدەگرن ولە پوختەکردنی پیشەسازیدا نابینرێن کار ئەکاتە سەر بەرهەم و کرداری جیاکردنەوە (تصنیف) بۆیە پێویستە ئەو گەڵایانە بە شێوەیەکی باش پان بکرێنەوە و لەناو فەردەکاندا جێگیر بن ئەم کردارەش بە دەست ئەکرێت.٦

باشتر وایە پێش وشك کردنەوە گەڵاکان چاك بکرێن بۆ ئەوەی دوای وشك کردنەوە وەکو خۆیان بمێنێتەوە,شێوەی کۆکردنەوەی گەڵا لە زۆر شوێندا جیاوازە ئەمەش بەستراوە بە جۆری تووتنەکەوە و بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە ,هەندێ شوێن لە شێوەی دەسکدا کۆی دەکەنەوە نزیکەی ٢٥-٧٠ گەڵا بۆ یەك دەسك لەسەر یەك دادەنرێ بە تەختی.گەڵاکان بە شێوەیەکی گشتی یەك قەبارەیان هەیە وە لە یەك قەتفەدان یان بن پەل یان ناو پەل یان سەرپەل .گەڵای گەورەی ڕۆژهەڵاتی لە شێوەی دەسکی پاندا لە سەرەوە دەبەسترێ.گەڵای بچوکی ڕۆژهەڵاتی لەشێوەی دەسکی تەسکدا .کۆکردنەوەی لە شێوەی ڕیزدا ئاسانترین ڕێگایە تووتنەکە پاك ئەکرێتەوە لە گەڵا خراپەکان وە نەخۆشەکان.بەبێ ئەوەی گەڵاکان بپێچرێتەوەولەناو فەردەدا دائەنرێت ئەمەش پێی دەوترێ قاڵب.داوەکان بەپێی کورت و درێژی فەردە ئەبڕدرێت و بەڕیز یەك لەسەر یەك





دادەنرێن .گەڵاکان بۆ ناوەوە و دەماری گەڵاکان بۆ دەرەوە ئەمەش بە دەست ئەکرێ بۆ ئاسانی گواستنەوەو هەڵگرتن پێویستە ڕەچاوی گەورەیی و بچوکی فەردە بکرێت ناتوانرێ کێشی فەردە جێگیر بکرێت لەبەر ئەوە پشتدەبەسرێتە سەر قەبارەی فەردەکان فەردە هەیە کێشی ٣٥-٤٠ کیلۆگرامە فەردەش هەیە ٥٠-٦٠ کیلۆگرامە.٣

**پوختەکردنی پیشەسازی تووتن ٦**

کرداری پوختەکردنی پیشەسازی تووتن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە لە لایەن جوتیارەکانەوە کراوە وەکو:-

١-تێکەڵاوکردنی جۆرەکانی تووتن.

٢-تێکەڵاوکردنی گەڵای بن پەل و ناوپەل و سەرپەل.

٣-بونی گەڵای ڕەنگ جیاواز لە یەك شکاندنەوەدا.

٤-بونی گەڵای نەخۆش.

٥-گەورەیی قەبارەی فەردەکان لەکاتی داگرتندا وە هەندێ شتی تر بۆیە پێویستە پوختەکردنی پیشەسازی ئەنجام بدرێت بۆ چاك کردنی ئەو هەڵانە.

هەموو کارێکی بنەڕەتی لەسەر تووتن دەکرێ لە بەردەوام بوون لە پوختەکردنی پیشەسازی کە ئەمەش باوە بۆ هەموو جۆرەکانی تووتن کە ئەمانەن:-

١-وەرگرتن ودابەشکردنی تووتن لەسەر عەمبارەکان وە گرنگی پێ بدرێت.

٢-شێی تووتنەکان جێگیر بکرێت.

٣-گەڵاکان لێك جیابکرێنەوە.

٤-بەپێی دەرەجات گەڵاکان لێك جیابکرێنەوە.

٥-گەڵاکان تێکەڵاو بکرێن.

٦-دوای ئەو کردارانەی سەرەوە بکرێن بە فەردە.

٧-بە گوێنی داپۆشرێ و بدورێتەوە.



وێنەی(١٨-١) پشتێنەیەکی گوێزەرەوە بۆ گواستنەوەی تووتن لە کارگەی پوختەکردنەوە بۆ کارگەی ترشاندنی تووتن

تووتنی خام توانای هەیە کە بە شێوەیەکی میکانیکی کاری لەگەڵدا بکرێت بۆ پیشەسازی هەر لەسەر ئەم بنەمایە بیرو باوەڕی تازە هەردوو کرداری پوختەکردن و ترشاندن کە دوو کرداری سەرەکین بەیەکەوە دەبەستێ وەکو کردارێکی تەکنەلۆژی یەکگرتوولەمەولا باسی هەریەك لەو خاڵانەی سەرەوە بەجیا دەکەین:-





**وەرگرتنی تووتنی خام ٣**

کڕینەوەی تووتن هۆکارێکی زۆر گرنگە لەناو هەموو ئەو چالاکیانەی کە بۆ بەرهەم هێنان و پیشەسازی تووتن ئەکرێ بۆیە وریایی لە کڕینەوەی تووتندا کاریگەری بنەڕەتی لەسەر ئەنجامی ئابوری ئەو دەزگایانە هەیە کە تووتن ئەکڕنەوە وە هەروەها لەسەر جوتیارەکان لەبەر ئەوە لە کڕینەوەدا شێوە هیلاکیەك ئەبینین چونکە هەموو شتێك لەو تووتنەدا بە وردی بە هەستەکان دەکرێ وەك چاودێریکردن و دەست لێدان وە هەر هەڵەیەك لە دەرەجەدا زیانێکی گەورە ئەبەخشێ بە لایەنی کڕیار وە هەندێ جار فرۆشیار.

لێرەدا بۆیە باسی کڕینەوە ئەکەین چونکە پەیوەندی گرنگی هەیە بە پوختەکردنی پیشەسازی تووتنەوە بۆیە بۆ پوختە کردنی پیشەسازی پێویستە لە کڕینەوەوە دەست پێبکەین.

**هونەری کڕینەوە**

ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لەکاتی کڕینەوەی تووتنی وشك و داگیراو و پێچراوەدا پەیڕەو ئەکرێت:-

١-**کێشی تووتن**:کێشی تەواوی هەموو فەردەیەك بەهۆی میزانێکی وردەوە جێگیر ئەکرێت پێك هاتووە لە تووتنەکە+شێی زیادە+لم+گەڵای خراپ+هەندێك مەوادی لابەلا.

تەنها پارە بۆ تووتنێکی خاوێن لەگەڵ شێیەکی دیاری کراو دەدرێت کێشی گونیە لەگەڵ ئەو مەوادە لابەلایانەدا کە بەچاو

دەخەملێنرێن لە کێشی فەردەکە دەردەکرێ هەروەها ئەو گەلا خراپانە هەر بەچاو تقدیر ئەکرێت کە پێکهاتووە لە گەلای گەنیو و ڕەش بو وە ئەوانەی کە سوتاون یاخود توشی نەخۆشی بون ئەمانە هەمووی دەردەهێنرێت یاخود دەخەملێنرێن و لە کێشی تەواو دەردەکرێن.

شێی زیادەو هەندێ مەوادی کانزایی وەکو لم کە بە گەلاکانەوە نوسراوە پێویستە دەربکرێت لە کێشی فەردە ,شێی ڕێگە پێدراو لە بەینی ١٢٪ بۆ ١٣٪ دایە هەروەها بونی لم لە ١٪ بۆ ٢٪ ئەمەش شتێکی پێوەرییە ئەگەر ڕەچاوی ئەو لیستانە نەکرێن زیادبن لە کێشی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ کڕیار یاخود دەزگا پیشەسازیەکان.٣

**٢-جۆری تووتن یاخود سیفاتەکانی تووتن( المواصفات النوعیە )**

أ-شێوەی پشکنینی تووتن و جێگیرکردنی دەرەجات یاخود دانانی دەرەجات لە فەردەدا لەسەر فەردەکە ئەکرێت بۆ ئاسانی ئەم ئیشە فەردەکان لەسەرشان دادەنرێن لەلایەن دوو کرێکارەوە لەم دیوو ئەودیوی فەردەکە دەکرێتەوە لەشێوەی قەبارەی بچوکدا تووتنکە دەکرێتەوە و سەیر ئەکرێ لەهەرقەبارەیەك لەشوێنی جیاواز هەندێ تووتن دەرئەهێنرێ سەیر ئەکرێ بەباشی ڕێژەی دەرەجەی بنەڕەتی دائەنرێت و ڕێژەی لادان(انحراف) دادەنرێت ئەمەش پێویستە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزا لەبواری تووتندا ئەنجام بدرێت.





ب- ئەو تووتنەی لەناو فەردەدا گەنیوە ,یاخود ووردبوە بەچاو دەبینرێ پێویستە فڕێ بدرێ و فەردەکە پاك بکرێتەوە .ئەگەر تووتنی گەنیو بەچاو نەبینرێ لەڕێگەی بۆنی تووتنەکەوە دەردەکەوێت دانانی دەرەجات لەسەر بنەمای پێوەرێك دەکرێت لەکاتی کردنیدا هەبێت.ئەگەر نەبوو لەسەربنەمای پووختەکردنی پیشەسازی ئەنجام دەدرێت.ڕێژەی سەدی دەگۆڕێت بۆ کیلۆگرام لەکێشی تەواوی فەردەکە دەردەکەوێت .

ج- لەفەردەدا شێ لە بارێکی باشدابێت هەروەها فەردەکە بەباشی پێچرابێتەوە و داگیرابێت.گەلاکان نەقت بن یەك لەدوای یەك ڕیزبن هەر چوار لای فەردەکە خوارو خێچ نەبێت .ئەگەر ڕێژەی یەکێ لەدەرەجەکان لەم جۆرە بالانەدا ٧٥٪ بێت و شێی سروشتی بێت

لە(١٢٪ _١٤٪) بێت گەڵاکانی بەباشی کۆکرابێتەوە بەفەردەیەکی باش دادەنرێت (دووررییەکانی لەشێوەیپێوانەییدا دەردەکەوێت).

بەباشی هەڵئەسەنگێنرێت ودەرەجەی خۆی یاخود باشی دەدرێتێ.بەڵام ئەو فەردانەی لەچەند دەرەجەیەکی جیاواز پێکدێت شێی زۆری تێدایە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەکراوە دەدرێتەوە بەخاوەنەکەی بۆ ئەوەی جارێکی تر پوختەی بکاتەوە.

د. تێکەڵاوبوونی گەڵاو شێوەی شێی گەڵاکان ژمارەی تێکەڵاوبوونی گەڵای بنپەل+ناوپەل+سەرپەل جۆرەکانیان وڕەنگی گەڵاکان و گەڵای خراپ لەفەردەدا دەردەکەوێت لەکاتی پشکنیندا ئەمەش زۆر پێویستە بزانرێت چونکە پەیوەندی هەیە بەتێکەڵاوکردنی تووتنەوە لەکاتی پوختەکردنی پیشەسازیدا بۆ ئەوەی جارێکی تر گەڕانەوەی پشکنینی فەردەکان نەکرێت زانیاریمان لەسەر تووتنەکە هەبێت لەهەڵگرتنیدا لەعەمباری تایبەتیدا پێویستە ژمارەی تێکەڵاوبوونی گەڵاو بڕی و شێوەی شێی بەووردی و وریاییەوە بکرێت لەکاتی فرۆشتندا ٣.

ڕێژەی شێ بەچوار دەرەجە دادەنرێت.قورسی شێ بەرز((ثقیلة عالیة الرطوبة) ئەمەش ڕێژەی لەسەرروو١٦٪وەیە.دوای ئەوە ڕێژەی شێ لە ١٤٪ – ١٦٪ دایە ودواتر شێی سروشتی ١٢٪– ١٤٪ لەوە خوارتر یاخود لە١٢٪ خوارتر وشکە .ئەم دەرەجانە لەسەر پشتی فەردەکان دەنوسرێت و بە هێمایەك تۆمار دەکرێت هەر بەهەمان شێوە دەرەجەی گەنیو تۆمار دەکرێت( بەڵام وەرناگیرێت و ڕەتدەکرێتەوە بۆ جووتیار). یاخود هەموو زانیاریەك کە پەیوەندی بەتووتنەوە هەیە(جۆروشێوەی تووتنەکە لە فەردەدا) ناوی ناوچەکە بەرهەمی هێناوە لەسەر کاغەزێك تۆماردەکرێت.٣





**ڕێکخستنی کڕینەوە ٣**

هەروەکو باسمانکرد پوختەکردنی پیشەسازی تووتن هەر لەکڕینەوە تاوەکو ترشاندنی تووتن پەیوەندی بە یەکەوە هەیە.بۆیە بۆ کڕینەوە پێویستە کاری تایبەتی بۆ بکرێت بەم شێوەیە:-

١- دانانی کاتێکی دیارکراو بەپێی ئەوە تووتنی تێیدا بکڕدرێت وەکو:

أ- ماوەی کڕین بەتەواوی.

ب- ئەو تووتنانە لەپێشدا بکڕدرێنەوە کەتوانای ئەوەیان هەیە زوو بگەنن وتوانای هەڵگرتنیان ئاسان نی یە.

ج- دانانی فەرمانبەرێکی هونەری جێگیر بێت لەشوێنە جیاوازەکاندا بۆ سەرپەرشتی خەملاندنی بڕی تووتنی کە هەیە.

د- ئۆتۆمبێل ئامادەکرێت بۆ گواستنەوەی ئەو تووتنانەی کەدەکڕێن.

٢- هەندێك ئیش و کاری تر پێویستە بکرێت وەکو :

أ- پێکهێنانی لیژنەی سەرەتایی ودەرکردنی فەرمان ودابەشکردنیان بەسەر ناوچەکاندا بۆ پشکنین و وەرگرتنی تووتن.ئەم لیژنەیە پێکدێت لەچوار کەس. سەرۆك+نوسەر و کێشەری لیژنە+نوسەری ژمێریاری+ ووردبینی لیژنە. سەرۆکی لیژنە بەپرسە لەهەموو ئیشوکارەکان دەبێت هونەری بێت و شارەزایی تەواوی لەتووتندا هەبێت.

ب- دانان و ئامادەکردنی شوێنی پشکنین.شوێنێك هۆڵ بێت یاخود چەتری هەبێت.

ج-ئامادەکردنی عەمبار بۆ تووتن(پێویستە پاك بکرێتەوە و چاك بکرێ بە پاکژکەرەوە پاکژبکرێتەوە).

د-دانانی چەند هێڵێك بۆ دابەشکردنی تووتن بەسەر کارگەکاندا.

٣- أ- وەرگرتن و پشکنینی تووتن لەڕێگەی لیژنەی وەرگرتن و پشکنینەوە دەبێت بەئامادەبونی نوێنەری جوتیاران بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت لەنێوان هەردوولادا.

ب- دانانی لیژنەی پیاچوونەوە بۆ پێداچوونەوەی ئەو تووتنانەی کەخاوەنەکانیان ڕازی نەبوون لەسەر دەرەجەکان ئەم لیژنەیە جارێکی تر دەیپشکنێتەوە .

ج- لیژنەی بالآ ئەمەش لەوەزیری پەیوەندیدار بەکرینەوە یاخود جێگرەکەی سەرۆکایەتی ئەکات لەچەند پسپۆڕێك پێك دێت لە بواری تووتندا نوێنەری جوتیاران و وەزارەتی کشتوکاڵی تێدایە.

بۆ سەرپەرشتی و ئاگالێبونی کرداری پشکنین و وەرگرتنی تووتن ئەوکارانەی پەیوەندیان هەیە بەلیژنە سەرەتاییەکانەوە.

دوای کڕینەوە و وەرگرتنی تووتن لەلایەن لیژنە سەرەتاییەکانەوە.ئەوتووتنە دەگوازترێتەوە بەهۆی بارهەڵگرەوە(شاحنات ) کە پێویستە چادری هەبێت و ناوەکەی پاکبێت بۆ کارگەکانی پوختەکردنی تووتن. پێویستە دوای بارکردنی شاحنەکان هەموو دۆکۆمێنتێکی پێویست کە هەموو





زانیاریەکی تێدابێت لە بڕ و جۆرو ژمارەی فەردە لەگەڵ بارهەڵگرەکەدا بنێردرێت بۆ کارگە .٣

**دابەشکردن ودانانی تووتن لەعەمبارەکاندا**

دوای وەرگرتنی تووتن لەلایەن لیژنەی پشکنین و وەرگرتنەوەوە پیاچوونەوە لەسەر ئەو هەموو شتانە ئەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەپارەو ژمارەی فەردە و کێش و هەموو جۆری دەرەجەکانەوە هەیە، هەروەها ڕێژەی شێ و مەوادی کانزای تووتنی خراپ کە لێدەرکردنیان بۆ دانراوە(خەصم)، پێداچوونەوە بۆ ژمارەی بالەکان دەکرێت بەڵام بۆ ئەوانی تر پێویستە پیاچوونەوە بۆ ١٠٪ فەردەکان بکرێت.بۆ ئەوەی ئەو فەردانە لەلایەن لێپرسراوی کارگەوە پشکنینی بۆ بکرێت یان یەکێکی تر زانیاری هەبێت دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە.کاتێك جیاوازیەك بەدیکرا لەنێوان کارگەو ئەو پەڕاوانەی لە لیژنەی وەرگرتنەوە هاتووە دەبێت دەستبەجێ لێی بکۆلرێتەوە و بزانن هۆی چیە و دیاری بکرێت.ئەگەر جیاوازی لەنێوان دوو دەزگای جیادا هەبوو ئەو جیاوازیانە ئەبێت بەنوسراوی ڕەسمی جێگیر بکرێت و تووتنەکە لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە بپشکنرێت .٣

شێ وژمارەی تەولیفە زۆر گرنگیدانانیان بەشێوەیەکی ڕاست بنەمایەکی سەرەکیە بۆ دابەشکردنی فەردەکان بەسەر عەمبارەکاندا وچاودێریکردنیان(ڕاستیەك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە کەژمارەی تەولیفە لەولاتی

ئێمەدا پشتگوێ خراوە). فەردە تووتنەکان دابەشدەکرێت بەسەر ئەو هۆڵانەدا کە بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئامادەکراون لەسەر بنەمای ئەو شێیەی کە لەفەردەکاندا هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش فەردەکان بەشێوەی کومەڵ دابەشدەکرێن فەردەی کەڕواوی و شێی زۆر و شێی مام ناوەندی و وشك ئەوانەی شێیان کەمە نزیکە بەشێوەیەکی کۆمەڵ لەهۆڵێکی جیاوازدا دادەنرێت و لەناوهۆڵەکەدا بەپێی دەرەجات وناوچەی بەرهەم و ناوی شوێنەکانیان دادەنرێن.

**ڕیزکردنی فەردەکان ٣**

١- ڕیزکردنی فەردە لە هۆڵدا بەپێی تووتنەکان دەبێ (ناوچەی بەرهەم و ژمارەی فەردە و ڕۆژی داخڵکردن و هێنانە دەرەوەی فەردەکان).نابێت فەردە ڕاستەوخۆ لەسەر کۆنکرێت دابنرێت و نابێت بەدیوارەوە بنوسێ و ٢٠ سم دووربێت لە دیوارەوە، لەوانەیە هەڵمی ئاوخەستبێتەوە لەسەر دیوار یاخود زەوییەکە دەبێتە هۆی زیادبوونی شێ لەدەرەوەی فەردەکە وکەڕو هەڵدێنێ . ئەم زانیاریانەش لەسەر فەردەکان بنوسرێت ( ناوی بەرهەم،ژمارەی لیژنە،ساڵی بەرهەم،پلەی تووتن،ڕۆژی ئەمدیووئەودیوکردنی)







وێنەی(١٩-١) وەرگرتنی تووتن لە جووتیاران

٢- ڕیزکردن و دانان لەشێوەی ڕیزدا یاخود ستونی لەتەنیشت دیوارەکانەوە کە دەبێت پەنجەرەیان تێدابێت بۆ گۆڕان و هاتوچۆی هەوا.لەنێوانی ڕیزەکاندا ڕاڕەو دروستبکرێت بۆ هاتووچۆ و گواستنەوەی فەردەکان ، پانی هەر ڕاڕەوێك یەك مەتر بێت بۆ بەکارهێنانی عەرەبانەی دەستی و دوومەتر بێت بۆ بەکارهێنانی ڕافعەی شەوکی و دووری فەردەیەك لەویترەوە ٥٠سم بێت .پێویستە ئەو هۆڵانەی تووتنیان تیادا دانراوە جیاکربێتەوە لەهەموو کاریگەرییەکی کەشوهەوا بۆ پاراستنی سیفاتەکانی ئەو هەوایەی کەجێگیرە تێیدا.لەبارێکدا کە نەتوانرا ئەو ئامێرانە ئامادەبکرێت بۆ جێگیرکردنی شێ.ئەو فەردانەی کەشێدارن لەهۆڵی سەرەوەی عەمبارەکان دادەنرێن.بەڵام وشکەکان لەژێر خانی زەویدا دادەنرێت لەسەر ڕووی پانی بە

ستونی پێنج فەردە لەسەریەك دادەنرێت لەسەر پاڵیتێك كە لەتەختە دروست کرابێت.

**هە ڵگرتنی تووتن و چاودێری کردنی( خەزن ) ٣**

ئەو تووتنانەی کە دەخرێنە ناو عەمبارەکانەوە هەریەکەی شێیەکی جیاوازی تێدایە لەنێوانی١١-١٩٪.یە. شێی بەرزیش یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی کەڕو(تصفن) بەخێرایی کرداری کیمیاوی ڕوودەدات و نابێت تووتنی شێ بەرز بەهیچ شێوەیەك وەربگیرێت.ڕەنگی گەڵا دەچێتەوە یەك یاخود چڕدەبێتەوە (ترکز لون التبغ) گەڵاکان بەیەکەوە دەنوسێن وپاڵەپەستۆ لەسەر یەکتری دروستدەکەن ئەگەر تووتنێ شێی کەم بێت بەئاسانی هەڵدەگیرێت (خەزن دەکرێت) بەڵام لەپوختەکردندا باش نابێت چونکە ورد دەبێت و گەڵاکان دەشکێنێ.



وێنەی(٢٠-١) فحصکردنی باڵەی تووتنی جوتیاران

هەر لەبەر ئەم هۆیانەی باسمانکرد پێویستە هەستین بەئەنجامدانی چەند کارێکی تایبەت بۆ هەڵگرتنی تووتن(خەزن)





بۆ ئەوەی شێی جێگیربێت لەکەڕو نەخۆشیەکانی تر عەمبارەکان بپارێزین.

**کەڕوی تووتن( تصفن التبغ ) ٣**

لەسەر گەڵای تووتن چەند جۆرێکی جیاواز لە فطریات پێدەگەن کە دەتوانرێت بەچاو سێ لەو فطریاتانە جیابکەینەوە:

١- **کەڕوی سپی:-** توێژاڵێکی سپی لەسەر گەڵاکان بەدی دەکرێت بە تایبەتی لەو تووتنانەی لەتەنیشت دیوارەوە دادەنرێت شوێنەکە ساردە و شێی هەیە.

٢- **کەڕوی سەوز:-** ئەمە زۆر بەخێرایی پێدەگات شێوەکەی دروستدەبێت پێیدەوترێت(سیورات الخضراء).

٣- **کەڕوی رەش:-** ئەم جۆرە لەدەرەجەی گەرمایی بەرزدا گەشە دەکات دەبێتەهۆی ڕەشبوونی گەڵاکان و وایان لێدێت بەئاسانی بشکێن.

گەڵای تووتن بەناوەندێکی خواردەمەنی باش(مناسب) دادەنرێ بۆ گەشەکردنی فطریات(فطریات الصفن).هەندێ فطریات لەسەر گەڵای تووتن لەنزمترین دەرەجەی گەرمای(٥-١٠م) گەشە دەکات وە لەبەرزترین دەرەجەی گەرمای(٢٠-٤٠م) بەڵام لەڕووی شێ وە لە نزمترین ئاستی شێ ٨٠٪ گەشە دەکات هەندێکشیان لەخوار شێی ٧٥٪ یان(٧٠٪-٧٩٪) گەشە دەکەن.وەکو بە ئەزموون دەرکەوتوە تووتنی کاڵ (فاتح) ڕۆژهەڵاتی یاخود فرجینی کەڕوهەڵدەهێنن کاتێك ڕێژەی شێ لەهەوادا لە (٧٥٪-٧٦٪) بێت.

ئەو گەڵایانەی کە ڕێژەی مەوادیان زۆر تێدایە زۆر بە هێواشی کەڕوو دەکەن بە شێوەیەکی گشتی لە خوار شێی ڕێژە بەرز نزیکەی ٨٠٪ بەمەش جیا دەکرێتەوە لەو تووتنانەی کە ڕێژەی مەوادیان نزمە بە خێرایی کەڕوودەکەن لە خوار شێی ڕێژە نزمەوە (٧٥٪-٧٦٪).

تووتنی خامی هەڵگیراو (خەزن کراو) لە شێوەی فەردەدا بە جیاوازی دەرەجەکانەوە جیاوازیان هەیە لە ڕووی شێ وجۆرەوە.

بەشێوەیەکی گشتی تووتن لەمانە پێکهاتووە:

١. نیکۆتین.
٢.چەورییە سروشتیەکان.
٣.قەترانی تووتن.
٤.مەوادی پڕۆتینی.
٥.ترشەکانی تووتن.
٦. ئەمۆنیا و تفتەکان و نایترۆجینەکان و نیکۆتینی ئازاد.
٧.کاربۆهایدرایت.
٨. خوێکان.
٩.مەوادی نایترۆجینی.
١٠.تامی تووتن.
١١. مەوادی ترشەڵۆکی تر کە بە بەردەوامی دەدۆزرێنەوە.یی





وا هەڵسەنگێنراوە هەر تووتنێك ڕێژەی مەوادی زیاتربێت یاخود کەمتر بێت یان مامناوەند بێت جیاوازیان هەیە لە شێکانیاندا بەم شێوەیە:-

١-تووتنێك کە مەوادی زۆری تێدابێت ٢٠٪
٢-تووتنێك کە مەوادی مام ناوەند بێت ١٨٪
٣-تووتنێك کە مەوادی نزم بێت ١٦٪

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین تووتن لە کەڕوودروستکردن بپارێزین یاخود نەیەڵین گەشە بکات ئەمەش بەهۆی ڕاستکردنەوەی شێ وە یاخود جێگیرکردنی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو .کەڕووکردن ڕادەوەستێت بۆ ئەمەش پێویستە تووتنەکە لە ژێر دەرەجەی گەرمی نزمدا دابنرێت تووتنێك کە شێی زۆر بێت بە ماوەیەکی کەم وشکنابێتەوە پاراستنی تووتنی خام بۆ ماوەیەك بە نزمبونەوەی دەرەجەی گەرمای بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت .ئەو مانگە گونجاوانە بۆ ئەم مەبەستە ئەمانەن:

کانونی یەکەم

کانونی دووەم

شوبات .لەم کاتەدا پلەی گەرمای هۆڵەکان لە نزمیدایە لەو ماوەیەدا پێویستە ئاساییکردنەوەی شێی ئەو تووتنانە بکرێت کە شێیان بەرزە .

**ئاسایکردنەوەی شێی تووتن بەڕێگای سروشتی : ٦**

دوای وشکردنەوەی تووتن بە شێوەیەکی باش قەبارەو کێشی فەردەکان جێگیر دەبن بەڵام شێیان جیاوازی هەیە بۆ ئەو فەردانەی وشکن پێویستە شێیان بدرێتێ وئەوانەی شێیان تێدایە پێویستە کارێك بکرێ ئەو شێیە کەم نەکات ئەمەش بەهۆی ئەو ئامێرانەوە دەبێت کە لە مەغزەنەکاندا دانراون بۆ پاراستنی شێ و زیادکردنی .بەکارهێنانیان بۆ گۆڕانی هەوا لە عەمبارەکاندا و جێگیرکردنی ڕێژەی ئەو شێیەی پێوییستە .

لە کاتی بەڕێوەبردنی هەواگۆڕکێی عەمبارەکاندا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت :

١-**بونی هەڵمی ئاو لە هەوادا** : بەپێی کەمیو زۆری تووتنەکە لە عەمبارەکاندا بەکار دەهێنرێت.

٢-ڕێژەی کێشی هەوا بۆ تووتن لە کاتی چونە ژورەوەی هەوای دەرەوە بۆ عەمبارەکان دەرەجەی گەرمی تووتنەکان ناگۆڕێت بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای کاتێکی کەم دەرەجەی گەرمی تووتنەکە لەگەڵ هوڵەکەدا یەکساندەبن. گەرمی هەوای دەرەوە کە بێتە ناو عەمبارەکەوە کار ناکاتە سەر دەرەجەی گەرمی تووتنەکە بەڵام هەر دەبێت ئاگاداری بکرێت چونکە گۆڕان لە پلەی گەرمیدا کار ئەکاتە سەر بڵاوبونەوەی شێ پاش ئەمە دەرەجەی گەرمی تووتن دەگۆڕێت وردە وردە لەگەڵ بەردەوامبونی هەوا



نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەی سلێمانی    نەوزادی موهەندیس

گۆڕکێدا.کرداری بڵاوبونەوەی لەسەرخۆ بێت پێوستە گەرمی هەبێت بەمەرجێك بڕەکەی لەگەڵ بڕی شێکەدا بێت .

بۆ تووتنی شێدار پێوستە پلەی گەرمی هەوای هوڵەکە و (شێ)کەی نزم تر بێت لە پلەی گەرمی وشێی تووتنەکە ،بەلأم بۆ تووتنی وشك بە پێچەوانەوە لە کرداری هەوا گۆڕکێدا بۆ ئەوەی هەڵمی ئاو گرنگی نیە ئەگەر بێتو هەموو هەڵمەکە خەست بێتەوە و تەنها شێی بەشی سەرەوەی فەردەکان بەرز دەبێتەوە ئەویش بە ڕێژەیەکی کەم . لەو عەمبارانەی کە شێیان تێدایە تووتن بە شێوەیەکی سروشتی ووشك دەبێتەوە زۆر لەسەرخۆ بۆ ئەوەی شێوەی تفتی ڕوونەدات بێ پلەی گەرمی لە خوارەوە بێت بۆ ئەوەی بە تەواوی شێ ئاسان بێت لە زستاندا پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە ڕێژەی شێ زیاد دەبێت ئەمەش جیاوازی هەیە لەگەڵ پلەی گەرمی تووتندا بۆیە پێویستە هەوا گۆڕکی بەبەردەوامی بکرێت بۆ ماوەیەکی کەم .

لەبەهاردا پلەی گەرمی هەوای دەرەوە بەرزترە لە پلەی گەرمی تووتن لەم کاتەدا هەوا گۆڕکێ لە بەیانیاندا بکرێت باشە چونکە بە بەیانیان پلەی گەرمی هەوای دەرەوە لە نزمیدایە .٦

هاوین وەکو بەهار وایە پلەی گەرمی تووتن بەرزە شێی هەوای دەرەوە کەمە لەوانەیە تفتی ڕووبدات چونکە شێی ناوەوە زۆرترە لە دەرەوە پێویستە کرداری وشککردنەوەی بە پەلەبکرێت .

ئەگەر تووتن ووشك بوو پێویستە لەژێرخانی هۆڵەکە دابنرێت چونکە هەندێ شێی ڕێژەی هەوا لەوێدا بەرزە گرنگیدان بە تووتن لەم جۆرە هۆڵانەدا ئاسانترە بۆ هەوا گۆڕکێ لە کاتی هەوا گۆڕکێدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکرێت :

١- ئەگەر شێی ڕێژەیی وپلەی گەرمی هەوای دەرەوە نزم تر بێت لە شێی ڕێژەیی و پلەی گەرمی هەوای ناوەوە ئەوا کرداری هەوا گۆڕکێ ناکرێت .

ب-کاتێك پلەی گەرمی هەوای دەرەوە بەرزتربێت شێی ڕێژەیی نزمتر بێت لە هەوای ناوەوە لەم کاتەدا پێویستە بونی شێی هەردوو حاڵەتەکە بزانرێت .شێی هەوای دەرەوە بەرزتربێت لە هەوای ناوەوە ئەوا کرداری هەوا گۆڕکێ دەکرێت .

گرنگ ئەوەیە ڕێگە نەدرێت بە نزمبونەوەی شێی ڕێژەیی هەوای عەمبارەکان هەوا گۆڕکێی ئەو عەمبارانەی کە تووتنیان تێدایە شێی سروشتیان هەیە بۆ پاراستنی شێی ڕێژەیی هەوای عەمبارەکان لە نزیکەی ( ٦٥٪-٧٠٪) وەکو دەزانرێ شێی تووتن لە فەردەکاندا وەك یەك نیە هەندێکیان زۆر بەرزە نزیکەی ١٧٪ وهەندێ جار نزمە لە خوار ١٤٪ وە یە.

هەندێ فەردە تووتن بونی مادییان نزمە پێویستە شێی ڕێژەیی عەمبارەکان ٧٠٪ دا بێت و ئەو فەردانەی بونی مادیان بەرزە پێویستیان بە شێی ڕێژەیی لە خوار ٦٥٪ هەیە , هەروەها لەکاتی بەرزبونەوەی پلەی گەرمادا(لە بەهاردا )کرداری کیماوی





ڕوودەدات. شێی ناوخۆیی لە ناو تووتنەکەدا ڕوو دەدات و شێ بەرز دەبێتەوە و گۆڕان لە چینەکانی سەرەوەی فەردەکان زیاتر دینامیکیە ودەبێتە هۆی وشکبونەوەی تووتن و زیانی لێدەکەوێت.٦

لێرەدا باشتر وایە بۆ ئەو تووتنانەی شێی سروشتیان تێدایە هەوا گۆڕکێ کەمبکرێت بۆ ماوەیەکی کورت چونکە حاڵەتی هەوای دەرەوە نزیکە لە حاڵەتی هەوای ناوەوە پێویستە بە بەردەوامی بپێورێت لە عەمبارەکاندا, هەروەها پێویستە بەبەردەوامی چاودێری فەردە تووتنەکان بکرێت بەم شێوەیە:-

١-حەبلەکان خاوبکرێتەوە.
٢-سەیری ناو فەردە تووتنەکان بکرێت.
٣-هەمیشە تووتنەکان هەلبگێڕدرێتەوە.
٤-فەردە ڕوخاوەکان یان تێکچوەکان سەر لەنوێ چاکبکرێتەوە.
٥-شوێنی دانانی فەردەکان بگۆڕدرێت.

ئەم کردارانە پابەندە بە زیادوکەمی هەوا گۆڕکێی فەردەکان و پاراستنی تووتنە کە لە تێکچون و بەیەکەوەنوسان و چاودێری شێی تووتن لە کاتی هەڵگرتندا ودەستنیشانکردنی کەڕووکردن و نەخۆشی دەکرێت. چاودێری باش بە هەست و بۆن و چاو دەکرێت لە کاتی پێویستدا شێ لە عەمبارەکاندا دەپشکنرێت .

## جێگیرکردنی شێی فەردە بە هۆی ئامێرەوە ٣

شێکردنی تووتن لە دەزگاکانی پیشەسازیدا بە شێوەیەکی سروشتی زۆر تەواو نیە ،چونکە تێچونی زۆری دەوێت و ئیشی زۆریدەوێت. شێوەی تایبەتی تووتنی ڕۆژهەڵاتی لە کوردستاندا جیاوازی هەیە بە پێی شوێنی بەرهەم و بارودۆخی چاندن و شێوەی گەڵای تووتنەکە ورەنگی و بونی شیٚ تێیدا وهەڵمژینی شیٚ.



وێنەی(٢١-١)بەشی شێکردنی تووتنی خام Raw tobacco humidifier

لەکارگەی پوختەکردنی تووتن توانای ١٢٠٠کگم/ یەك وەجبە

هەروەها بە پیٚ ی کارلێککردن لەگەڵ گەرمادا بۆیە پێویستە شیٚ بدرێت بەم تووتنانە پێش کرداری لێك جیاکردنەوەی گەڵاکان بەبیٚ ئەوەی بشکێن و ئامادەبکرێن بۆ پوختەکردن. ئەو تووتنەی کە لە جوتیارەکان دەکڕدرێتەوە بۆ پوختەکردن بە گونیە پێچراوەتەوە لە شێوەی فەردەی (دیزی ) وەکو سامسۆن





بەڵام لە ناوچەی ڕەواندوز لە شێوەی حزم (باستال )ە لە ناو گونیەدا داگیراوە ئەمەش ٢٠/١ ی تووتنی کوردستانە. کێشی پێوانەیی نیە بۆ ئەو فەردانەی لای جوتیارەکانەوە دادەگیرێن بەپێی داگرتنیان جیاوازیان هەیە نزیکەی (٢٠-٧٠) کگمە بۆ یەك فەردە.



وێنەی(٢٢-١) بەشی تێکردنەوە

تەرازووی تووتنی پوختەکراو لە کارگەی پوختەکردن

فەردە تووتنەکان وشکن و لەکاتی هەڵگرتنیاندا زیاتروشکدەبنەوە لەوانەیە ئەو شێیەی لە تووتنەکەدایە لە نێوان( ٣٪-٨٪) بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت کارێکی باش بکرێت یان کەم بکرێتەوە وتووتنەکان ورد نەبن ونەشکێن پێویستە ئامێری شیٚ هەبێت بۆ ئەو مەبەستە .

تووتنی کوردستان تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کرداری بە شێکردنی ئەو تووتنانە بۆ ئەوەی پوختە بکرێن دەبێت بە دووجار یان دوو قۆناغ بێت .هەریەکەیان بۆخۆی سەربەخۆیە دەتوانێت لە کاتی پێویستدا یەکێکیان ئیشی پێ بکرێت. هەندێ لەو ئامێرانە بۆ ساردکردنەوەیە بۆ قۆناغی دووەم ئامادەکراوە بۆ ووشککردنەوەی تووتنی شێدار بەکاردێت. چونکە کاتی واهەیە هەندێ فەردەی ناوچە شاخاویەکان کە لە جوتیاران وەرگیراوە شێی زۆریان تێدایە .

**ئامێرەکانی شێ ٦**

ئامێری شێ لە شێوەی حەوزێکدایە بە پلێتی ئەلەمنیۆم داپۆشراوە و ڕێگرە بۆ گەرما . لە هەردوولای ئامێرەکەدا پشتێنێك هەیە هاتوچۆ دەکات دانراوە کە لە پلێتی کانزایی دروست کراوە و کونکون کراوە لە نزیك ئامێرەکەوە ئەو شتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ئامێرەکەوە دانراون و بەستراون وەکو (چڕکەرەوەی هەوایی) گەرم کەرەوە و پێکهاتەی گەیەنەریی هەوایی کە چەند سەرقاپێکی پێوەیە پەیوەندیان هەیە بە گۆڕان و گەڕانەوەی هەواوە.







وێنەی(٢٣-١)چەمبەری پوختەکردنی تووتن لەکارگەی پوختەکردندا

تووتنەکان دەخرێنە ناو ئامێری شێوە بە ڕیز دادەنرێن, ئەو شوێنانەی کە بە بۆشی دەمێنێتەوە لەناو ئامێرەکەدا بەهۆی چەند شریتێکی پلاستیکی پڕ دەکرێتەوە . باشترین ڕێگا بۆ شێکردن ئەوەیە کە هەوای شێدار هاتوچۆ بکات بە ناو فەردەکاندا.دەستبگیرێت بەسەر پلەی گەرما و شێ و هەوەها بڕی هەوای شێدار بە پێی پێویست لەبەر ئەوەی تووتنی ڕوژهەلاّتی تایبەتمەندی خۆی هەیە وا بەباشزانراوە کە کرداری بە شێ بوون بۆ تووتنی ووشك بە دوو جار بکرێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ پوختەکردن :-



وێنەی(٢٤-١)ژمارەیەك جەمبەری پوختەکردنی تووتن

– قۆناغی یەکەم : بە شێکردنی ئەوفەردانەی کە داخراون و شێیان لەنێوان ٦٪ – ١٠٪ یە .

– قۆناغی دووەم : بە شێکردنی کۆتایی بۆ ئەو فەردانەی کە کراوەن یان گەڵاکانیان لەدارەکان دەرهاتون و لێکجیاکراونەتەوە وشێیان لەنێوان ( ١١٪– ١٢٪ ) یە تێدایە وبگەینرێتە شێیەکی باشتر نزیکەی (١٥٪) . باشترین ڕێگا بۆ بە شێکردنی فەردە تووتن بردنی تەوژمی هەوای جولاوە کە شێ و پلەی گەرمی دیاریکراوی خۆی هەبێت بە پێی پێویست (بەرزترین پلە ٤٢ پلەی سەدییە ) بۆ ماوەیەك بە ناو تووتنەکەدا دەبرێت هەندێ لە شێی هەواکە وەردەگرێت.

**دیزاینکردنی ئامێری شێ وابێت لە دوولاوە سوودی هەبێت باشترە :-**

١- هەندێك هەوا لە هۆڵی پوختەکردنی تووتن ڕادەکیشرێت ودەکرێتە ناو ئامێرێکەوە ودەسوڕێنرێتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام .

٢- لە کاتێکدا تووتنەکە بۆنێکی ناخۆشی هەبێت هەوای پاك لە دەرەوە ڕادەکێشرێت بۆ ناو ئامێرەکە وهاتوچۆی پێ دەکرێت بۆ ئەوەی بەناو تووتنەکاندا بڕوات و ئەو بۆنە نەهێڵێت.دەبێت ڕێژەی شێ لە نێوان ١٢-١٤٪ بێت.







وێنەی(٢٥-١)مێزی جیاکردنەوەی گەڵا تووتنەکان

چەند مێزێك لە نێوان ئامێری شێدایە و فەردەکانیان لە سەر دادەنرێت و دوای ئەوەی دەکرێنەوە دارەکانیان لێ دەرئەهێنرێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ شێکردن لە قۆناغی دووەمدا .(هەرچەندە وەرگرتنی تووتنی دارك قەدەغەیە وەربگیرێت).



وێنەی(٢٦-١)جەمبەرێکی پوختەکردنی تووتن بەکراوەیی

بۆ ماوەیەك تەوژمی هەوا کە هەندێك شێ وپلەی گەرمی تێدابێت بەناو تووتنەکەدا دەبرێت کە ئامادەکراوە بۆ شێکردن .

گەلاَکان هەندێك شێ وەردەگرن لە شێی هەواکە .لەم قۆناغە کاریگەرەدا شێ بەرز دەبێتەوە بەلاَم مەرج نیە لە هەموو گەلاَکاندا وەك یەك بن . بۆ قۆناغی یەکسانبوون هەندێك هەوا ڕادەکێشرێت و دەبرێت بەناو تووتنەکاندا بەشێوەیەکی سوڕانەوەی داخراو بەم شێوەیە کرداری شێی هەوا کورتدەکرێتەوە یاخود دەوەستێنرێت.ئەو شێیەی کە لە تەوژمی ئەو هەوایەدا هەیە هاتوچۆ ئەکات ولەناوەوە شێی تووتنەکە یەکساندەکات.

**جێگیرکردنی شێ وەرگرتن ٦**

ڕێژەی شێی سەرەتای لە تووتندا کە لەقۆناغی یەکەمی شێکردندا چارەسەر دەکرێت لە نێوان ٦٪ - ١٢٪ دایە . ئەو تووتنانەی شێیان لە ١٢٪ کەمترە پێویستە شێیان بدرێتێ وبگاتە ١٢٪ لە عەمبارەکاندا .دەبێت لە نێوان ١٢-١٤٪ بێت.

دەبێت تەصمیمی ئامێرەکان وابن لە کاتی پێویستدا هەلْمژینی شێی تووتن بگاتە (١٦٪ - ١٨٪) .پاش شێدان.



وێنەی(٢٧-١)گوێزەرەوەی هەزازی گەلاَی تووتن





لە سیستەمی وشککردنەوەدا تەنها گەرمکەر و پانکە بەکار دێت لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە هەوا دەچێتە ناو ئامێرەکەوە بە پێی جۆری تووتنەکە هێماکانی هەواکە دەگۆڕێت بە مەرجێك شێی ڕێژەیی نزم بێت لە خوار ٤٠٪ وە وپلەی گەرمی نزیکەی (٥٢پلە) بێت .ئەمە بۆ ئەو تووتنانەی کەجۆرەکەیان بەرزە وکراوەن.

بەلاَم ئەو تووتنانەی کە جۆرەکەیان باش نیە یاخود نزمە پلەی گەرمی نزیکەی (٦٠م ) دەبێت. ئەم حاڵەتەش بە ڕێکخستنی پلەی گەرمی گەرمکەرەکان دروستدەبێت.

ئەم کردارە چەند درێژە بکێشێ پشتدەبەستێتە سەر شێی تووتنەکە و بۆنی مەواد تێیدا و چڕی فەردەکان. دوای ئەوە پێویستە ساردبکرێتەوە.

لەسیستەمی شێدا گەرمکەرەکان دادەخرێن. هەلْم بەکاردەهێنرێت وهەموو پانکەکانی هەواگۆڕکێ ئیشیان پێدەکرێت . بە هۆی ئەو گەرمیەوە کە لە ئەنجامی هەلْمژینی هەلْمی ئاو دروستدەبن.



وێنەی(٢٨-١) گوێزەرەوەی گەلاَی تووتن

شێی ڕێژەیی هەوا جێگیر دەبێت کورترین کاتێك پلەی گەرمی (٥٥م) دەبێت. بۆ ئەوەی لە زستاندا شێی فەردەکان زۆر نەبێت باشتروایە ئامێرەکان لە کاتێکدا ئیشی پێ بکرێت کە شێی ڕێژەیی هەوا لەخوار ٨٠٪ بێت وە پلەی گەرمی (٤٠م) . دوایی بە شێکردنی فەردەکان ساردەکرێنەوە و بەهۆی هەوای دەرەوە بۆپلەی گەرمی (٣٠م) . باشتر وایە تووتنەکان بە نایلۆن دابپۆشرێت بۆ ئەوەی ڕووی دەرەوەی گەڵاکان بە خێرایی ووشکنەبێتەوە.

**نەخۆشییەکانی گەنجینە ٣**

بۆ ئەوەی تووتن دووربخرێتەوە لەو نەخۆشیانە کە لە گەنجینەدا توشی دەبێت و بە پاکی بخرێتە کارگەی پوختەکردنەوە بۆ پوختەکردنی پێویستە ئەو گەنجینانەی تووتنیان تێداهەڵدەگیرێت پاکژبکرێنەوە , چونکە تووتن یەکێکە لەو ڕووەکانەی هەرلە چاندنیەوە تاوەکو پوختەکردنی وکردنی بە جگەرە توشی چەند نەخۆشیەك دەبێت . ئەوەی ئێمە مەبەستمانە نەخۆشی گەنجینەیە ، بۆ ئەمەش پێویستە پێش کڕینەوەی تووتن لە جوتیاران لەلایەن دەزگاکانەوە هەموو گەنجینەکان پاکبکرێنەوە و پاکژبکرێنەوە. هەروەها ئەگەر گومانکرا لە سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیانە پێویستە دوای دانانی تووتن تیایاندا هەر پاکژ بکرێت. لێرەدا باسی یەکێك لەو مێروانە دەکەین کە توشی تووتن دەبێت ودەبێتە هۆی خەسارەت و





تێکچونی گەڵاکانی . ئەو مێروەش پێی دەوترێت لازیۆدێرما (Lasioderma) لە شێوەی کێچدایە و زۆر بڵاوە لەو وولاتانەی کە ئاووهەوایان گەرمە (٢٧ —٣٠م)ە،




وێنەی(٢٩-١) مێروی لازیۆدێرما

ئەمەش گرنگیەکی گەورەی هەیە چونکە توانای زۆرە بۆ خراپکردنی تووتن و خەسارەت . ئەم مێروە لە هاویندا دەردەکەوێت و زۆر زەرەر لە تووتن دەدات لە لایەن (یەرەقەکانەوە) . تووتنەکە کونکون دەکات لە شێوەی کە ناڵێکی پێچاوپێچدا وپیسی دەکات بە هۆی هەندێ پاشەڕۆوە کەدەریدەدات ئەگەر لە کارگەی جگەرەدا بڵاوببێتەوە لەوانەیە هەموو بەرهەمی جگەرە خراپ بکات و فڕێ بدرێت . درێژی ئەم مێروە (٢ — ٢,٥ ) ملمە ڕەنگی مەیلە و سورە ٣ تا ٤ حەفتە دەژی . بەتایبەتی لە شوێنی تاریکدا گەرا دادەنێت و زۆر وورده لەسەر گەڵاکان دوای ٦ تا ٧ ڕۆژ هەڵدێن ودەبن بە مێروو .

لەناوبردنی ئەم مێروە بە هۆی چەند مەوادێکی کیمیاویەوە دەبێت کە تووتنەکان و گەنجینەکانی پێ پاکژدەکرێتەوە. یەکێ لەو مادانە پێیدەوترێت (فوستوکسین) (phostoxin) ئەم مادەیە لە شێوەی حەب دایە لە فۆسفیدی ئەلەمنیۆم پێکهاتوە و زوو بە گەرما خاو دەبێتەوە ( تحلل) لە ژێر کاریگەری شێی هەوادا.

لەمەوە فۆسفۆریدی هایدرۆجین پەیدادەبێت . هەتاوەکو پلەی گەرما بەرزبێت ئەم مادەیە زووتر خاودەبێتەوە بۆنمونە لە پلەی‌گەرمای ٢٠ م لە ماوەی سێ ڕۆژدا خاو دەبێتەوە ودەبێتەهۆی لەناوبردنی هەموو مێروەکان کە لەسەر تووتنەکانن. ڕێژەی بەکارهێنانی (١٢ – ١٥) حەب بۆ یەك تەن تووتن دادەنرێت.ئەم حەبانە بە شێوەیەکی یەکسان لەسەر فەردەکان دادەنرێت .لەبەر ئەوەی فۆسفۆریدی هایدروجین لە هەوا قورسترە پێویستە هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بە باشی دابخرێن و بە نایلۆن (پۆلی اثیلین) هەموو درزو کونەکان بگیرێن دوای ئەوە حەبەکان دابنرێن.

تووتن کاڵایەکی کشتوکاڵ و پیشەسازی گرنگە و پێگەی تایبەتی هەیە بەدابینکردنی پارەی قورس بۆ وولاتی بەرهەم هێنەر دەتوانێ جێگەی شیاوی خۆی بکاتەوە. بەهۆی بوونی زیاتر لە ١ ملیار جگەرەکێش لە جیهاندا.٦





تووتن کاڵایەکی ئیستیوائیە و چاندن و بەرهەمهێنانی لە نێوان پلەی/ هێڵی پانی ٤٠–٥٠ و لە ٩٠٪ ی سەروو هێڵی ئیستیوائیە, واتە ئەو ناوچانەی تیشکی ڕۆژی تیادایە و پلەی گەرماش لە نێوان ٢٧–٤٠ پلەی سەدیەوە بێت, تووتنی ئەم ناوچانە بۆندار و بەتام و گونجاوە بۆ کێشان لەناوچە مام ناوەندیەکان,واتە بەرزترن لە ڕووی دەریاوە بە ٥٥٠ –١٢٠٠ مەتر و ناوچەیەکی فێنکن.

- سەبارەت بەبارودۆخی تووتن لەکوردستاندا و بەرهەمهێنانی تووتن لەکوردستاندا(بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٨) ڕێژەی ١,٣٪ی هەموو تووتنی ڕۆژهەڵاتیی کە لەجیهاندا بەرهەم دێت پێکدەهێنێت.

تووتن لەو زەویانەدا دەچێنرێت کە بەرزایی لە ئاستی دەریاوە ٥٥٠ –١٢٠٠مەترە و ڕێژەی لە ٣ر٨٩٪ی لەشاری سلێمانی دێتە بەرهەم وە لە ٨ر٩٪ لە هەولێر و تەنها ٨ر٠٪ لەناوچەی دهۆك و ڕێژەی ٠١ر٠٪ لە کەرکوك/ ئاغجەلەر دێتە بەرهەم.

گەورەترین ڕوبەری چاندنی تووتن لەکوردستاندا لەساڵی ١٩٨٥دا بوو کە ٨٨,٩٤ دۆنم بوو , بەرهەمەکەشی ١٧٢٢١٣٩٤ تەن بوو کە ١٩,٦٩١ جووتیار بەشداربوون لەپرۆسەی ئەم بەرهەمهێنانەدا. بەڵام کەمترین ڕووبەری چاندن لە ساڵی ١٩٩٠ دابوو دوای کارەساتی ئەنفالە بەدناوەکان کە لەلایەن ڕژێمی فاشی بەغداوە جێبەجێکرا دژ بە گەلەکەمان ,ئەوە بوو تەنها

ڕووبەری ١٩,١٦٥ دۆنم کرا بەتووتن و بەرهەمی ئەوساڵە ٢٦٣٤٧٤٦ کگم بوو کە ٤٩٠٩ جووتیار بەرهەمیان هێنابوو.

وەك ئاشکرایە کارگەکانی جگەرەی عێراق ٢٥ ملیۆن کیلۆ تووتنی پێویستە لە ڕۆژهەلاّتیی و فەرجینی و کارگەکانی کوردستانیش (هەولێر و سلێمانی) ١٤-١٥ ملیۆن کیلۆ تووتنی پێویستە بە پێی توانای تەصمیمی(الطاقة التصميمية) ,لەساڵی ١٩٨٩دا توانیان بەهەردوو کارگەکە ٧٢ ملیۆن گلۆز جگەرە دەربکەن, لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر بێتو بتوانین بەرهەمی ساڵی ١٩٨٥ لە تووتن بەرهەم بێنین ئەوا لەکوردستاندا لەداهاتوویەکی نزیکدا دەتوانین بەئاسانی تووتنی کارگەکانی جگەرەی کوردستان دابین بکەین و ٣-٤ ملیۆن کیلۆ تووتنیش زیاد ئەبێت لە پێویستی ناوخۆ, کە دەتوانرێت بفرۆشرێت وەیا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت لە بازاڕەکانی دەرەوەی کوردستاندا.

### ❖ جوگرافیای تووتن لە کوردستاندا ٢

لەو جێگەیەی کە سنوری هەرسێ وڵاتی عێراق و تورکیاو سوریا بەیەك دەگەن . کێڵگە و جوگرافیای تووتن لە ڕووباری خابورەوە دەستپێدەکات بەرەو زاخۆ و دهۆك وئەترۆش و شێخان و عەقرە و باتاس وحەریر وشەقڵاوا و کۆیە و ئاغجەلەر و دەربەندی بازیان و قەرداغ و دەربەندیخان تا دەگاتە هەڵەبجە و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بە سنووری ئێران و تورکیادا تا دەچێتەوە ڕووباری خابوور. ئەم سنورە جوگرافیایە خاك و





زەوی گونجاون بۆ چاندن و کشتوکاڵکردنی تووتن و خەمڵێنراوە بە ٦٠ هەزار دۆنم زەوی بەمەرجێك یەك دۆنم ٢٠٠ کیلۆ تووتنی تیادا بێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەم سنورە جوگرافیایە دەکرێتە ٣ ناوچەوە لەسەر بنەمای چاك و خراپی جۆری تووتنەکەیان:



وێنەی(٣٠-١) جوگرافیای ڕووەکی تووتن لە عێراقدا ٥




وێنەی(٣١-١) جوگرافیای ڕووەکی تووتن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا
٥





١. لە شێروانی مەزنەوە بەرەو عەقرە ڕاستبڕۆین بۆ لای ڕۆژئاوای ,تووتنی ئەم ناوچەیە دانراوە بە پلەی دووەم.

٢. لای ڕۆژهەلاّتی ئەم ناوچانە تا دەگاتە نێوانی کۆیە و ڕانیە و سەنگەسەر و قەلاّدزێ و مەرگە و ماوەت و چوارتا و کانی هەرمێ کە نزیك دەبێتەوە لە سنوری ئێران, ئەم بەشەش دانراوە بە چاکترین جێگای بەرهەمهێنانی تووتن.

٣. لەڕۆژهەلاّتی ئەم ناوچانەشەوە ئەو زەوی وزارانەی کە دەمێنێتەوە, تووتنەکەیان دانراوە بە پلەی دووەم.بەلاّم لەم بەشەدا دوو ناوچە جیادەکرێتەوە کە جۆری تووتنەکەیان لە باشیدا پلەی سێیەمیان پێدراوە . پێش ئەوەی بکەونە ژێر هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە.ئەو دووناوچەیەش:

❖ ناوچەی بیتوێن, کە دەکەوێتە خوار سەنگەسەرەوە و کەوتۆتە ناو سنوری دووئاوان و ڕێگای ڕانیە و کۆیە, کەتووتنەکەیان پلەی سێیەمە.

❖ ناوچەی شارەزوور, کە لە عەربەتەوە دەستپێدەکات بۆ سەیدصادق و بەڕێگا کۆنەکەی خورمالّدا و لەوێوە بۆ هەلّەبجەی شەهید و چەمی هەلّەبجە و بۆ دووئاوان و لەوێشەوە دەپەڕێتەوە بۆ ڕێگای دەربەندیخان و جارێکی تریش بۆ عەربەت.٣

❖ **ئەو جێگایانەی کە لەساڵی ١٩٥٩دا تووتنیان تیادا کراوە ئەمانە بوون وەك لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت: ٣**

**خشتەی ژمارە (١-١)**

| ز | ناوچە | دۆنم | کیلۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | سورداش | ٢٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠ |
| ٢ | قەرەداغ | ١٧٠٠ | ٣٤٠٠٠٠ |
| ٣ | سەرچنار | ١٢٥٠ | ٣٥٠٠٠٠ |
| ٤ | تانجەرۆ | ١٢٥٠ | ٣٥٠٠٠٠ |
| ٥ | بازیان | ١١١٥ | ٢٢٣٠٠٠ |
| ٦ | چوارتاو سیوەیل | ٣٣٢٠ | ٦٦٤٠٠٠ |
| ٧ | سرۆچك | ٩٠٠ | ١٨٠٠٠٠ |
| ٨ | ماوەت | ٢٢٢٠ | ٤٤٤٠٠٠ |
| ٩ | هەڵەبجە | ٢٠٥٠ | ٤١٠٠٠٠ |
| ١٠ | خورماڵ وسیدصادق | ١١٢٠ | ٢٢٤٠٠٠ |
| ١١ | وارماوا | ٤٢٠ | ٨٤٠٠٠ |
| ١٢ | پێنجوێن | ١٢٥٠ | ٢٥٠٠٠٠ |
| ١٣ | قەڵادزێ وبنگرد | ٥٢٥٠ | ١٠٥٠٠٠ |
| ١٤ | ڕانیە | ٤٥٠٠ | ٩٠٠٠٠٠ |
| ١٥ | ئاغجەلەر | ٣٧٠ | ٧٤٠٠٠ |
| ١٦ | کۆیە | ٢١٠٠ | ٤٢٠٠٠٠ |
| ١٧ | ڕەواندز و زێبار | ٢٥٧٠ | ٥٥٠٠٠٠ |
| ١٨ | شەقلاوا و حەریر و باتاس | ١٥٠٠ | ٣٠٠٠٠٠ |
| ١٩ | دهۆك و ئەتروش | ٥٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |
| ٢٠ | ئامێدی | ٧٠٠ | ١٤٠٠٠٠ |
| ٢١ | زاخۆ و سندی و گەلی | ١٥٠ | ٣٠٠٠٠ |
| ٢٢ | ئاکرێ | ٥٠ | ١٠٠٠٠ |
| کۆ | | ٣٦٤٦٥ | ٧٢٩٣٠٠٠ |





**گرنگی تووتن لە ئابوری کوردستان و عێراقدا..٦**

بۆ زیاتر دەرخستنی گرنگی تووتن و پیشەسازی تووتن لەکوردستاندا و سەرانسەری عێراقدا و کاریگەری ئەم بەرهەمە لەسەر باری ئابوری , چەند خاڵێك وەك نموونە دەخەینە پێش چاو:-

١- پیشەسازی تووتن ساڵانە بڕی ٦٥ ملیۆن دینار داهاتی هەبووە بۆ حکومەتی عێراقی بە پێی ئەو نرخەی جاران کەنرخی ١ گڵۆص جگەرە ٢,٠٠٠ دینار بوە و لە ئێستادا ٣٥-٤٠ دینارە واتە(١٠ جار زیاترە) . ژمارەی ئەو فەرمانبەر و کرێکارانەی کەکاریان کردووە لەپیشەسازی تووتندا ٣٦٤٩ فەرمانبەر بوون لەسەر ئاستی عێراق و ٢٥٠ فەرمانبەر لەسەر ئاستی کوردستان.

٢- پیشەسازی جگەرە لەعێراقدا پێویستی بە ٢٥ هەزار تەن لەتووتن هەیە و لەساڵی ١٩٨٨دا بایی ١٠٧ ملیۆن دۆلار تووتن هێنراوەتە ناو عێراقەوە.٣



وێنەی(٣٢-١) دەروازەی کارگەی جگەرەی ئێستا ٢٠١٣

٣- بەرهەمی عێراق لەجگەرە گەیشتۆتە ١٠٨,٩٨٠ ملیۆن گڵۆص جگەرە لەساڵی ١٩٨٩دا بەگوێرەی( توانای تصمیمی) کە دەبێت سلێمانی ٢٦,٥٦٠ ملیۆن گڵۆص و هەولێر ٤٥،٣٦٠ ملیۆن گڵۆص و بەغداد ٣٧,٠٦٠ ملیۆن گڵۆص جگەرەیان بەرهەم هێنابێت. واتە ئەگەر بێت و کارگەی جگەرەی هەولێر و سلێمانی بخرێتەوە کار ئەوا نزیکەی ٧٢ ملیۆن گڵۆص جگەرە بەرهەم دەهێنن و خۆ ئەگەر بەنرخی ٢٠ دینار بۆ ١ گڵۆص بفرۆشرێت ئەوا ١ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دینار داهات دەستدەکەوێت وئەگەر وای دابنێین ١ ملیار دیناریش بچێتە خەرجی بەرهەمهێنانەوە ئەوا هێشتا ٤٠٠ ملیۆن دینار





دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوەك بنەمایەکی ئابووری دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.٣

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی قازانجی جگەرە لە (( ساڵی ١٩٩٣ )) هەندێ لەو کەرەسانەی کە گەیشتنە کارگەکانی جگەرەی کوردستان لەهەولێر و سلێمانی بەهەوڵ و کۆششی هەندێ کەسانی دڵسۆز بە کوردستان کارگەکانی جگەرەی سلێمانی کە لەوەوپێش مووچەی قەرز کردبوو لەکارگەکانی چیمەنتۆ ,بەڵام لەداهاتی ئەو برە بەرهەمەی کە بەرهەمی هێنا بەو کەرەسانە کە تەنها بەشی ئیشکردنی ٤٠ ڕۆژ بوو بە توانای ١/١٠ ی بەرهەم هێنانی ئاسایی واتە ئەگەر بە وزەی تەواو ئیشی بکردبایە بەشی تەنها ٤ ڕۆژی دەکرد.بەم برە کەمە توانرا هەرسێ موچەکە و لەدوای ئەوەش ١٤ موچەی تری لێ بدرێت و بەشی ١٠ موچەی فەرمانبەرانی ئەم کارگەیەی کرد کە ئەو کاتە زیاتر لە ١٧٥٠ کارمەندی هەبوو .

٤- باجی سەپێنراو بەسەر جگەرە و بەرهەم هێنانیدا بەم شێوەیە بووە:-٦

خشتەی ژمارە(٢-١)

| ساڵ | ملیۆن دینار |
| --- | --- |
| ١٩٨٧ | ٩٣,٦٠٥,٣٨٨ |
| ١٩٨٨ | ١٥٨,٢٧٤,٨٨٦ |
| ١٩٨٩ | ٣٦٠,٦٠٠,٢١٧ |

- **بەکورتی دەتوانرێت گرنگی تووتن بۆ ئابوری کوردستان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دیاربیکەین: ٦**

١. پێشەنگی هەموو کاڵایەك بوو لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. بەشداریکردن لە نەهێشتنی قاتوقڕی هاوڵاتیان دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هاوکاری گەلی کوردی کردووە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا.

٣. بەشداریکردن بە دابینکردنی کار بۆ دانیشتوانی جووتیارانی ( ١٧٥١ ))گوند,جگە لە بازرگانی و بوونی هەلی کار بۆ کارگەکانی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندن و دوکاندار و دەستگێڕ و ...هتد.

٤. بەشداریکردن لە هاوکاری هەموو شۆڕشە یەك لەدوایەکەکانی هەرێمی کوردستاندا.

٥. کۆی داهاتی جگەرە بۆ ساڵی ١٩٨٨ تەنها ١٥٨٢٧٤٨٨٦ ملیۆن دینار بووە.

٦. کۆی سلفەی پێدراو بە جووتیارانی تووتنەوان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥-١٩٦١ بڕی ٥٢٧١٥١٧٥٠ دینار بووە, وەك دەستگیریەك و هاوکاری جووتیاران.

٧. عێراق ئەندامی ڕێکخراوی کورستا بوو کە لە ١٩٥٦/٩/١ دا دامەزراوە و بارەگاکەی لە شاری پاریسی فەڕەنسادا بوە.کە هەڵدەستا بە ئامادەکردنی پلان بۆ پێشخستن و لێکۆڵینەوەی زانستی نوێی تووتن.٦





- **خەسڵەت و سیفاتەکانی تووتنی هەرێمی کوردستان ( ڕۆژهەلاتی ): ٣**

١. بوونی شەکر لەنێوان ٧-٢٥٪یە.

٢. نیکۆتین لە نێوان ٦ر٠ -٦ر١

٣. نایترۆجین لە نێوان ٣ر١ -٥ر١

٤. Ph لە نێوان ٣ر٥-٦ر٥٪

٥. ڕەنگێکی زۆر جوان و زەردباو یان سوورباوێکی کاڵی یان تێری هەیە.

٦. چێژ و تامێکی زۆر خۆش و ئاوداری هەیە.

٧. هەندێ تووتنمان هەیە بۆنداری پێدەڵێن خۆی لە خۆیدا بۆنوبەرامەیەکی ( سروشتی) هەیە.کوردستان هەرچۆن بە سامانی سروشتی و کانزاییەکانی وەکو نەوت و گازی سروشتی و زێڕ و زیو و ئاسن و مس دەوڵەمەندە, ئاوهاش خاوەنی (ئاڵتوی سەوزە))کە ئەویش تووتنە.

- **ڕێژەی بەرهەمهێنانی دەرەجەکانی تووتن:**

١. هەرەباش ( مومتاز) ٩ر١٪




وێنەی(٣٣-١)) نمونەی گەڵایەکی تووتنی دەرەجە مومتاز

٢. یەکەم ٩ر٣٥٪

٣. دووەم ٣ر٤٥٪

٤. سێیەم ٥ر١٥٪

٥. چوارەم ٦ر١٪

یەکێك لە گرنگترین خەسڵەتەکانی تووتنی کوردستان ئەوەیە کە ڕێژەی کلۆر تیایدا کەمە.٣

- **ڕێژەی بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا:**

١. ڕێژەی بەرهەمی تووتن لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ = ١١٧٥٦٠٠٠کگم

٢. ڕێژەی بەرهەمی تووتن لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٨٠ = ٨٥٨٦٠٠٠ کگم





٣. ڕێژەی بەرهەم تووتن لە ساڵانی ١٩٨١ -١٩٩٠ = ٩٤٥٧٠٠٠ کگم

❖ **بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی تووتن لە پێش سەردەمی کۆماریدا:**

لەساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ و ١٩٤٦دا بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی تووتن تۆمارکراوە لە کوردستانی عێراقدا, کە توانراوە ساڵانە بڕی ١١٠-١١٥ هەزار باڵە-تا تووتن بەرهەمبهێنرێت, خۆ ئەگەر هەر تایەك بڕی ٦٥-٧٠ کیلۆ تووتنی تیادا بێت ئەوا لە ساڵێکدا گەیشتۆتە ٥ر٧-٥ر٨ ملیۆن کیلۆ تووتن.ئەمە لەکاتێکدا کە بڕیار وابوە بۆ هەر ١ دۆنم زەوی بڕی ٢٠٠ کیلۆ تووتن فەحص بکرێت.ئەم بڕەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و لە ساڵی ١٩٥٥دا بڕیار درا کە بۆ هەر دۆنمێك بڕی ٣٠٠ کیلۆ تووتن فەحص بکرێت.٣

- **بەرزترین و نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانی تووتن لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا:**
- بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی تووتن لە ساڵی ١٩٨٦دا بوو کە بڕەکەی بریتی بوو لە ١٨٥٢٠٠٥٥ کگم.
- نزمترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی تووتنیش لە ساڵی ١٩٧٤دا بوو کە بریتی بوو لە ١٢٥٤٠٠٠کگم

- لەدوای ساڵی ١٩٩١یشەوە تەنها (٦) جار تووتن وەرگیراوە لە جووتیاران لەلایەن حکومەتەوە و (( ١ )) جاریش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە. و دوای ٣٠/١٠/٢٠٠٥وە کاری تووتن وەرگرتن ئەنجام نەدراوە.
- **ئەو وڵاتانەی کە بەناوبانگن لە جیهاندا بە بەرهەمهێنانی تووتن : ٣**

١. **ڕۆدیسیا و نیاسالاند :**

ئاو وهەوای ئەم وڵاتە زۆر باشە بۆ تووتن و لە وڵاتە مەداریەکانە و لەسەر شێوەی تازە تووتن بەخێو دەکەن. ئەو زەویوزارانەی کەلەم وڵاتەدا بۆ تووتن تەرخانکراوە و ئەو جۆرە تووتنانەی کە لێرەدا دەکرێت ئەمانەن: ٢٨٠٠٠٠ دۆنم لە جۆری تووتنی فلو –کورێد دەکرێت و ئەم جۆرە تووتنەش دوو جۆرە:

١.BURLEY LIGHT-AIR-CURED

٢. MARYLAND LIGHT-AIR-CURED

بێجگە لەوانەش زۆر جۆری تری تووتن هەن کە بۆ ئاو و هەوای ئەو وڵاتە گونجاون و نزیکەی ٧٠ دۆنمی تر بۆ ئەم جۆرە تووتنانەی لای خوارەوە تەرخان کراون:

١. تووتنی جۆری تۆوی ئۆریانتال/ تووتنی ڕۆژهەڵاتی
٢. تووتنی سیمی ئۆریانتال/ تووتنی نیو ڕۆژهەڵاتی
٣. تووتنی دارک ئێر کورید/ تووتنی دارک فایر





٤. تووتنی دارک سەن کورید/ واتە بە تیشکی ڕۆژ وشک دەبێتەوە
٥. تووتنی لایت سەن کورید
٦. تووتنی فایر کورید

گەر تێبینی بکەین ئەوا کێڵگەی تووتن لەم وڵاتەدا خۆی دەدات لە ٣٥٠ هەزار دۆنم و لە ٩٥٪ زیاد لە پێویستی ناوخۆی تووتن دەفرۆشێت بەدەرەوەی وڵات.

٢.**یۆنان** : وڵاتێکە کە سروشتەکەی بە تایبەتی ئاو و هەواکەی زۆر گونجاوە بۆ چاندنی تووتنی زۆر باش و زیاد لە پێداویستی خۆی بە ڕێژەی ٨٠٪ تووتن دەفرۆشێت بەدەرەوەی وڵات.

٢٥٠٠٠٠ دۆنم بۆ جۆری تووتنی ئۆریانتاڵ و ٢٠٠٠٠٠ دۆنم بۆ تووتنی جۆری سیمی ئۆریانتاڵ تەرخانکراوە, هەردوو جۆرەکە بە پسپۆڕ و تەکنەلۆژیای تازە دێنە بەرهەم و بونەتە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر بۆ یۆنان.

٣.**تورکیا** : وڵاتێکی هەژارە و کۆڵەکەی ژیانی لەسەر تووتنە و هەندێ میوە و ئاژەڵە(( لەساڵی ١٩٥٩دا)), بەڵام ئاوو هەوایەکی باشی هەیە بۆ تووتن و لە ٦٠٪ زیاد لە پێویستی خۆی دەفرۆشێتە دەرەوەی وڵاتەکەی و نزیکەی ٥٢٠٠٠٠ دۆنم زەویوزاری تەرخانکردوە بۆ تووتن و زۆرترین تووتنیشی لە جۆری (( ئۆریانتاڵ و سیمی ئۆریانتاڵ))ە.

٤. **ئەمریکا** : لە ولآتە بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنەری تووتنە و هەموو جۆرە سامانێکی سروشتی زۆری تریشی تیادایە.زیاد لە پێویستی ناوخۆ بە ڕێژەی ٣٠٪ دەنێرێتە دەرەوەی ولآت .بەڕێژەی ١٠٪ هەموو جۆرە تۆوێکی تووتنیش لەدەرەوە دەکڕێت بەمەبەستی چاککردنی تۆوی تووتن.بەزۆری تووتنی ئەمریکا لەجۆری فلو-کۆریدە کە باشترین جۆرە بۆ کشتوکاڵی ناوچەی ڤرجینیا.

٩٠٠٠٠٠ دۆنم فلو-کۆرێد و ٥٠٠٠٠٠ دۆنم بۆ لایت ئایر کۆرید و ٢٥٠٠٠٠ دۆنم بۆ هەموو جۆرەکانی تووتنە.

٥. **بەرازیل** : ولآتێکی پانوپۆڕ و گەورەیە و ئاووهەوایەکی سارد و گەرمی زۆری تیادایە و کشتوکاڵی تووتن تیایدا زۆرە و نزیکەی ٧٠٠٠٠ دۆنم زەوی بۆ جۆری تووتنی فلو-کۆرید بەکاردەهێنن و ٦٠٠٠٠٠ دۆنم بۆ جۆری تووتنی لایت ئایر کۆرێد و نزیکەی ١٠٠٠٠ دۆنم زەوی بۆ جۆری تر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی ٢٠٪ زیاد لە پێویستی خۆی هەناردە دەکاتە دەرەوەی وولآت.

٦. **هندستان** : ولآتێکی گەورەیە و جێگای هەموو جۆرە کشتوکاڵێکی تیادا دەبێتەوە, تووتن تیایدا لە زەوییوزارەکانی نزیك کەنارەکانی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا و باشوریدا دەچێنرێت. نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ دۆنم بۆ تووتنی جۆری فلوکۆرید و لە یەك ملیۆن دۆنم زیاتریش بۆ هەموو جۆرەکانی تری تووتن





بەکاردەهێنن. ڕێژەی ١٦٪ زیاد لە پێداویستی ناوخۆی هەناردە دەکاتە دەرەوەی ولآت.و ١٪ تووتن دەکڕێت بۆ ناوخۆ بەمەبەستی چاککردنی جۆری تووتن. تووتنی جۆری ڕۆستیکای هندی بەکاردەهێنرێت بۆ جگەرەی چروت چونکە گەلآکانی گەورە و ئەستوورە.

٧. **چین** : لەبەرئەوەی ئەم ولآتە زۆر گەورە و پانوپۆڕ و شاخ و دەشت و دۆڵی زۆری تیادایە, بەو هۆیەشەوە ئاو و هەوای سارد و گەرمی زۆری تیادایە, دانیشتوانی ئەم ولآتەش هەر ناوچەیە بە جۆرێك کشتوکاڵ و کاروکاسبییەوە خەریکن. هەربۆیە دانیشتوانی ڕۆژهەلآت و ڕۆژهەلآتی خوارووی چین بە کشتوکاڵی تووتنەوە خەریکن و زیاد لە پێداویستی ناوخۆ بەڕێژەی ١١٪ دەفرۆشنە دەرەوەی وولآت و ٣٪ ی تۆوی تووتن دەکڕن بۆ چاککردنی جۆری تۆوی تووتن. و بەزۆریش جۆری تووتنی فلو-کۆرێد بەرهەم دەهێنن کە نزیکەی ٦٢٠-٦٤٠ هەزار دۆنم زەویان بۆ تەرخانکردووە .ڕووبەری ١٢٥٠٠٠٠ دۆنمیش بۆ بەرهەمهێنانی جۆرەکانی تووتن تەرخانکراوە لە جۆری ئۆریانتاڵ و سیمی ئۆریانتاڵ و لایت ئایر کورید.

٨. **یەکێتی سۆڤێتی جاران**: لەم ولآتەدا کێڵگە و کشتوکاڵی تووتن زۆرە و زیاد لە پێویستی ناوخۆی خۆی بە ڕێژەی ١٢٪ دەنێرێتە دەرەوەی ولآت. و ١٣ر٠٪ لە تووتن دێنێتە ناو ولآتەوە بەمەبەستی چاککردنی تۆوی تووتن.نزیکەی ڕووبەری

٤٥٠٠٠٠ دۆنم زەوی تەرخانکردوە بۆ جۆری تووتنی ئۆریانتاڵ و سیمی ئۆریانتاڵ و نزیکەی ٩٠٠٠٠ دۆنم بۆ جۆری تووتنی لایت ئایر کۆرید و نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ دۆنم بۆ هەموو جۆرەکانی تری تووتن تەرخانکردووە.تووتن لە ناوچەی قەفقاس و کەناری باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش و لە ئۆکرانیاش و زۆر جێگەی تریش لەو وڵاتەدا دەکرێت.

- **کۆمپانیا بەناوبانگەکانی تووتن لە جیهاندا لەساڵی ١٩٥٩دا** ٣

**١.لە ئەمریکا**

- AMERCA.TO.CO.
- RINOTS.TO.CO.
- LAIGET AND MAYER.TO.CO.

ئەم سێ کۆمپانیایە ڕێژەی ٨٠ر٠٪ی بازرگانی تووتنی ئەمریکایان لەدەستدایە.وجگە لەم کۆمپانیایانەش کۆمپانیای تریش هەن بەڵام بەهێندەی ئەمان بەناوبانگ نین.

**٢. کەنەدا**

گەورەترین کۆمپانیای تووتن لەکەنەدا ناوی کۆمپانیای EMPERIAL TO.CO. OF KANADA کە لە ٧٥ر٠ بازرگانی تووتنی کەنەدای لەدەستدایە.

**٣. بەریتانیا**

سێ کۆمپانیای گەورەی تووتن هەن لە بەریتانیا کە ئەوانیش بریتین لە :





- KARRIRAS TO.CO.LTD.
- BRITISH AMERIKAN.TO.CO.
- EMPERIAL.TO.CO.

**٤. فەڕەنسا**

لەم وڵاتەدا کاروباری تووتن بەشێوەی ئیدارەی ئینحصار دەڕوات بەڕێوە.

**٥. ئەڵمانیا**

کاروباری تووتن لەو وڵاتەشدا هەروەکو فەڕەنسا وایە و پێی دەوترێت AUSTRIA TABAK WEREK A.G

ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هەردوو وڵاتی فەڕەنسا و ئەڵمانیا دوو وڵاتی بەرهەمهێنی تووتن نین , تەنها ئەوەندە هەیە تووتن دەکڕن بۆ کارگەکانی جگەرەی خۆیان و لەم کارەش دەسکەوت و قازانجی گەورەیان دەستدەکەوێت.

- **ناردنە دەرەوەی تووتن بۆ دەرەوەی وولاٚت** ٣

بەمەبەستی ناردنە دەرەوەی تووتن بۆ دەرەوەی وڵات, پێویست دەکات پێشتر بەرنامە دانرابێت بۆ پێشخستن و باشترکردنی جۆری تووتنەکە, چونکە لە بازاڕی جیهانیدا تەنها ئەو کاڵایانە ساغ دەبنەوە و قازانج دەکەن و داواکاریان لەسەرە,کە لە جۆر و سیفاتەکانیاندا باشن و لەڕووی نرخیشەوە گونجاو بن, جا بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەرنامە هەبێت بۆ ڕێکخستنی سێ لایەن

کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر بەرهەم و بازاڕی تووتن ئەوانیش:

١. چاکردن و پێشخستنی ناوچەی کشتوکاڵی تووتن, کە بۆئەمەش پێویستە بیر لەم بابەتانە بکرێتەوە:
- ❖ کێڵگەی تووتن.
- ❖ پلەی تووتن.
- ❖ نرخی تووتن.
- ❖ هەڵبژاردنی تووتن.

٢. چاکردن و پێشخستنی ناوچەی پیشەسازی تووتن.

٣. چاکردنی ناوچەی بازرگانی تووتن.

هەربۆیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥وە دەستکرا بە ناردنی تووتنی پوختەکراو لە کارگەکانی پوختەکردنی تووتن لە سلێمانیەوە بۆ دەرەوەی وولاّت لە ولاّتانی میسر وئوردون و بەریتانیا و و یابان وفەڕەنسا.کە ئەمەش بوە هۆی سەرچاوەیەکی داهاتی زۆر بۆ ولاّت و هێنانە ناوەوەی دراوی قورس.

زۆرێك لە ولاّتان تووتنیان هێندە زۆرە کە زیاد لە پێویستی ناوخۆی خۆیانە, هەربۆیە کەوتونەتە ئەوەی کە بازرگانی دەرەکی پێوەبکەن و بینێرنە دەرەوەی ولاّتەکانیان , چونکە تووتنیش بازاڕێکی جیهانی هەیە وەکو شەکر و نەوت وزێڕ و ...هتد. و سەرچاوەیەکی گرنگ و گەورەی داهاتیشە بەدراوی





قورس.ئەم خشتەیەی لای خوارەوە هەندێ ولاّت پیشان دەدات کە چۆن تووتنی زیاد لە پێویستی خۆیان دەنێرنە دەرەوە:

خشتەی ژمارە(٣-١)

| ز | ولاّت | ڕێژەی تووتن٪ |
|---|---|---|
| ١ | ڕۆدیسیا ونیاسالاند | ٩٥ |
| ٢ | یۆنان | ٨٠ |
| ٣ | تورکیا | ٦٠ |
| ٤ | ئەمەریکا | ٣٠ |
| ٥ | بەڕازیل | ٢٠ |
| ٦ | هندستان | ١٦ |
| ٧ | یەکێتی سۆڤێتی جاران | ١٢ |
| ٨ | چین | ١١ |

- **فێرکەرانی تووتن لە هەرێمی کوردستان ٣**

ساڵی ١٩٣٥ بە سەرەتای هێنانی تۆوی تووتن دادەنرێت لە ولاّتانی تورکیا و یۆنان و یۆگۆسلافیا و بولگاریاوهێنانی چەندین شارەزای تووتن لە ڕێکخراوی فاو F.A.Oو هێنانی شارەزای بواری کشتوکاڵ و ترشاندن لە بولگاریا و یۆگوسلافیاوە و...هتد.و لەگەڵیشیدا هێنانی شارەزایان لەدەرەوەی ولاّت بۆ چەندین ساڵ بۆ فێرکردنی جووتیارانی کوردستان و لەهەمان کاتیشدا ناردنەدەرەوەی کادرانی بواری

کشتوکاڵی بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی خوێندن وڕاهێنان و فێرکردن و بینینی خولی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریان.

لەلایەکی تریشەوە ئەو هاوڵاتیە ئەرمەنیانەی کە وەك کۆچەر و ڕاگوێزراو لە تورکیاوە هاتبونە کوردستان و شارەزاییان هەبیوو لەبواری چاندن و کشتوکاڵکردنی تووتندا, ئەوانیش هۆکارێك بوون بۆ فێرکردنی جووتیارانی کورد.

بەڵام بەداخەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥وە حکومەت نەتووتنی وەرگرتوە و نە هانی جووتیارانیشی داوە بۆ چاندن وی تووتن وبەم شێوەیەش بڕوات ئەوا بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا بەرەو نەمان و لەبیرچونەوە دەچێت, لە کاتێکدا کە تووتن لەهەندێ وڵات بە (( ئاڵتوونی سەوز)) دەناسرێت و سەرچاوەیەکی سەرەکی و گەورەی داهاتە بۆ وڵاتەکانیان.

لەبەرواری ١٩٧٥/١١/٢٤دا بەبڕیاری ژمارە ١٣١١ کە لە (( مجلس تنظیم التجارة)) وە دەرچوو , بڕیاریاندا بە دابەشکردنی گەورەترین فەرمانگەی بەرهەمهێنەری تووتن لە کوردستان و بەمەش گەورەترین فەرمانگەی تایبەت بە سەرپەرشتیکردنی تووتن پوکایەو ونەما.





- **لیستێك بەناوی ئەو گوندانەی کە بۆیان هەبوو تووتن بەرهەمبهێنن لە ساڵی ١٩٨٦دا ٣**

**خشتەی ژمارە (٤-١)**

| ز | ناوچە | ژ.گوند | ژ. جووتیار | دیاریکراوکە بچێنرێت ڕووبەر/ دۆنم | چێنراو ڕووبەر/ دۆنم | ڕێژە٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ١٤٨٥ | ٢٩ر٥٠١ | ٥١٧٠٠ | ٦٨ر٢٣٩ | ٨٩ر٣ ٪ |
| ٢ | هەولێر | ١٦١ | – | ٨٩٠٠ | – | ٨ر٩٪ |
| ٣ | دهۆك | ٧٤ | – | ١٧٥٠ | – | ٨ر٠٪ |
| ٤ | کەرکوك/ ئاغجەلەر | ٣١ | – | ١١٠٠ | – | ٠١ر٠ ٪ |
| ٥ | کۆی گشتی | ١٧٥١ | – | ٦٤٥٥٠ | – | – |

❖ **کێشەکانی تووتن و چارەسەرکردنی : ٦**

کێشەکانی تووتن و چارەسەرکردنی کتوپڕی لەبواری بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆجیای تووتنەوە لەم چەند خاڵە گرنگەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١. وەرگرتنی تووتنی جوتیاران ساڵانە و بەگوێرەی مەرجەکانی کە بۆی دیاریکراوە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی دۆنمە ,واتە مۆڵەتی چاندن و گرنگیدان بەتووتنی فەرجینی بدرێت چونکە

ئارەزووی جگەرەکێشی جیهان بەتایبەتی بە ئاڕاستەی زیاتری بەکارهێنانی ئەم تووتنە دەچێت کە ئەویش بەدوو ڕێگا دەبێت:-

یەکەمیان،بڵاوکردنەوەی زیاتری تووتنی فەرجینی بەهۆی دابەشکردنی تۆوشەتڵەوە لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تووتنەوە.دووهەمیان، بەزیادکردنی نرخی تووتنی فەرجینی لەلای بەڕێوەبەرایەتی کارگەکانی جگەرەوە.

ئەوەی شایانی باسە لەساڵی ١٩٩٠وە تووتن لە جوتیاران وەرنەگیراوە بەهۆی ڕاوەستانی کارگەکانی جگەرە و پوختەکردنی تووتنەوە لەکار و ئەگەر بێتو ئەمساڵ کەباری کوردستان ئاساییە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەستپێکردوە، تووتن لە جوتیار وەرنەگیرێت دەبێتە هۆی نیگەرانی و کەم باوەڕی جووتیاران و پێمان وایە کە ئیتر بەرهەمی تووتن لەکوردستاندا تەواو کەم دەبێتەوە.ئەمەش زیانێکی گەورەیە لە ئابوری کوردستان دەکەوێت, بۆ وەرگرتنی تووتن دەتوانرێت پێشنیاری فرۆشتنی ئەو تووتنە کەمەی کە ماوەتەوە بکرێت چونکە ئەو تووتنە وردە وردە سیفاتی کێشانی(صفات التدخينية)ی کەم دەبێتەوە و زیانی پێدەگات.

ئەگەر لەساڵی داهاتوودا بەکارنەهێنرێت یان ئاڵگۆڕی پێنەکرێت بە سووتەمەنی وەیان بفرۆشرێت بەبازاڕ بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا هەروەك چۆن ١٠ هەزار کارتۆن جگەرەی





سۆمەر فرۆشرا , بێجگە لەفرۆشتن و ئاڵگۆڕکردنی تووتن ئەوا وەزارەتی پیشەسازی و کارگەکان ئێستا توانای کڕینی تووتنی ئەمساڵی جووتیارانی هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە پێشکەش کراوە بەوەزارەتی پیشەسازی لەلایەکەوە و بەوەزارەتی کشتوکاڵیش لەلایەکی ترەوە کە هەریەکەیان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی بەو دوو وەزارەتەوە نرخەکانیان خەملاندوە بەڵام جیاوازی هەیە لەنرخ دانان و بۆچوونیاندا , خۆشبەختانە لەهەر دوو لاوە نرخێکی باشیان بۆ تووتنی ئەمساڵی جووتیار داناوە و داواش لەئەنجومەنی وەزیران کراوە کە تەنسیقێك لەهەردوو بۆچوونەکاندا بکات و بەزووترین کات نرخ بۆ وەرگرتنی دەرەجاتی جیاوازی تووتنی کوردستان دابنێت .

وەرگرتنی تووتن لەجوتیار جیاوازی زۆر زیاترە لەدانەوێڵە و ئاسانترە چونکە تەنها بە ڕێگەگرتنی ناردنە دەرەوەی تووتن کە نەبرێتە دەرەوەی کوردستان ئەوا جوتیاران بە سوپاسەوە تووتن دەهێنن بۆ فەحص و وەرگرتن ,چونکە ئەوبڕە تووتنەی کەبەکاردەهێنرێت لەبازاڕەکانی ناوخۆدا بۆزەل یان پێچانەوە زۆر کەمە بە گوێرەی بەرهەمی ساڵانەوە و هەموو تووتنێکیش ناشێت بۆ زەل یا پێچانەوە ،تەنها تووتنی بۆندار و باش نەبێت هەروەها ئەو پارەیەی کە جووتیار یان بازرگان لەڕێی فرۆشتنی تاکە کیلۆ(مفرد) دەستی دەکەوێت زۆر زیاتر نیە لەو پارەیەی

---

كە بەكۆمەڵ (جملة) دەستيدەكەوێت لەلايەن حكومەتى هەرێمەوە, بەپێى ئەو پێشنيارى ليژنانە كە نرخى تووتنيان داناوە بەگوێرەى بازاڕى ئەمڕۆى كوردستان. بۆ زانيارى زياتر هەندێ لەتووتنى پارى جووتياران هێشتا ماوەتەوە و بەكارنەهێنراوە لەبەرئەوە پێشبينيەكى گەش دەكرێت لەوەرگرتنى تووتنى جووتيارانى ئەمساڵى كوردستان.

٢- خستنەوەگەڕى كارگەكانى جگەرە،وەك ئاشكرايە كەوەستانى كارگەكانى جگەرە لەبەر هۆى نەبوونى و كەمى تووتن نيە،چونكە تووتنێكى زۆرى موخەمەرى ڕۆژهەلاّتيى و فەرجينيمان هەيە كە لەخەرمانەكانى جگەرەى بەغداد و سۆمەردا بەكاردێت. بەلاّم فلتەر وكاغەزى جگەرە وچەند كەرەسەيەكى تر بوونەتە هۆى وەستانى كارگەكان. جا بۆئەوەى ئەو كارگانە بكەونەوە كار پێويستە هەموو هەولێك بدرێت بۆ هێنانى ئەو كەرەسانە گەر لەڕێى قاچاغيشەوە بێت و بگاتە كارگەكەمان ئەوە كارێكى زۆر گرنگە و ڕۆڵى گەورە دەبينێت لەبوژاندنەوەى كارگەكان و لەهەمانكاتدا لەبوارى بەرهەمهێنانى تووتن لەكوردستاندا. يان ئەگەر هەر نەتوانرا ئەوا لەدەرەوەى كوردستان پەيوەندى بكرێت بە سەرمايەدارەكانى كوردەوە بە تايبەت لە توركيا كە بەشێوەى موساهەمە (هاوپشككردن)لە قازانجدا سەرمايەكانيان بخەنەگەڕ و كارگەكانمان بكەوێتەوە كار بەشێوەيەك كە دابينكردنى كەرەسەى جگەرە بكەوێتە ئەستۆى





---

ئەوان بۆ ماوەى چەند ساڵێك بە گوێرەى ئەو پەيوەستەى كە دەبەسترێت و هەردوولا پێى ڕازى دەبن.

بێجگە لەم كێشانە گيروگرفتى زۆرى تر هەيە بەڵام لەبەر فرياكەوتنى كتوپڕى كارگەكان تەنها ئەو دوو كێشەيەمان ڕوون كردەوە.

بۆ چارەسەرى كێشە گرنگەكانى ترى تووتن لە داهاتوودا بە تەنها لە ڕێى دروستبوونەوەى بەڕێوەبەرايەتى انحصارى تووتنەوە دەبێت. بە پێويستى دەزانين كە پێشنيارى دروستبوونەوەى بەڕێوەبەرايەتى انحصارى تووتن بكەين كە لەكاتى خۆيدا وەك بڕيارێكى سياسى دژ بە گەلەكەمان ڕژێمى بەغداد هەڵيوەشاندەوە.

بۆ زياتر دەرخستنى گرنگى ئەم دەزگايە , ئەو كارانەى كە لە كاتى خۆيدا سەرپەرشتى كردوون دەخەينەڕوو:-

١-قۆرخكردنى (( حصر ))كردنى كڕين و فرۆشتنى هەموو جۆرە تووتنێكى عێراقى و عەمباركردنى و ناردنى بۆ دەرەوە و فرۆشتنى بە تاك و كۆ.

٢-دروستكردنى كێڵگەى تاقيگەيى بۆ چاندنى تووتن لە شوێن و كاتى تايبەت بە چاندنى تووتن و سەرپەرشتيكردنيان .

٣-گەشەپێدانى چاندنى تووتن بەهۆى كادرى زانستى لەم بوارەدا و ڕێنمايكردنى جووتياران بۆ چۆنێتى چاندن وگەلاّڕنين

و ڕێگەی ووشککردنەوە و هێنانی تۆوی تازەو دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا بە پارە یان بە یارمەتی .

٤–قەرزدان بە جووتیاران لە پێش کاتی بەرهەمهێنان بە گوێرەی مەرج و ڕێنمایی دیاریکراو.

٥–ڕێکخستن و هەرزانی ناردنی تووتنی عێراقی بۆ دەرەوەی وڵات و دۆزینەوەی بازاڕی دەرەوە.

٦–توانای دیاریکردنی شوێن و ڕووبەری تایبەت کە ڕێگای چاندنی تووتنی پێ دەدرێ.

٧–بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەم کارانەی خوارەوە :–

ا–جۆرو ڕێگای تایبەتی ئەو تۆوانەی کە پێویستە بچێنرێت.

ب–چۆنێتی ناسینی گەڵاو پێچانەوەی وعەمبارکردنی .

ج–چۆنێتی خۆ ڕزگارکردن لەو تووتنانەی کە ڕەتدەکرێنەوە.

د–دیاریکردنی مەڵبەندی فحص و وەرگرتنی تووتن و گەنجینەکانی .

ه–دیاریکردنی بڕی تووتن بۆ دۆنمێك بۆ جوتیاران.

و–نابێت تووتن بەرهەم بهێنرێت لە لایەن هەر کەسێکەوە کە بیەوێت بەبێ مۆڵەتی چاندن.

ز–هەموو ساڵێك لە ڕۆژی یەکی مانگی کانونی یەکەم دەبێت جۆرەکانی تووتن و ڕووبەری چاندن دیاری بکات بە مۆڵەتێك کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە دەردەچێت.



نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەی سلێمانی نەوزادی موهەندیس

**پێشنیاز بۆ پێگەیاندنی کادری زانستی لە بواری تووتندا :- ٦**

کردنەوەی پەیمانگایەکی تووتن لە شاری سلێمانیدا بە گوێرەی ئەوەی کە لە ٨٥٪ ی بەرهەمی تووتنی کوردستان لە سلێمانیدا بەرهەمدەهێنرێت , یان ئەگەر نەتوانرا ئەو کارە بکرێت ئەوا بەشێکی تایبەت بۆ تووتن بکرێتەوە لە کولێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی (واتە لە پۆلی سێ وچوارەوە ) بە مەبەستی دروستکردن و مەشق پێکردنی کادرو پسپۆڕی تایبەتی لە بوار زانستی نوێی تووتندا, هەر لە چاندن و گەشەپێدانی بۆماوەیی و ڕێگای تازەی ووشککردنەوە وعەمبارکردن و پوختەکردن و تەخمیرکردنی تووتن هەتا دروستکردنی جگەرە لەسەر ڕێوشوێنی تازەو زانستی .

پێمان باشە کە ئەگەر هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتی انحصار یان پەیمانگای تووتن دامەزرا یان بەشی تووتن لە کۆلێژی کشتوکاڵی کرایەوە پەیوەست بکرێن بەو بەڕێوەبەرایەتیەوە ودابینکردنی ئەو کادرانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی انحصارەوە بکرێت . چونکە لە زۆربەی ووڵاتە پێشکەوتوەکان لە بواری تووتندا بە تایبەتی تووتنی ڕۆژهەڵاتیی بەو شێوەیەیە, وەك پەیمانگای تووتنی مارکۆڤۆ لە بلوڤدیڤی لە بولگاریا و لە تورکیاش بە هەمان شێوەیە .

**وە یەکێك لەو پەیکەری ڕێکخستنانەی کە پێشنیار کرابوو بۆ دامەزراوەی گشتی تووتن لە ساڵی ١٩٨٦دا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:-**

**١-فەرمانگەی کشتوکاڵی (دئرة الزراعیة )**

**٢-فەرمانگەی تەکنیکی**

**٣-فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان**

**٤-فەرمانگەی بازرگانی**

**٥- فەرمانگەی یاسایی**

**٦- فەرمانگەی دارایی**

**٧- پشکنین و چاودێری**

**٨- فەرمانگەی بەڕێوەبردن**

**٩- فەرمانگەی پوختەکردن**

**١٠- فەرمانگەی تەخمیر**

**وە ئێمە ئەم هەیکەلە پەسەند دەکەین, بەڵام وەك پێشنیارێك کارگەی جگەرەش بخرێتە ناو چوارچێوەی ئەم هەیکەلەوە.***

---

* ئەم بابەتەم لە ڕاپۆرتێکی کۆنی کارگەدا دەستکەوت کە پێدەچێت مێژوەکەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ی سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان / ئیدارەی سلێمانی.کە بەمەبەستی بەگەڕخستنەوەی کارگە و کڕینی تووتن پێشکەش بەوەزارەتی پیشەسازی ئەو سەردەمەیان کردوە.





**سەرچاوەکانی ئەم بەشە:**

================

٢. پێگەی ئینتەرنێتی ویکیبیدیا / الموسوعة الحرة.

٣. گیروگرفتی تووتن/ علی ناجی عەتار/ چاپخانەی کامەرانی/سلێمانی /١٩٥٩.

٥. ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق -عێراقو جیهان/ د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن/چاپخانەی الادیب/چاپی یەکەم/٢٠٠٩,

٦. ئەرشیف و دۆکۆمێنت و ڕاپۆرتە دێرینەکانی کارگە.

*     *     *

*     *

*

# بەشی دووەم
# تووتن و سەرهەڵدانی جگەرەکێشان





## ❖ مێژووی دۆزینەوەی تووتن و سەرهەڵدانی جگەرەکێشان

جگەرەکێشان : بریتیە لە کردارێك کە تیایدا توخمێك دەسوتێت,بەزۆریش ئەو توخمە بریتیە لە تووتن. کە تیایدا تامی دوکەڵ دەکرێت و هەڵیشدەمژرێت. جگەرەکێشان لە خووە خراپە بڵاوەکانە لە کۆمەڵگاکاندا لە سەرتاسەری جیهاندا, کەجگەرەکێش ڕووبەڕووی زیانی تەندروستی و نەخۆشی کوشندە دەکاتەوە و دەشبێتە هۆکاری بەهەدەردانی پارەو پول و بۆنێکی ناخۆشیش دەداتە دەم و دان و جلوبەرگەکانیش و ناومالٚ و جێگەکانیش.و تەنانەت زیانەکانی درێژدەبێتەوە بۆ کەسوکارە نزیکەکان و هاوڕێکانیش لە چواردەوریدا.لە ئەنجامی ئەوەی ناودەبرێت بە جگەرەکێشانی زیانبەخش و خراپ بەهۆی هەڵمژینی دوکەڵەکەیەوە کەلەناو هەوادا بڵاودەبێتەوە. جگەرەکێشان دیاردەیەکی خۆسەپێنە لەسەر زەوی و ناتوانرێت پشتگوێبخرێت و پێویستە بخرێتە بەرباس و گفتوگۆوە.

مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی جگەرەکێشان دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ سالٚ پێش زایین. بەشێوەیك لە زۆربەی شارستانێتیە جیاوازەکاندا بینراوەتەوە لە جیهاندا. جگەرەکێشان لە کۆندا لە

بۆنە ئایینیەکاندا ئامادەگی هەبوە,وەك پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەندەکان, بۆنەی پاککردنەوە و یان بۆ گۆڕینی عەقڵی پیاوە ئاینیەکان بەمەبەستی بون بە پیاوی کەنیسە و پاکژکردنەوەی ڕۆحیان.٢



وێنەی(١-٢) ژنانی گەلی ئەزتك پێش نانخواردن گوڵ و شیشەی جگەرەکێشان لەسەر سفرە پێشکەش دەکەن ,سەدەی شانزەهەم

کێشانی حەشیش پێش هاتنی تووتن بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبووە, لەکۆندا وەك چالاکیەکی کۆمەڵایەتی وابووە, دوای هاتنە ناوەوەی تووتن ئیدی جگەرەکێشان بوە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگا و شارستانێتی ڕۆژهەڵاتیدا. و لەهەموو بۆنە خۆشی و ناخۆشیەکاندا بوونی هەبوە و لە کاری بیناکردن و جلوبەرگ و ئەدەب و هۆنراوەشدا ڕەنگی داوەتەوە.





کێشانی حەشیش هاتۆتە ناوچەی باشوری بیابانی گەورە لە ئەفریقادا لە ڕێگە وڵاتی ئەسیوبیاوە و کەناری ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگەی بازرگانە هندی و عەرەبەکانەوە لە سەدەی سیانزەهەم یان پێشتریش هاتۆتە ناوچەکەوە.٢



وێنەی(٢-٢) کچێکی فارسی جگەرەدەکێشێت (( لەلایەن محمد قاسم)) وێنەکێشراوە لە ئەصفەهان,سەدەی حەڤدەهەم

دوای ماوەیەکی کەم لە دەرکەوتنی تووتن لە جیهانی کۆندا, ڕووبەڕووی ڕەخنەی بەردەوام بووەوە لەلایەن دەوڵەت و گەورەپیاوانی ئاینیەوە. ئەوەتا سوڵتان مورادی چوارەم( ١٦٢٣-١٦٤٠) یەکێك لە سوڵتانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی , لەو کەسە یەکەمانەیە کە هەوڵیدا جگەرەکێشان قەدەغە بکات. بەهۆی ئەوەی کە دەبێتە هۆی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر

تەندروستی و ئادابی گشتی. هەروەك ئیمپراتۆری چینی (( شونجزین)) پێش مردنی بە دووساڵ هەستا بەدەرکردنی مەرسومێك کە ڕێگە لە جگەرەکێشان دەگرێت. هەروەك مانشویەکان کە لە سولالەی تشینجگن و قەبیلەیەکی سەرەتایی بوون و شەڕکەر و سوارچاکی بەناوبانگبوون, جگەرەکێشانیان لە گەورەترین تاوانەکان داناوە کە گەورەترە لە پشتگوێخستنی فێربوونی سوارچاکی و ڕمبازی. لەیابانیش لە سەردەمی ئیدۆدا , جوتیارانی تووتن کەسانێکی بێزراو بوون لەلایەن سەرکردە سەربازیەکانەوە چونکە پێیان وابوو کە زیان بە ژیانی سەربازی دەگەیەنێت و زەویوزارەکانیش خراپ دەکات. ٢



وێنەی(٣-٢)مەکینەی پێچانەوەی جگەرە کە لەلایەن جێمس بۆنساکەوە داهێنرا لەساڵی ١٨٨١دا وەك ئەوەی لە نوسینگەی پێدانی بڕوانامەی داهێنان لە ئەمریکا پیشاندراوە





بەهەمان شێوە گەلێك لە پاپا و پیاوانی ئاینی تر و ئیمپراتۆرەکان و پاشاکان لە ڕووسیا و ڤاتیکان و ئینگلتەرا و ...هتد هەوڵیانداوە بۆ ڕێگەگرتن لە جگەرەکێشان و بە دەرکردنی بەیان و بڕیار و یاسای ڕەسمی، بەڵام نەتوانراوە بەیەکجاری بنبڕبکرێت، بەڵکو دواتر حکومەتەکان کە زانیویانە بازرگانی تووتن و جگەرە بازرگانیەکی بە قازانجە حکومەت ئیدی خۆی کۆنترۆڵی ئەو بازاڕەی کردوە و لەژێر دەسەڵاتی تەنهای خۆیدا بوە.

تا وایلێهات بە هاتنی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم تووتن و جگەرەکێشان هەموو شارستانێتەکانی تەنیەوە و بڵاوبۆوە تیایاندا.بۆ زانینی بوونی جگەرەکێشان بەشێوەیەکی گشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی و حەقیقەتی هاوردەکردنی, و ڕێژەی ئەو کەسانەی جگەرەدەکێشن دەگەنە چەند, و ئەو نەخۆشیانەی لێیەوە سەرهەڵدەدەن, لەو بابەتانەن کە بەجگەرەکێشانەوە بەندن کە لەم دواییانەدا لە وڵاتماندا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت و کەڵەکە دەبێت و یەکێکن لەو بابەتانەی کە بەلامانەوە گرنگن و هەوڵدەدەین کە ڕۆشناییان بخەینە سەر لەڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە.

### ❖ دۆزینەوەی تووتن و سەرەتای جگەرەکێشان ٢

بۆ یەکەم جار جگەرەکێشان لەناو دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکیەکانەوە دەستیپێکرد((هندیە سوورەکان)) و

بەدیاریکراویش لە نیمچەدورگەی کوبادا. کاتێك کریستۆڤەر کۆلۆمبۆس لە گەشتە بەناوبانگەکەیدا بۆ جیهانی نوێ لەساڵی ١٤٩٢دا ئەو گوندێکی بچووکی بینی. کە دانیشتوانەکەی هەژار بوون و بەدەستیانەوە پێچراوەیەکی خاکی هەبوو وە لەتەنیشتیشیانەوە پشکۆی ئاگریش دانرابوون.پشکۆیەکیان لەسەرێکی پێچراوەکەوە دادەناو سەرەکەی تریشیان دەخستە کونە لوتێکیانەوە و لەوێوە هەناسە دان و وەرگرتن ڕوویدەدا لەسەر شێوەی بازنەی دوکەڵی.



وێنەی(٤-٢) نمونەی جگەرەی چروتی کوبی ٨

ئابەوشێوەیە هەر کەسێك دوویان سیٚ جار مژی لێدەدا و دواتر دەیدا بەکەسێکی تر. دەریاوانەکان ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو هەربۆیە لەحەزی ناسینەوە ئەم پێچراوەیەیان ناسی و زانیان کە لە گەڵای ڕووەکێکی کێویەوە دروستکراوە کەلەو ناوچەیەدا بەزۆری دەڕوێت.





هندیە سور و کوبیەکان وا گومانیان دەکرد کە دوکەڵی ئەو ڕووەکە دەبێتە هۆی هێورکردنەوە و بۆنخۆشکەرە و دەبێتە هۆی لابردنی بێتاقەتی و پەستبوون.کۆلۆمبۆس تۆوی ئەو ڕوەکەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ ئەوروپا و جووتیارەکان دەستیان کرد بە چاندنی و گەڵاکانیشیان بەکاردەهێنا وەك گژوگیای پزیشکی بۆ ئارام و هێورکردنەوە.




وێنەی(٥-٢) نمونەی جگەرەی چورتی کوبی ٨

### ❖ نێرگەلەکێشان

**کورتەیەکی مێژوویی ٦**

سەرەتای سەرهەڵدان و دروستکردن و کێشانی نێرگەلە دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکێك بەناوی (( حەکیم عبدالقادر گەیلانی))

کە لەنەوەی شێخ عبدالقادر گەیلانیە و لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی گەیلانی وڵاتی ئێران. چونکە تووتنی سەرەکی بەکارهێنراو لە نێرگەلەدا بریتیە لە تووتنی (تنباك) کە یەکەم جار لەووڵاتی ئێران دۆزراوەتەوە و دواتر بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە.ئەم پزیشکە لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ٧٠٠ی پێش زایین لە وڵاتی هندستان جێگیر بووە، لە هندستان ئەم توتنەی ناسی و بەخەڵکیشی ناساند و فێری کێشانی نێرگەلەی کردن بەڕێگایەکی نوێ.هەندێك کەس دەڵێن زۆر لەمێژەوە لە تورکیا هەبوە ،هەندێکی تر دەڵێن لە شام هەبوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە هندستانەوە نێرگەلە سەریهەڵداوە و دواتر لە ئێران و دواتر بەهەموو وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیاشدا بڵاوبۆتەوە.لەسەرەتادا وازانراوە کە زیانی نێرگەلە کەمترە لە جگەرە, بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتوە کە زیانەکانی نێرگەلە کێشان گەلێك زیاترە لە جگەرەکێشان.چونکە ڕێژەی بونی نیکۆتین تیایدا لە نێوان ٤-٨٪ کە سێ ئەوەندەی جگەرەیە, تووتنی نێرگەلە بۆنوتامی خۆشی تێدەکرێت وەك کحولی زەیتی پرتەقاڵ. کە ڕێژەکانیشی بە چەند هەزار جار زیاترە لە ڕێژەی دیاریکراوی خۆی (دیکۆگرامات)، کەئەم مەوادانە هۆکارن بۆ تووشبونی نەخۆشییە مەترسیدارەکان و درێژخایەنەکان.واتە ئەمانە بەشێکن لە سرکەرە سووکەکان.کە دەگەڕێنەوە بۆ چەرخی بەردین (٣٤٠٠) ساڵ بەر لە زایین.





سۆمەریەکان و ئاشوریەکان و مسیریەکان و فارسەکان و عەرەبەکان پێی ئاشنا بوون، خاکی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی شاری نیکور کە پایتەختی ئاینی سۆمەریەکان و بابلیەکان بووە لە خۆرهەڵاتی شاری دیوانیەی ئێستای عێراقدا، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەفیونی تیاداچێنراوە و پێیان دەگوت ( حول گول) واتە ئەو گوڵەی کە مرۆڤ حۆل و گێژ دەکات.

- **پێکهاتەکانی نێرگەلە**

ناوی نێرگەلە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی دارێك بەناوی ((النارجیل))ە، ئەم دارە لە وڵاتی هندستان دەڕوێت. نێرگەلە پێهاتووە لە:-

١. لاشەی نێرگەلە کە ئاوی تیادایە.

٢. القصبة.

٣. سەری نێرگەلە: پێکهاتەیەکی خڕە دروستکراوە لە ڕەگی تایبەت بەداری (بروتر) کە لەناوچەکانی ( دەریای ناوەڕاست و فەڕەنسا و ئیتالیا و جەزائیر)) دەستدەکەوێت. پڕدەکرێت لە تووتنی ئامادەکراو بە نێرگەلە کە پانی چنراوی تووتنەکە لە نێوان ( ٣-٤) ملم دەبێت.




وێنەی(٦-٢) وێنەیەکی ڕونکردنەوەی نێرگەلە

٤. داپۆشەری سەری نێرگەلە بە کاغەزی ئەلەمنیۆم.

٥. المبسم : لە کۆتایی سەرەوەدا دروستکراوە تادەگاتە سەرەتای لولەیەك کەپڕکراوە لەئاو و دواتر بەشی (( لوولە))ی دووەم درێژکراوەتەوە بۆ جێگایەکی تایبەت بۆ مژینی دوکەڵەکە.

٦. الملقط.

❖ **نیکۆتین لەناوی دۆزەرە فەرەنسیەکەیەوە (( نیکۆت )) ٢**

لەساڵی ١٥٦٠دا باڵیۆزی فەرەنسا(( جین نیکۆت )) لە سەردانێکیدا بۆ بەندیخانەکانی پورتوگال یەکێك لە پاسەوانەکان دیاریەکی سەیری پێشکەش دەکات کە بریتیە لە





گیا و تۆو کە تازە هێنرابوون لە فلۆریداوە کە سپی پێستەکان داگیریان کردبوو.دوای تاقیکردنەوەی هەندێکی لێنارد بۆ شاژنی فەرەنسا ئەویش لەوکاتەدا سەری دەیەشا کە تاقیکردەوە سەرئێشەکەی لەکۆڵبوەوە وئیدی ڕایگەیاند بۆ گەلەکەی کە ئەمە گیایەکە بۆ سەرئێشە باشە.دوای ماوەیەك ئەم گیایە بلاْوبۆوە بۆ هەموو ئەوروپا و ناونرا بە (( نیکۆتین )) لەسەر ناوی (( جین نیکۆت)).

لەساڵی ١٦١٢دا تووتن وەك بەرهەمێکی بازرگانی بلاْوبۆوە بۆ ئەمریکای باکور بەهۆی کۆلۆنێل (( جۆن ڕۆلف))ەوە.کە تۆوی تووتنی لە ئەمریکای باشورەوە گواستەوە بۆ فێرجینیا کە خاکو کەشوهەوایەکی زۆر گونجاوی هەبوو بۆ کشتوکاڵکردنی ئەو تۆوە بەتایبەتی تۆوی تووتنی فێرجینی و زۆربەشی ڕەوانەی بەریتانیا دەکرا.تا کاتی دەستپێکردنی جەنگی ڕزگاری لە ساڵی ١٧٧٥دا کاتێك کارگە پیشەسازیە ئەمریکیەکان دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی لەسەر شێوەی جگەرە و هەڵمژێنەر و وجوین ئەمەش تەنها بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی.بەلاْم جگەرە دروستنەکرا تا سەرەتاکانی ساڵی ١٨٠٠ ی زاینی.

لەساڵی ١٦٠٠دا تووتن زۆر بەناو بانگ بوو, بەشێوەیەك بەکارهێنانی وەك بەکارهێنانی پارەی لێهات.هەر لەوکاتەوە تێبینی هەندێ لە زیان و کاریگەرییە خراپەکانی کران بەلاْم لەسەر ئاستی هەندێ کەسەوە. بەلاْم دواتر و لە ساڵی ١٦١٠دا

بەڕێز سێر (( فرەنسیس باکۆن)) تێبینی ئەوەی کرد کە وازهێنان لە جگەرە کێشان و ئەو خووە خراپە زۆر قورسە. لە ساڵی ١٧٦٠دا بۆ یەکەم جار لەلایەن (( بییرلۆریارد))ەوە کۆمپانیایەك لە نیویۆرك دامەزرا بۆ دروستکردنی تووتن و جگەرە و ئەوانەی هاوشێوەی ئەوانن.٢

هاتنی تووتن و ناسینیشی لەلایەن گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەب و ئیسلام و کوردیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ کۆچیبەرانبەر(( ١٥٧٩ ز)) , دوای ئەوەی کە داگیرکارانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا ڕوویانکردە ئەم ناوچەیە و ئیدی چاندن و دروستکردنی تووتن و جگەرەش لای ئەم گەلانە بووە پیشەسازی و پیشە و سەرچاوەی داهات و بژێویان و تائێستاش هەر بەردەوامە.لەساڵی ١٥٩٠دا تووتن بەهۆی سەربازەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە گەیشتۆتە کوردستان.

❖ **جگەرەی عێراقی ٢**

جگەرەی (( لەف )) بۆیەکەم جار لەلایەن عێراقیەکانەوە بەکارهات ودواتریش جگەرەی ((مزبن)).بەڵام یەکەم کارگەی جگەرە لەساڵی ١٩٢٦دا دامەزراوە بەناوی کارگەی دوکەڵ و جگەرە و یەکەم پاکەتی جگەرەشی بریتی بوو لە جگەرەی (( ئاسك // غزالە)) , ئینجا دامەزراندنی زیاد لە کارگەیەکی ئەهلی تری بەدواداهات و جگەرەی (( تورکی )) و (( غازی ))یش بەدەرکەوتن





و دواتریش جگەرەی(( جمهوری )). لەساڵی ١٩٦٤دا هەموو ئەو کارگانە تێکەڵکران و ناونران بە (( کۆمپانیای گشتی دوکەڵی عێراقی)) و لەساڵی ١٩٦٨دا وەزارەت ((کۆمپانیای گشتی تووتن و جگەرە))ی دامەزراندو مەکینەی نوێی هێنایە ناو هێڵی بەرهەمەوە و توانیان لە ٧٥٪ ی پێداویستی ناوخۆ دابین بکەن ، و لەساڵی ١٩٨٧ یشدا دەتوانرا لە ٨٧-٩٠٪ ی پێداویستی ناوخۆی عێراق دابینبکەن.ئەمەش لەبەر باشی لە جۆر و هاوسیفاتی لەگەڵ پێوەرە پێوانەییەکانداو باج لەسەر هاوردەکاران دانرا و لەبەرئەمە بەرهەمهێنەری ناوخۆیی توانی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات و بەردەوام بێت لەسەر بەرهەم هێنان.کۆمپانیا توانی زیاد لە جۆرێك لە جگەرە بەرهەم بهێنێت,لەوانەش جگەرەی بەغداد و سۆمەر و قیثارة و ئەریدۆ و ...هتد کە هەموانیان لەجۆری باش بوون.

❖ **پێداویستی ناوخۆی عێراق لە تووتن بۆ یەك ساڵ ٦**

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە عێراق چەند پێویستی بە تووتن هەیە بۆ کێشانی لە ناوخۆدا. لەبەر هەبوونی کەموکوڕی و چەندیش جگەرە و تووتن دێتە عێراقەوە لە دەرەوەی وڵاتەوە . و چەند کیلۆی تریش دەتوانین لەم تووتنە کە ئێستا دەکردرێت لە عێراقدا زیاد بکەین بۆ ئەوەی پێویستمان بە جگەرەی دەرەوە نەمێنێت و بشتوانین جگەرەش

بنێرینە دەرەوە.زانیاریەکانی ئەم خشتەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩. ٣

خشتەیژمارە(١-٢)

| ز | کیلۆ تووتن | جۆری تووتن |
|---|---|---|
| ١ | ٤٠٠٠٠٠٠ | تووتنی ( گەڵا -محسن) بۆ ( کۆمپانیا- هاوکاری) پیشەسازی جگەرە پێویستە. |
| ٢ | ١٥٠٠٠٠٠ | تووتنی( خوردە-غیر محسن) بۆ کێشانی جگەرەی ( زەل-سیکایر یدویە) بۆ ناوخۆ. |
| ٣ | ٥٠٠٠٠٠ | بەقاچاغ دەفرۆشرێت لەناو عێراقدا. |
| ٤ | ٥٠٠٠٠٠ | جگەرە و تووتن لە دەرەوە دێنە ناو عێراقەوە یان بە قاچاغ یان بە باندرۆل |
| ٥ | ١٠٠٠٠٠ | ( کۆمپانیا-هاوکاری) جگەرە بە قاچاغ دەکرێت |
| ٦ | ١٠٠٠٠٠ | بۆ پیشەسازی نیکۆتین |
| ٧ | ٦٠٠٠٠٠ | پاشەکەوتی ئیدارەی ئینحیصار هەموو ساڵێك بۆ هەندێ ڕووداو و کتوپڕ وەك باران بارینی کەم و جەنگ و نەخۆشی کشتوکاڵی و..هتد. |
| ٨ | ٧٣٠٠٠٠٠ | ئەمە تووتنێکە کە پێویستە هەموو ساڵێك لە کشتوکاڵی ناو عێراق بێتە ناو تا پێویستی پڕبکاتەوە. |
| ٩ | ٢٧٠٠٠٠٠ | دەتوانرێت زیادبکرێت بەهۆی پەرەسەندنی (( شارەزایان و پسپۆڕەکانەوە) و بەیارمەتی حکومەت. |
| ١٠ | ١٠٠٠٠٠٠٠ | تووتن لە عێراقدا بە ئاسانی دێتە بەرهەم و دەشتوانرێت بەرزبکرێتەوە بۆ ١٢ ملیۆن کیلۆتووتنیش.بەمەرجێك تووتن کردن ئازاد بێت. |





### ❖ تووتن وەك کەرەسەی خامی سەرەکی بۆ دروستکردنی جگەرە

تووتن بریتیە لەو ڕوەکەی کە دەڕوێنرێت بۆ دەستخستنی گەڵاکانی کە جگەرەی لێدروست دەکرێت کە جیاوازە لەگەڵ هەموو ڕووەکەکانی تردا بەهۆی بوونی مادەی نیکۆتین کە لەڕەگەکەوە نیکۆتین دروست دەکات.تووتن دادەنرێت بە توخمێکی هۆشبەر یان سڕکەر و دەبێتە هۆی ئالودەبوون بەهۆی بوونی توخمی نیکۆتین تیایدا.



وێنەی(٧-٢) نمونەیەك لەگەڵای تووتن

تووتن بە پێی دوا ئامارەکان دادەنرێت بە بکوژی یەکەمی لەسەرخۆی ئادەمیزاد لەجیهاندا و کێشانی یەك جگەرە تەمەن ( ٥ ) خولەك کەم دەکات. و لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەریانخستووە کە تووتن هەر ٦ چرکەساتێك کەسێك دەکوژێت لە جیهاندا, واتە نزیکەی ٥ ملیۆن کەس لە ساڵێکدا. ئەوەتا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٩

دا بۆتە هۆی کوشتنی ٢١ ملیۆن کەس کە نیوەیان تەمەنیان لە نێوان ٣٥-٦٠ ساڵیدا بووە.لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکیشەوە واچاوەڕوان دەکرێت کە ١٠ ملیۆن کەس بکوژێت.هەر ئەمەشە کە وایکردووە جگەرەکێشان ببێتە بەلاّیەکی جیهانی بکوژ. کە دەبێتە هۆی نەخۆشیەکانی دلّ و سەکتەی مێشك و جۆرەهای شێرپەنجە, بە تایبەتیش شێرپەنجەی سیەکان و سووربونەوەی درێژخایەنی سیکلّدانۆچکەکانی و لقەکانی سیەکان. و کێشەی بۆریەکانی خوێنبەری دلّ و پەلوپۆکان و مێشکیش.

تووتن ٤٠٠٠ توخمی کیمیاوی لەخۆدەگرێت لەناویشیاندا ١٠٠ توخمیان ژەهرن و ٦٣ توخمیشیان دەبنە هۆی شێرپەنجە کەپێیاندەوترێت((قەتران)) کە دەبێتە هۆی تووشبوونی شێرپەنجە.گرنگترین ئەو توخمانەش کە تۆمەتباری یەکەمن لە کوشتندا بریتیە لە نیکۆتین کە دەبێتە هۆی گیرانی بۆری خوێن و ژەهر بۆ مێشك. ١



وێنەی(٨-٢) پێکهاتەکانی جگەرەیەك





هەروەها توخمی لەناوبەری مێرووی تیادایە لەگەلّ زەرنیخ و سیانید Cyanide ی ژەهر ( کە لەژوورەکانی لەناوبردندا لە بەندیخانەکانی ئەمریکادا بەکاردەهێنرێت ) و فۆرماڵدیهاید (کەلە ئێستادا بەکاردێت بۆ پاراستنی مردوو) و هەروەها برۆمیدی ئامۆنیا( نۆشاتر) ی خنکێنەر, ئەسیتۆن و گازەکانی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و میسان و پرۆپان و بیوتان کە هەموویان گازی ژەهراوین.١



وێنەی(٩-٢) پێکهاتە کیمیاویەکانی جگەرەیەك

## ❖ جۆرەکانی تووتن

چاك و خراپی تووتن لە سروشتدا کە ئەنجامێکە لە تۆ و خاك و ئاو وهەوادا پەیدا دەبێت و ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە جیاوازی و باشو خراپی تووتندا. تووتن بەڕیز لە نەرمەوە بۆ توند بەم جۆرەیە بەمەرجێك فیزیاوی دەستکاری نەکرێت:٣

١.ئۆرینتاڵ ORINTAL

٢.فلوکورێد FLUE CURED

٣.لایت ئایر کورێد LICHT-AIR-CURED

٤.لایت سەن کورێد LICHT-SUN-CURED

٥. دارك ئایر کورێد DARK-AIR-CURED

٦.دارك سەن کورێد DARK-SUN-CURED

٧. فایرکورێد FIRE-CURED

ئەمانەش لەناو خۆیاندا دەبن بەچەند لقێکی ترەوە وەکو:

لایت ئایر کورێد ئەمەش دوو بەشە:

١. بیرلی ئایر کوڕێد

٢. ماری لاند لایت ئایر کورێد کە ئەمانە بەزۆری لە ئەمریکاو لە شوێنانی تری جیهانیشدا دەکرێن,بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تۆوی تووتن لە جیهاندا کراوە بە چوار بەشەوە بە پێی نەرمی و توندی و گەڵای وورد و گەورە و گەڵای تەنك و ئەستورەوە.

١. فلوکورێد





٢. لایت ئایر کورێد

٣. ئۆریانتاڵ و سیمی ئۆریانتاڵ

٤. چەشنی مخورکای ڕوسی و ڕۆستیکای هندی کە لە چەشنی گەڵا تاریکە تۆخەکانە.

سێ جۆرەکەی یەکەم بەزۆری بۆ جگەرە بەکار دەهێنرێت و کشتوکاڵیشیان لە پەرەسەندندایە بەزۆری بۆ پیشەسازی جگەرە لەکارگەکاندا.لەم سێ جۆرەش جۆری یەکەم کە فلۆکورێدە ئێجگار زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ جگەرە چونکە ٣:١ ی هەموو تووتنی جیهان لەم جۆرەیە.

## ❖ تووتنی جۆری تنباك ٦

تووتنی تنباك دادەنرێت بە یەکێك لە کاڵا ئابوریە گرنگەکان ولە یاسای بەڕێوەبەرایەتی گشتی (( ئینحیصاری تووتندا)) ڕێوشوێنی تایبەتی هەبوە.



وێنەی(١٠-٢) تووتنی تنباك

### ❖ سیفاتەکانی تووتنی تنباك

تنباك دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی باینجانی( Solanaceae) لە جنسی نیکۆتیانا ( Nicotoana) کە ٦٠ جۆر ( Species) لەکۆمەڵگای تفتەکانە ( ph) لەنێوان ( ١ر٧-١ر٩). دەچێتە ژێر دوو کۆمەڵەوە پێی دەوترێت لە ژێر جنسی ( Subgenus)دایە وەکو:

١. Subgenus-Tabacum
٢. Subgenus-Petaniodes

ئەم دوو جۆرەی تووتنی تنباك لە ڕووی ئابوورییەوە ناسراون.کە بۆ نێرگەلە بەکاردێن و جۆرەکانی وەك : النخلة،الواحة،الباشا، الفخفخیة.

**❖ تووتنی نێرگەلە ( تنباك N.rustica) کالأیەکی پیسە((زیانبەخشە)) و ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوەی هەیە: ٦**

ڕووەکێکی دارینەیە ، هاوینەشە و خەسڵەتەکانی وەك تووتن وایە، درێژی لە نێوان ٤٥-٥٠سم دەبێت.گەڵایەکی هێلکەیی کەمێك درێژ و پانی هەیە.ڕەنگی سەوزێکی تێرە.ئەستوری گەڵاکان لە نێوان مامناوەند بەرەو ئەستورە و هەندێ لەگەڵاکان گوێچکەیان هەیە.ژمارەی گەڵاکانی لەسەر یەك بنچ ( ١٢-١٦) گەڵادایە.لەکۆتایدا چەندین لقی لێجیادەبێتەوە و تۆو بەرهەم دەهێنێت.تۆوەکەشی وەك تۆوی تووتنە.ئەم جۆرە لە تووتن دوای تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕێژەیەك ئاو و خوێ ودۆشاوی خورما و بەتێکەڵکردنی بۆنیش بۆنخۆشتر دەکرێت و لەڕێگەی





نێرگەلەوە یان لەڕێگەی جوینی لەدەمدا ( السویکە) دەکێشرێت. یان بەتێکەڵکردنی لەگەڵ جۆرەکانی تری تووتندا بۆ زیادکردنی ڕێژەی نیکۆتین وەك جگەرە دەکێشرێت.تووتنی نێرگەلە دەکرێتە دوو بەشەوە:-

١. شیشة: لە ڕەچەڵەکدا فارسیە واتە ( جۆزە الهند) بەمانای شوشە، لە وڵاتی هندستان و لوبنان هەیە.
٢. الجوزة: لەدروستکراوی وڵاتی شامە.بەربڵاویشە لە وڵاتانی میسر و عێراقدا.

### ❖ ناوچەکانی چاندنی تنباك: ٦

چاندنی ئەم کاڵایە لە ساڵی ١٩٢٠وە لە عێراقدا ناسراوە و ناوچە سەرەکیەکانی چاندنیشی بریتین لە پارێزگای کەربەلا و حلەدا و لەشارۆچکەی هندیە و ناوچە نزیکەکانی وەك الرجبة، العکبوری، ابی غرق، شط الملا،ام روانة،ناوچەی بەشی سەروو لە فوراتی ناوەڕاست.هۆکاری چاندنیشی لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ژمارەیەك خێزانی ئێرانی بۆ کەربەلا و هندیە و لەگەڵ خۆیاندا تۆوی تووتنی تنباکیان هێناوە و چاندوویانە.

### ❖ جۆرەکانی تووتنی تنباك

هەر ناوچەیەك لە ئێران کە تنباکی لێدەچێنرێت وەك ئەصفەهان و شیراز و خۆراسان و کاشان ، جۆری تایبەتی خۆیان هەیە و لەعێراقیشدا جۆرە گرنگەکانی بریتین لە:

١. شیرازی: بە بەرزی ساقەکەی جیادەکرێتەوە و لەتامدا سوکە و بۆنێکی خۆشی هەیە.

٢. هندی: ئەم جۆرە ساقەکەی کورتە و گەڵاکانی پانە و کورتە و ئەستوریشە و کێشانی توندە بەهۆی بوونی ڕێژەی زۆری نیکۆتین,برنوتی و سوێکەی لێدروستدەکرێت بەهۆی توندیەوە.

❖ **سیفاتە کیمیاویەکانی تنباك ٦**

کێشانی دوکەڵی نێرگەلە بە ئاودا دەڕوات بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەندێك لەتوندی و گەرمی دوکەڵەکە سارد دەکاتەوە.جیاوازی لەگەڵ تووتنی پایپدا تەنها لە جۆرەکانیدایە.بوونی چەندین مادەی بۆنخش و بەرزی ڕێژەی نیکۆتین کە لە نێوان ( ٤-٨٪) یە و نیوەتیرەی جنراو لە نێوان (٣-٤ ملم)دایە.و خۆشدەکرێت لەگەڵ چەندین مەوادی چاکردن و بوونی ( شیرینی گلسترین ،



وێنەی(١١-٢) نمونەی تووتنی تنباك



نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرەی سلێمانی نەوزادی موهەندیس

و زەیتی توندار کەلەگەڵ کحولی زەیتی پرتەقاڵ تێکەڵ دەکرێت).هەندێك جگەرەکێش پێیانوایە کە دوکەڵی کاغەزی جگەرە لەم جۆرەدا نیە و کەمتر زیانی هەیە.بەلاّم بە پێچەوانەوە نێرگەلە زیانی زۆر زیاترە لە جگەرە.چونکە ڕێژەیەکی بەرزتر لە مەوادی خۆشکەرەو نیکۆتین و کانزا قورسەکان و ژەهرە مشەخۆرەکان و مەوادی کیمیاوی تری ترسناکی تیادایە, کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر شێرپەنجەی جگەر و گوچیلە ,ئەو مەوادە خۆشکەرانە مەوادی حافظةیان تێدایە کە دەبنەهۆی کەمبونەوەی بەرگری لەش بەهۆی بونی مەوادی ژەهراویەوە وەکو زەرنیخ و ڕەصاص و کرۆم.کێشانی یەك کاتژمێر نێرگەلە یەکسانە بە کێشانی ١٠٠ جگەرە.




وێنەی(١٢-٢)تووتن بەهەموو جۆرەکانیەوە بکوژە !!! لێیدووربکەوەرەوە

دەبێتە هۆی نەخۆشیەکانی زەردی ڕەنگ و ناشیرینکردنی ڕوخسار و نەخۆشییە درێژخایەنەکان و دروستبونی گرێی زۆر لەسەر پوک و قورگ و لێو و سنگ و ژێر چەناگە بەهۆی بوونی مەوادی هایدرۆکاربۆنیەوە.کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دڵ و بۆریە خوێنبەرەکان و تەسکبونەوەیان.دروستبونی جەڵتەی دەماغ و دڵ و لەکارکەوتنی گورچیلە و کۆئەندامی هەرس و سوتاندنەوەی پەنکریاس و قۆڵۆن و ناودەم و ژێر زمان و تەنگەنەفەسی.بەهۆی کەمڕۆیشتنی خوێن بۆ قاچەکان دەبێتە هۆی نەخۆشی گانگرینا, زوو هیلاك بوون و بێهێزبونی زاوزێی و دابەزینی کاری سێکسی, کاریگەری لەسەر تۆڕی چاو و کاریگەری لەسەر ژنانی دووگیان و تێکدانی سوڕی مانگانە.ئەمەو سەرەڕای بەهەدەردانی سامان و پول و پارەیەکی زۆر کەدەبێتە بارگرانیەکی گەورە لەسەر ئابوری تاك و وڵاتیش بەهۆی زۆری خەرجی لە بەکارهێنان و چارەسەری نەخۆشیەکاندا.

❖ **خشتەیەك لە پێکهاتەکانی هەندێك مەوادی تنباك لە جۆری ئەصفەهانی**

**خشتەی ژمارە (٢-٢)**

| ز | مەوادی پێکهاتەکان | نمونەی/١ % | نمونەی/٢ % | نمونەی/٣ % |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نیکۆتین | ٣ر٢١ | ٣ر٧٤ | ٣ر٧٠ |
| ٢ | ئازوت ئەلپرۆتینی | ١ر٩٦ | ٢ر٤٩ | ١ر٩٣ |
| ٣ | پرۆتین | ١ر٣٣ | ١ر٣٣ | ١ر١٨ |
| ٤ | کۆی مەوادی مخنزلە | ٣١ر٨ | ٢١ر٨ | ٣٦ر٧ |
| ٥ | مەوادی کاربۆهایدرایت | ١٣ر٥٠ | ٧ر٦ | ١٠ر٤٢ |
| ٦ | پۆلیفینۆل | ١٠ر٢ | ٥ | ٨ر٦٦ |
| ٧ | مەوادی ڕاتینجی | ٢ر٤٨ | ١ر٧٠ | ١ر٦٦ |
| ٨ | خۆڵەمێش | ٤ر٠٤ | ١ر٧٨ | ١ر٧٢ |
| ٩ | کۆی ئازۆت | ١١ر٢٦ | ١٦ر١٢ | ٤ر٢ |





❖ **زیانەکان و مەترسیەکانی تووتن و جگەرەکێشان لەسەر تەندروستی مرۆڤ١**

هەروەها جگەرەکێشان دەبێتە هۆی سووربونەوەی پوکەکان و توشبوونی ماسولکەکان و زەبحەی سنگ و ئازاری مل و پشت و جوڵەی نائاسایی چاوەکان Nystagmus و توشبوونی چاوەکان بە مشەخۆرەکان Ocular Histoplasmosis و قورحەی دوانزەگرێ و((بۆشکردنی ئێسکەکان)) Osteoporosis لەهەردوو ڕەگەزدا و لێڵبوونی چاوەکان Cataract وسووربونەوەی ئێسکی جومگەکان Osteoarthritis و ڕەقنەبوونی ئەندامی نێرینەی پیاو و کەمبونی تۆوی نێرینە یان تێکچوونیان و خێرا فرێدانی ئاو. لەوانەشە جگەرەکێش بگاتە حاڵەتی نەتوانینی کرداری سێکسی, و سووربونەوەی سووڕی خوێن لە پەلوپۆکاندا و سووربونەوەی کۆڵۆن و خەمۆکی و صەدەفیە و ڕەقبوونی

پێســت و لەدەســتدانی بیســتن.و ســووربونەوەی جومگــەکانی ڕوماتۆیــدی. لاوازبــوونی دەزگــای بــەرگری و لەدەســتدانی دانەکان.



وێنەی(١٣-٢) زیانەکانی جگەرە بەناودەم وپوک وددانەکان ٢

لەوانەیە ژنان تووشی نەزۆکی و زووتر گەیشتن بە تەمەنی بێهیوای بن,لەوانەشە لە کۆتایدا ببێتە هۆی کوێربون Optic newtopathy ئەوەی کە ناودەبرێت بەلەدەستدانی بینین بەهۆی تووتنەوە.

لەوانەیە جگەرەکێش تووشی سیل و سووربونەوەی درێژخایەنی گیرفانی لوتەکان ببێت و لەگەڵ سووربونەوەی دەمارەکانی بینین.جگەرەکێشان یان بەرکەوتن بە دووکەڵی جگەرە دەبنەهۆی زووتر تووشبون بە نەخۆشیەکانی





خوێنبەرەکانی دڵ و قورحەی گەدە و کە دەبنە هۆی تێکدان لە منداڵبوون و



وێنەی(١٤-٢) زیانەکانی جگەرەکێشان بۆ سەر منداڵبوون ٢

بەرزبونەوەی فشاری خوێن و نەخۆشیە کوشندەکان و درەنگ یەکگرتنەوەی برینەکان و دەرکەوتنی شێرپەنجەی کۆم و جگەر و پرۆستات و لاوازبوونی سێکسی.



وێنەی(١٥-٢) زیانەکانی جگەرە بۆ بەرزبونەوەی فشاری خوێن و گرتنی بۆریەکانی دڵ ٢

لە ئەمریکادا جگەرەکێشانی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی مردنی ٣ هەزار کەس ساڵانە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی سیەکان و ٣٠٠ هەزار منداڵی تووشبوو بە گرفتە بۆماوەییەکان بە ئامادەکاری هەناسەدانی خوارەوە Lower respiratory tract. کە ئەم حاڵەتانە دەبنە هۆی نەخۆشی درێژخایەن.



وێنەی(١٦-٢) جگەرەکێشان هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە تەنگەنەفەسی ٢





لە ڕاپۆرتێکدا کە ئەمساڵ زانای نەشتەرگەری جیهانی ((ڕیتشارد کامۆنا))ی بلاویکردەوە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە دەربارەی جگەرەکێشان و تەندروستیەوە بەبۆنەی ڕۆژی بەگژداچونەوەی جگەرەکێشانی جیهانیەوە (( ١٠/٣١ ی هەموو ساڵێک)) No Tobaco Day ,



وێنەی(١٧-٢)نمونەی سیەکانی مرۆڤی جگەرە کێش و جگەرە نەکێش ١

بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند کە جگەرەکێشان کاریگەری لەسەر هەموو ئەندامەکانی لەش هەیە, لەوانەش لێلی بینین و شێرپەنجەی خوێن ( لۆکیمیا ) و سووربونەوەی سیەکان و شێرپەنجەی حەوز و میزلدان و قورگ و دەم و گورچیلە وپەنکریاس و گەدە. لەبەرئەوەی توخمە ژەهراوییەکان لەگەڵ ڕۆیشتنی خوێن دەڕۆن بۆ هەموو بەشەکانی لەش.هەروەها ڕاپۆرتەکە دەریخست کە جگەرەکێشان ساڵانە ٤٤٠ هەزار کەس لە ئەمریکادا دەکوژێت.پیاوانی جگەرەکێش تەمەنیان ١٣ر٢ ساڵ

کەم دەکات و ژنانیش ٥ر١٤ ساڵ کەم دەکات بەهۆی جگەرەکێشانەوە.٢

لە ئەمریکادا نزیکەی ٨٠ ملیۆن جگەرەکێش هەیە و لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٣ نزیکەی ١٠ ملیۆن تووشبووی نەخۆشی شێرپەنجە هەبوون, ڕۆژانە ٤٠ کەس تووشی هەمان نەخۆشی دەبن.ساڵانە بڕی ١٥٧ملیاردۆلار بەتەنها لە ئەمریکادا خەرج دەکرێت بۆ جگەرەکێشان و ٧٥ ملیار دۆلاریش بۆ خەرجی چارەسەرە پزیشکیەکان لە زیانەکانی و ٨٢ ملیار دۆلاریش بەهۆی کەمی بەرهەمیەوە خەرجدەکرێت.جگەرەکێشان تەمەنەکان لەناودەبات و دەبێتە هۆی فرمێسك ڕشتن و مردنی زۆرێك.ئامارەکان دەریانخستووە کە ١٢ ملیۆن ئەمریکی مردوون لەساڵی ١٩٦٤ وە تا ئێستا و ٢٥ ملیۆنی تریش لەبەردەم مردندان بەهۆی جگەرە کێشانەوە.ئەو جگەرانەی کە پێیان دەوترێت کەوا قەتران و نیکۆتینیان کەمە Low_ tra or Low_nicotine دەبنە هۆی ئەم هەموو مردنە.لەبەرئەوە ئەو وتەیە ڕاست نیە کە جگەرەی سەلامەت هەیە , Ultra _ light light بەڵکو هەموویان مەترسیدار و کوشندەن و بریتین لە قەتران.

**هەندێ ئاماری گرنگ لەسەر زیانەکانی جگەرەکێشان : ٢**

❖ جگەرەکێشان لەهەر ١٠ کەسێکی پێگەیشتوو یەك کەس دەکوژێت لە دانیشتوانی دونیا لە ساڵێکدا.





❖ لەساڵی ٢٠٢٠دا جگەرەکێشان لە هەر ٦ کەس یەك کەس دەکوژێت, واتە بەنزیکەی ١٠ ملیۆن مردوو لەهەر ساڵێکدا.

❖ لە ئەمریکادا ساڵانە ٤٠٠ هەزار مردوو هەیە, لە بەریتانیاش ١٥٠ هەزار مردوو, بەهۆی ئەو نەخۆشیانەوە کە پەیوەندییان بە جگەرەکێشانەوە هەیە.

❖ لە ساڵی ٢٠٢٠دا ڕێژەی مردوو بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەبێتە ٧٠٪ ی دەملیۆن کەس لە وڵاتانی دنیای سێیەمدا و لەوانەش وڵاتی خۆمان.

❖ لە لێکۆڵینەوەیەکی تەندروستی کەنداوی عەرەبیدا دەرکەوتووە کە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوکراوەتەوە, کە مەملەکەتی عەرەبستانی سعودی لەسەر ئاستی جیهان پلەی ٢٣ ی داگیرکردوە بە بەکارهێنانی ٢١٣٠ جگەرە بۆ تاکە کەسێك ساڵانە و ٤٥٠٠٠٠٠ جگەرەکێش هەن لەو وڵاتەدا و ٣٠٪ ی جگەرەکێشەکان تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون جگە لە نەخۆشیەکانی دڵ..بەڵام کۆماری پۆڵەندا پلەی یەکەمی داگیرکردوەلە جیهاندا بەتێکڕای بەکارهێنانی ٣٦٠٠ جگەرە بۆ هەر کەسێك.

هەر هەمان لێکۆڵینەوە دەریخستوە کە نرخی یەك پاکەت جگەرە لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کەمترە لە نیوەی نرخەکەی لە وڵاتانی بەرهەمهێنی توتن.

وە ئەو نەخۆشیانەی کە پەیوەندییان بە جگەرە کێشانەوە هەیە لە عەرەبستانی سعودیەدا بڵاودەبێتەوە بەڕێژەی ٣٨٪ لەنێوان پیاواندا و ١٦٪ لە نێوان ژناندا,و لەنێوان خوێندکارانی زانکۆشدا بەڕێژەی ٣٧٪ و خوێندکارانی کچانی کۆلێژی پزیشکیش بەڕێژەی ١٠٪, و خوێندکارانی قوتابخانەکانیش بەڕێژەی ٢٢٪ بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٩٢.

هەر لەهەمان لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتوە کە بڵاوبونەوەی جگەرەکێشان لە وڵاتانی کەنداودا خەملێنراوە بە ٤٠٪ لەنێوان پیاوان و ١٠٪ لەنێوان ژناندا.و ١٥٪ لە نێوان گەنجان و مێردمنداڵاندا( ١٣-١٥ ساڵ) ڕێژەی جگەرەکێش زیاترە لە ٢٢٪.

❖ **ژمارەی جگەرەکێش لە جیهاندا** : نزیکەی ١١٠٠٠٠٠٠٠٠ کەس جگەرەدەکێشن و لە نێویاندا ٤٧٪ پیاوان و ١٢٪ ژنانن .

❖ **ژمارەی ئەو ساڵانەی کە جگەرەکێش لەتەمەنی کەم دەکات** : ٨ ساڵە.

❖ **ژمارەی ئەو کەسانەی کە جگەرە دەیانکوژێت** : ٣٥٠٠٠٠ کەسن.

❖ **ژمارەی ئەو کەسانەشی کە جگەرە کوشتوونی لەساڵی ٢٠٠٠دا** : ١٠٠٠٠٠٠٠ کەس بوون.

❖ **ژمارەی مردوان بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی سییەوە لە هەموو جیهاندا** : ١٢٠٠٠٠٠ کەسن.





❖ **قەوارەی بازرگانی بە جگەرەوە لە جیهاندا ساڵانە**:
٤٠٧٠٠٠٠٠٠٠٠٠ دۆلارە( نزیکەی ٤٠٧ ملیار دۆلار).

❖ **وڵاتە گەورە بەرهەمهێنەکانی تووتن لە جیهاندا بە تەن** : ٣

ئەمریکا ٧٣٥٧٨١ تەن تووتن
چین ٢٥٢٤٥٠٠ تەن تووتن
زیمبابۆی ٢١٢٠٥٠ تەن تووتن
بەڕازیل ٤٤٢٥٠٠ تەن تووتن
تورکیا ٢٦٦٥٠٠ تەن تووتن
یۆنان ١٣٢٠٠٠ تەن تووتن
ئەندەنوسیا ١٧٥٦٣١ تەن تووتن
مەلاوی ١٤٢٣٠٠ تەن تووتن
ئیتالیا ١٣٢٠٠٠ تەن تووتن
هند ٦٣٥٠٠٠ تەن تووتن
پاکستان ٩٠٤٥٠ تەن تووتن
کەنەدا ٦٩٣٠٠ تەن تووتن
تایلەند ٦٨٦٠٠ تەن تووتن
یابان ٦٧١٠٠ تەن تووتن
بولگاریا ٧٩٠٠٠ تەن تووتن
پۆڵەندا ٤٤٧٠٠ تەن تووتن
ئەرجەنتین ١١٧٣٠٠ تەن تووتن
فلیپین ٦٧٥٠٠ تەن تووتن

❖ **پشکی بازاڕی کۆمپانیا بکوژەکان کە بەرهەمهێنی جگەرەن : ٢**

کۆمپانیای فیلیب مۆریس: ٣٦٪

کۆمپانیای سیتا: ١ر٣١٪

کۆمپانیای ڕۆسمان : ٥ر١٥٪

کۆمپانیای ڕینۆڵدز : ٥ر١٥٪

کۆمپانیای گالامیر : ١ر٣٪

کۆمپانیای ئیمپریال:٨ر٢٪

کۆمپانیای تاباکالیرا:١ر١٪

کۆمپانیای بات:١٨ر٠٪.

❖ **ڕێژەی جگەرەکێش لە جیهاندا لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا:**

❖ لە جیهانی پیشەسازیدا : پیاوانی جگەرەکێش : ٤٢٪ و ژنانی جگەرەکێش : ٢٤٪

❖ لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا: پیاوانی جگەرەکێش : ٤٨٪ و ژنانی جگەرەکێش : ٧٪.

❖ بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی جگەرەکێش لە ستانداردی جیهانیدا بەم شێوەیەیە:

١.نێر لە سەروو ١٦ ساڵ = ٤٠٪

٢. مێ لەسەروو ١٦ ساڵ = ٥٪

٣. نێر لە خوار ١٦ ساڵ = ٥٪

٤.مێ لە خوار ١٦ ساڵ = ١٠٪





❖ **هەندێ ژمارەی مەترسیدار و سەرسوڕهێنەر لە وڵاتاندا لەسەر جگەرەکێشان :**

❖ ٤ر٦ ملیار جگەرە ساڵانە لەلایەن یەمەنیەکانەوە دەکێشرێت،کە هاوتایە لەگەڵ ٥ر٣١٧ ملیۆن پاکەت جگەرەو لە ڕۆژێکدا دەکاتە ٨٧٠ هەزار پاکەت جگەرە. کە ئەم ڕێژەیە لەبەکارهێنانی جگەرە لە یەمەندا گەر بەدرێژی حساب بکرێت دەکاتە ٥٠٨ هەزار کیلۆمەتر, خۆ ئەگەر جگەرەی بەکارهاتوو بەدرێژی حسابکەین ساڵانە , ئەوا دەکاتە درێژی تیرەی زەوی بە ١٨ جار. هەمان لێکۆڵینەوە کە لەلایەن د. احمد حسین الحداء وە سازکراوە کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری صندوقی چاودێری تازەپێگەیشتوان و گەنجانە, دەرکەوتوە کە ڕێژەی جگەرەکێشان لە یەمەندا دادەنرێت بە بەرزترین ڕێژە.بە زمانی ژمارەکان : ٧ر٨٥ ٪ لە پیاوان جگەرەکێشن و ژنانیش بە ڕێژەی ٢ر٣٠٪ و لەسەر ئاستی وڵاتی یەمەنیش ٤ر٣ ملیۆن کەس جگەرەکێشن و کە ڕێژەی ٢ر٢٩٪ تەمەنیان لە نێوان ١٧–٢٤ ساڵدایە,تێکڕای پارەی خەرجکراو لە یەمەندا بۆ ساڵێك بریتیە لە ٣ر٢١ ملیار ڕیال و هەروەها ڕێژەی ڕووبەری چێنراو بە تووتنیش زیادیکردوە بۆ دوو ئەوەندە.هەروەها دەریشکەوتوە کە حکومەت تەنها ڕێژەی ١٠٪ ی ئەوەی خەرجیدەکات لە جگەرەکێشاندا لە باجەکان دەستیدەکەوێتەوە. لە یەمەندا

یەکێك لەو سێ هۆکارە سەرەکیەی مردن بریتیە لە جگەرەکێشان لەپاڵ ڕووداوی هاتوچۆ و تەقەکردن.

**❖ ٦٠ ملیار جگەرە لە میسردا لە ساڵێکدا بەکاردێت :**

وەزیری تەندروستی لەم دواییانەدا ڕایگەیاندوە کە لە میسردا ساڵانە ٦٠ ملیار جگەرە بەکاردەهێنرێت. وە ڕاشیگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ٨٥ ملیار جگەرە.و لەسەر بنەمای ئەوەی کە ساڵانە ڕێژەی ٢٪ جگەرەکێش زیاد دەکات هەربۆیە لەسەر ئاستی کۆی ژمارەی دانیشتوان ٦ ملیۆن جگەرەکێش لە میسردا هەیە کە لەنێوانیاندا نیو ملیۆن منداڵی جگەرە کێش هەیە.

بەمەبەستی ڕێگەگرتنیش لە جگەرەکێشان وەزیرەی ژینگەی میسری داوای چەسپاندنی یاسای ژینگەی کردوە کە بڕی (( ٦هەزار دۆلار )) دەسەپێنێتە سەر ئەو خاوەن کارەی کە ڕێگە بە جگەرەکێشان دەدات لەجێگەی کارکردندا.

**❖ جگەرەکێشان لە چین ٨٠٠ هەزار کەسی کوشتوە لە ساڵی ١٩٩٩دا :**

ئامارێك کە لەلایەن ڕۆژنامەیەك کە لە شەنغهای دەردەچێت بڵاویکردەوە کە ئەمساڵ واتە ساڵی ١٩٩٩ تووتن بۆتە هۆی کوشتنی ٨٠٠ هەزار کەس لە چین.کە ئەم ژمارەیە بە ژمارەیەکی پێوانەیی دادەنرێت لە وڵاتێکی وەکو چیندا کە ژمارەی





جگەرەکێشەکانی بریتیە لە ٣٢٠ ملیۆن جگەرەکێش.واتە بەرزترین ڕێژەی جگەرەکێش لە جیهاندا. واشی بۆدەچن کە ئەم ژمارەیە بۆ چوار ئەوەندە زیاد بکات لە ساڵی ٢٠٥٠دا گەر ڕێوشوێنی توندو گونجاو نەگیرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان.

لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆتایی ساڵی ١٩٩٨دا دەرکەوتوە کە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن لە ئێستاوە تا ساڵی ٢٠٥٠.

بەکارهێنانی جگەرەش لە چین ساڵانە لەبەرزبونەوەدایە لە ١٠٠ ملیارەوە لە سەرەتای پەنجاکانەوە بۆ ٥٠٠ملیار لە هەشتاکاندا و لە ئێستاشدا ساڵی ١٩٩٩ گەیشتۆتە ١٨٨ ملیار .

تێکڕای بەکارهێنانی جگەرەی ڕۆژانە لەلایەن پیاوانی جگەرەکێشەوە لە چیندا بەرزبۆتەوە لە یەك جگەرەوە لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ١٩٥٢دا بۆ ٤ جگەرە ڕۆژانە لە ساڵی ١٩٧٢دا و بۆ ١٠ جگەرە ڕۆژانە لە ساڵی ١٩٩٢دا.هەر لە ڕاپرسیەکیشدا دەرکەوتوە کە ڕێژەی ٩٣ر٧٪ جگەرەکێشەکان لەناو پیاواندایە.لە چین, تووتن بە هەموو شێوەیەك لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە و بوارێکی گرنگی ئابوریە کە باجەکانی سەر تووتن لە ساڵی ١٩٩٨دا گەیشتۆتە نزیکەی ١٨ ملیار دۆلار کە لەساڵی ١٩٩٦دا تەنها بریتیی بوە لە ١٠ ملیار دۆلار. ٢

دوای چین و ئەمریکا هندستان بە سێیەم وڵاتی جیهان دادەنرێت کە ساڵانە نزیکەی ١ ملیۆن کەس بەجگەرە دەمرن.

### ❖ پیشەسازی تووتن و جگەرە لە عێراقدا : ٢

پیشەسازی جگەرە یەکێکە لە پیشەسازیە کۆن و دێرینەکانی عێراق کە دەسکەوتێکی گەورەی لێوەدەستدەکەوێت, بەشێوەیەك یەکەم کارگەی دەستی بەرهەمێنانی جگەرە لە عێراقدا لەساڵی ١٩٢٦دا بۆ یەکەم جار دامەزراوە بەناوی کارگەی (( دوکەڵ و جگەرە)) و یەکەم نیشانەی جیاکەرەوەیان تۆمارکرد و لەسەر پاکەتی جگەرەکە دایاننا بەناوی ((ئاسك))وە بوو.دواتر چەندین کارگەی جگەرەی تری ئەهلی لەساڵەکانی سیەکانی سەدەی بیستدا دامەزران.




وێنەی(١٨-٢) نمونەی بەرهەمی جگەرە و شقارتەی عێراقی

لەساڵی ١٩٦٤ دا بە پێی یاسای خۆماڵیکردن هەموو کارگە ئەهلیەکان تێکەڵکران و ناونران(( کۆمپانیای گشتی بۆ دوکەڵی عێراقی )).








وێنەی(١٩-٢) نمونەی جگەرەی تورکی لە ساڵی ١٩٦٤دا




وێنەی(٢٠-٢) نمونەی شقارتەی کۆنی عێراقی و چەرخی نەوتی ٦

(( کۆمپانیای گشتی شقارتە)) چووە سەر ((کۆمپانیای گشتی دوکەڵ و جگەرە )) لە ساڵی ١٩٨٧دا و هەردووکیان بوونە ((کۆمپانیای گشتی بۆ تووتن و جگەرە)) بە پێی یاسای کۆمپانیا گشتیەکان ژمارە ٢٢ ی ساڵی ١٩٩٧.



وێنەی(٢١-٢) هێڵێکی بەرهەمهێنانی جگەرە ٢

لەساڵی ١٩٩٨یشدا وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان ((کۆمپانیای گشتی بۆ تووتن و جگەرە))ی دامەزراند.ئیدی لەو کاتەوە ئەم کۆمپانیایە کەوتۆتە خۆی بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی جگەرە بە نوێکردنەوەی هێڵی بەرهەم و مەکینە و ئامێرەکان و لە ئێستادا کۆمپانیا کارگە و هێڵی بەرهەمی تەواوی هەیە و بەرهەمی ئەم کۆمپانیایە لە جگەرە ٧٥٪ ی پێداویستی ناوخۆ دابیندەکات, بەهۆی باشی بەرهەم و جۆر و وەکیەکی لەگەڵ پێوەرە پێوانەییەکاندا.٢







وێنەی(٢٢-٢) پرۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرە ٢

سەرچاوەکانی ئەم بەشە:

================

١. کتێبی: امراض شائعة وعلاجها/ احمد محمد عوف.
٢. پێگەی ئینتەرنێتی ویکیبیدیا/ الموسوعة الحرة.
٣. گیروگرفتی تووتن/ علی ناجی عەتار/ چاپخانەی کامەرانی/ سلێمانی / ١٩٥٩.
٦.ئەرشیف و دۆکۆمێنت و ڕاپۆرتە دێرینەکانی کارگە.
٨.htt://www.wwho.int/tobaco/publications/surveilance
٩.htt://www.nuqudy.com

****************************

******************

**********

***

# بەشی سێیەم
# مێژووی کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە شاری سلێمانی





## ❖ پێشەکیەکی مێژوویی لەسەر کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی




وێنەی(١-٣)کۆنترین وێنەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٩دا



وێنەی(٢-٣) نوێترین وێنەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ٢٠١٣/١٠/٣١دا



وێنەی(٣-٣)



وێنەی(٤-٣) چەند وێنەیەکی نوێی کارگە







وێنەی(٥-٣) جیاوازی وێنەکانی کارگە لە ساڵی ١٩٥٩ و ٢٠١٣دا

**١. کارگەی جگەرەی سلێمانی ٦**

لەسەر ڕووبەری نزیکەی ٣٠٠٠٠ مەتر دووجا,بەردی بناغەی پرۆژەی دامەزراندنی کارگەی جگەرە لە ساڵی ١٩٥٦دا لەلایەن وەزارەتی ئابوری- ئیدارەی ئینحیصاری تووتنی هەڵوەشاوە ((ادارة انحصار التبغ الملغاة)) وە دانراوە, بە بودجەی گشتی ((٥)) پێنج ملیۆن دینار,بەلاّم سەرمایەی خەرجکراو گەیشتە (( ١٣٨٥٨٦١)) یەك ملیۆن و سێ سەد و هەشتاو پێنج هەزار و هەشت سەد و شەست و یەك دینار, کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی هەڵساوە بە دروستکردنی کارگەکە و بەشەکانی. دواتر خرایە سەر وەزارەتی پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی پرۆژەکان و لەبەرواری ١٩٦١/٩/١١ یشدا دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی جگەرەی بێ فلتەر بە توانای (( ٣ر٥ )) ملیۆن

جگەرە لەیەك وەجبە ئیشدا (( ٨ )) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. بەناوی جگەرەی جمهوری(( سكاير الجمهورية))، پاش ماوەیەك ئیشکردن و بەرزبونەوەی شارەزایی وتوانای کادر و تەکنیکیەکان بەرهەمی جگەرە بەرزبۆوە بۆ توانای دیاریکراوی خۆی کە بەرهەمهێنانی (( ٤ )) چوار ملیۆن جگەرە بوو لە وەجبەیەك ئیشکردندا.

لەساڵی ١٩٦٩دا دەستکرا بە بەرهەمهێنانی دوو جۆر جگەرەی فلتەردار بەناوی (( غازی و صلاح الدين))وە بەڵام بە وزەیەکی دیاریکراو, دواتر لە ساڵی ١٩٧٦دا هەندێ ئامێری تازە دامەزرا لە کارگە بۆ زیاترکردنی بەرهەمهێنانی جگەرە بە فلتەرەوە .

لە ساڵی ١٩٧٥دا کارگەی پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی کە پێشتر و لەساڵی ١٩٧٠دا دامەزرابوو لەگەڵ کارگەی جگەرەدا کران بەیەك بەڕێوەبەرایەتی بەناوی ((کارگەکانی جگەرە و پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی )). لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧دا دەستکرا بە بەرهەمهێنانی جگەرەی فلتەردار لە جۆری ((سۆمەر و بەغداد)) بەتوانای ١٤ چواردە ملیۆن جگەرە بەدوو وەجبە ئیشکردن لە ڕۆژێکدا کە ٩ نۆ ملیۆن جگەرەی لە پاکەتی وەرەقیدا بوو , و ٥ پێنج ملیۆن جگەرەی لە پاکەتی کارتۆنیدا بووە. و لە ساڵی ١٩٨٠دا بەرهەمهێنانی جگەرەی ((الجمهورية)) ڕاگیرا.








وێنەی(٦-٣) کارگەی جگەرەر وپوختەکردنی تووتن

❖ لەکارگەی جگەرەدا سێ هێڵی بەرهەمهێنان هەیە کە توانای ساڵانەی ئەم سێ هێڵە (( ٢٠-٢٢ )) ملیۆن گرۆس لە جگەرەیە.ئەم هێڵانەش بریتین لە:

١. هێڵی بەشی مامەڵەکردنی تووتن (( معاملة التبوغ )).
٢. هێڵی سەرەکی دروستکردنی جگەرەکە لە (( ١٣ )) کۆمەڵە ئامێری دروستکردنی جگەرە پێکهاتووە.
٣. هێڵی سەرەکی پێچانەوەی جگەرەی فلتەری کاغەزی و کارتۆنی.

❖ پەرەپێدانی بەرهەم و هۆکارەکانی وەستانی ئەم هێڵانە:

بەهۆی گەمارۆی ئابوریەوە هیچ پێشنیازێك بەدەستەوە نیە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردن و چاککردنی هێڵەکانی بەرهەم و هەروەها نەبوونی مەوادی یەدەگی کارەبایی و میکانیکی ئامێرەکان.

❖ توانای وزەی بەرهەمهێنانی جگەرە لە کاتی ئێستادا ((ساڵی ٢٠٠٢ )) دەگاتە (( ٧ )) ملیۆن جگەرە لەوەجبەیەك ئیشکردندا (( ٧)) کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا.

❖ ژمارەی کارمەندانی هونەری و کارگێڕی و ژمێریاری و ئەوانەی تریش لەگەڵ کرێکاراندا کە لەسەر میلاکی هەمیشەیی تۆمارکراون لە هەرسێ کارگەدا(( جگەرە و پوختەکردن و ترشاندن)) لە سلێمانی دەگاتە (( ١٣٦١ )) هەزار و سێ سەد و شەست ویەك کارمەند و کرێکار.





٢. ا// **کارگەی پوختەکردنی کۆنی تووتن لە سلێمانی** ٦

لەسەر ڕووبەری ٢٥٠٠٠ مەتر دووجا دامەزرا.لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار پوختەکردنی تووتن بەدەستی لە کوردستانی عێراق دەستپێکرد بە ئامێری کەبسی دەستی باڵەی لێدروستدەکرا, لەساڵی١٩٦٤-١٩٦٥ بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصار دوو ئامێری بولگاری لە (( معرض بغداد الدولی )) دەست کەوت بۆ پوختەکردنی تووتن و لە ساڵی ١٩٦٧دا ٤ چوار ئامێری بولگاری بەبڕی (( ٧٠٠٠٠ )) دۆلاری ئەمریکی کڕدرا و لە یەکێك لە گەنجینەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصار دانرا و خرایە پاڵ ئەو دوو ئامێرەی تر و کەوتنە پوختەکردنی توون بە بڕی (( ٦ )) تەن لەوەجبەیەك ئیشکردنی (( ٨ )) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. هەر لەسەرەتای دروستکردنی ئەم کارگەیەوە لە ساڵی ١٩٦٥وە دەستکرا بە ناردنی تووتن بۆ وڵاتانی میسر و ئورودن و یابان و بەریتانیاوئەمریکا.

٢. ب // **کارگەی پوختەکردنی تازەی تووتن لە سلێمانی** ٦

لەسەر ڕووبەری ٢٠٠٠٠مەتر دووجا دامەزرا,و یەکێکە لە گەورەترین کارگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, بەڕێوەبەرایەتی ئینحیصاری تووتن لە (( ١٩٦٨/١٢/٢١))دا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دروستکردنی کارگەیەکی نوێ بۆ پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی پاش پەککەوتنی کارگەی پوختەکردنی تووتنی کۆن. ئەم کارگە تازەیە لەلایەن کۆمپانیای (( ساسیب)) ی ئیتالیەوە

دروستکرا و بە بڕی ((٨٦٨٠٠٠)) دیناری عێراقی, و لە ١٩٧٠/٩/١٨دا بۆ یەکەم جار ئیشی پێکرا وەك تاقیکردنەوە و بڕی بەرهەمی تووتنی پوختەکراو لە ساڵێکدا گەیشتە (( ٤ )) چوار ملیۆن کگم بەیەك وەجبەی ((٨)) کاتژمێری ئیشکردن لە ڕۆژێکدا.

### ٣. کارگەی ترشاندنی تووتن لە سلێمانی ٦

گەورەترین کارگەیە لەناوچەکەدا ولەساڵی١٩٨٣- ١٩٨٤دا دەستکرا بە ئیشکردن لەم کارگەیەدا و لە ساڵی ١٩٨٨ دا تەواو بوو, ئەم کارگەیە لەلایەن کۆمپانیای بولگاری ((بایوانفیست)) و (( خرانوماش)) و (( بولگارنۆیك)) وە دروستکرا بەبڕی تێچووی ١٤ ملیۆن دیناری عێراقی.لەدوای تەواوبوونی هەموو کارێکی ئەندازەیی و بیناسازی و دانانی ئامێرەکانی ئەم کارگەیە کە لە (( ١٤ )) جامپەر پێکهاتووە بۆ ترشاندنی تووتنی پوختەکراو بڕی (( ١١)) یانزە هەزار تەن تووتنی پوختەکراو ئەترشێنێ لە ساڵێکدا.

ژمارەی کارمەندانی هەرسێ کارگەکانی سەرەوە بریتی بوون لە ٢٤٥١ کارمەند.








وێنەی(٧-٣) کارگەی ترشاندنی تووتن لە سلێمانی

**٤.کارگەی پوختەکردنی تووتن لە هەڵەبجە ٦**

دەستکرا بە جێبەجێکردنی و توانرا ڕۆژانە ٣-٥ تەن تووتن پوختە بکات.

**٥.کارگەکانی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە٦**

پاش دامەزراندنی کارگەکە , لە بەرواری ١٩٧٦/١/٢دا دەستی کرد بە بەرهەمهێنان ودەتوانرا ڕۆژانە ٣-٥ تەن تووتن پوختە بکات.

**٦. کارگەی جگەرەی هەولێر٦**

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٩-١٩٧٢ دا کارگە دروستکراوە و بەرهەمی دەرکردووە، ڕۆژانە توانیویەتی ٨٠٠-١٠٠٠ کارتۆن جگەرە بەرهەم بهێنێت

**٧. کارگەی جگەرەی نەصر لە بەغداد: ٦**

کۆی پارەی تێچووی بریتی بووە لە ٦٠ ملیۆن دیناری عێراقی و یەکێك بوە لەهەرە گەورەترینی کارگەکانی ناوچەکە, لەتوانایدا هەبوە کە ڕۆژانە ٤٥٠٠-٥٠٠٠ کارتۆن جگەرە دەربکات, لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا دەستی کرد بە بەرهەمهێنان.

**٨. کارگەی جگەرەی کراوە: ٦**

ڕۆژانە بەرهەمی لە نێوان ١٠٠٠-١٥٠٠ کارتۆن جگەرەدابووە.

❖ کۆی بەرهەمهێنانی جگەرە لە کارگەکانی جگەرەی عێراقدا لە ساڵی ١٩٨٨دا و بەشی ٩١٪ی دانیشتوانی عێراقی





دەکرد و بڕی ٩٪ لەدەرەوەی وولاَتەوە دەهێنرایە عێراقەوە, بۆ ئەمەش پێویستی بە بڕی ٢٠٦١٠٠٠ کارتۆن جگەرە هەبوە , چونکە ١٦٪ دانیشتوان کە بریتی بوە لە ٢٥٠٠٠٠٠ کەس جگەرەکێش بوون لە عێراقدا.

❖ **هۆی دابەزینی بەرهەم لە کارگەی ترشاندنی تووتندا ٦**

١. کەمی داواکاری لەسەر تووتن بە گشتی.
٢. کەمی بەرهەمهێنانی تووتنی خام.
٣. بونی بڕی زۆر و کەڵەکەبووی تووتن لە گەنجینەکاندا.
٤. پشتبەستنی کارگە بە بەرهەمهێنانی تووتنی پوختەکراو لەکارگەی پوختەکردنی تووتندا



وێنەی(٨-٣) ڕۆژی کردنەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لەلایەن پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانیەوە




وێنەی(٩-٣)ئەم وێنەیە لە بەرواری ٢٨//١١/١٩٦٠دا گیراون

ئەوانەی کە ناسراونەتەوە:

١. باقر دوجەیلی : پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی
٢. جەلال حاجی سعید ئاغا: بەڕێوەبەری کارگەی جگەرە
٣. حاجی علی کۆڵەك . ٤.ئەمین بەگ
٥.بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی ئەوکاتە

یەکەم جار ناوی ئەم کارگەیە بریتی بوە لە (( کارگەی دروستکردنی جگەرەی سلێمانی )) کە سەر بەوەزارەتی ئابوری بوە تا ساڵی ١٩٦٤. پاشان بۆتە کارگەیەك سەر بەوەزارەتی ((صناعة الکیمیاویة والغذائیة)) و لێرەشەوە ناوی کارگەکە گۆڕدرا و بوو بە (( شرکة عامة لسکایر السلیمانیة))،سەرمایەی کارگەکە لە ١٩٦٥/٣/٣١دابریتی بووەلە(( ٣٧٥٤٣٠)) دینار..





**❖ ئەو کارگانەی کە سەر بە کارگەی جگەرەی سلێمانی بوون :**

١. کارگەی تووتنی کۆن
٢. کارگەی تووتنی تازە
٣. کارگەی تووتنی هەڵەبجە
٤. کارگەی تووتنی کۆیە

**❖ نمەرەکانی تووتن**

١. تووتنی مونەقەحی یۆنك A
٢. تووتنی مونەقەحی یۆنك B
٣. تووتنی مونەقەحی یۆنك C
٤. تووتنی نسارا , کە جۆرێکی تووتنەکە گەڵاکەی وورد بوو.

**❖ ناوی ئەو جگەرانەی کە تا ئێستا دەرچوون لەم کارگەیەوە بریتین لە : ٦**



وێنەی(١٠-٣) کۆی بەرهەمی جگەرەی کارگەی جگەرەی سلێمانی

١. جگەرەی بەبیٚ فلتەر




٢. جگەرەی جمهوری کۆنی بیٚ فلتەر




٣. جگەرەی ١٤ ی تەمووزی جمهوری

٤. جگەرەی عەلائەدینی کاغەزی فلتەردار

٥. جگەرەی عەلائەدینی کارتۆنی فلتەردار

٦. جگەرەی بەغدادی کارتۆنی فلتەردار








٧. جگەرەی بەغدادی کاغەزی فلتەردار




٨. جگەرەی غازی فلتەردار



٩. جگەرەی جمهوری فلتەردار

١٠. جگەرەی جمهوریەی بێ فلتەر

١١. جگەرەی سۆمەر












١٢. جگەرەی سان : یەکەم جگەرەی کوردی لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.دروستکرا لە مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ ی ساڵی ٢٠٠١





و تا مانگەکانی ١ و ٨ و٩ و١٠و١١ ی ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو, ئیدی لەو بەروارە بەدواوە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە جگەرەیەش ڕاگیرا.






**❖ بەرواری ڕاوەستانی کارگە لە بەرهەمهێنانی جگەرە : ٦**

کارگەی جگەرە لە بەرواری مانگی ٢٠٠٤/١/١٢دا بەتەواوەتی لە بەرهەمهێنانی جگەرە ڕاوەستا, لەلایەك بەهۆی نەمانی مەوادی سەرەکیی بەرهەمهێنان لە تووتن و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هێنانی جگەرەی بیانیەوە جگەرەی ناوخۆ ئەو گرنگیەی نەما .هەربۆیە لە ئێستادا کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ کارگەی پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی.

**❖ لیستی گە نجینەکانی کارگەکانی جگەرەو پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی ٦**



وێنەی(١١-٣) گەنجینەیەکی ناو کارگە





## ١/ گە نجینەکانی ناو کارگەی جگەرە

**خشتەی ژمارە(١-٣)**

| ژ | ناوی گە نجینە | ڕووبەر مەتر دووجا | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ١ | ١٣٨٠ | موخەلەفات |
| ٢ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٢ | ١٣٨٠ | گەنجینەی تووتنی اجنبی + نثارة و مكسوره |
| ٣ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٣ | ١٣٨٠ | گەنجینەی تووتنی اجنی |
| ٤ | گەنجینەی کۆنکرێتی ستراتیژی ٣ قات | ٢٧٠٠ | جگەرەی بەلێندەری تیادایە |
| ٥ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٥ | ١٣٨٠ | گەنجینەی مەوادی اولی + مەوادی فاو |
| ٦ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٦ | ١٣٨٠ | ئێستا ڕێکخراوی (WHO) تێدایە |
| ٧ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٧ | ١٣٨٠ | مەوادی اولی جگەرە+ تووتنی خام |
| ٨ | گەنجینەی جەمەلۆنی ژمارە ٨ | ١٣٨٠ | مەوادی اولی جگەرەی تیادایە |
| ٩ | گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ٩ | ٣٤٠ | گەنجینەی موخەلەفات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٠ | ٩٠ | گەنجینەی مەوادی یەدەگی |
| ١١ | گەنجینەی تووتنی کۆنکرێتی ٣ قات ١١ | ٥٤٠٠ | گەنجینەی تووتنی خام + تووتنی منقح و موخەمەر |
| ١٢ | گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٢ | ٥٠٠ | چۆڵە |
| ١٣ | گەنجینەی کۆنکرێتی ژمارە ١٣ | ٢٤٠ | بضاعەی جاهزە |
| ١٤ | گەنجینەی کۆنکرێتی قاتی دووی کارگە ژمارە ١٤ | ٥٠٠٠ | چۆڵە |
| ١٥ | گەنجینەکانی تەخمیر چوار قات | ١١٠٤٠ | تووتنی منقەح و موخەمەر |



وێنەی(١٢-٣)







وێنەی(١٣-٣) گەنجینەکانی ناو کارگە

## ب/ گە نجینەکانی دەرەوەی کارگە

### خشتەی ژمارە (٢-٣)

| ژ | ناوی گە نجینە | ڕووبەر مەتر دووجا | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | گەنجینەکانی انحصاری کۆن/ ٥ گەنجینە | ٥٦٥٠ | ٣ گەنجینە بۆ ڕێکخراوی undp + ١ گەنجینە بۆ مەکتەبی دارایی |
| ٢ | گەنجینەکانی مجمع مخازن لە ناوچەی پیشەسازی | ٣٩٠٠ | ٢٤٠٠ م بۆ یونیسێف + ١٥٠٠م مەخزەنی کۆنکرێتی |
| ٣ | گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی | ١٥٠٠ | چۆڵە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی | ١٥٠٠ | کارگەی خوێی یۆدی بازیان |
| ٥ | گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی | ٦٠٠ | دراوە بەکرێ بە ادمۆن انور |
| ٦ | گەنجینەکانی مجمع مخازن لەناوچەی پیشەسازی | ١٥٠٠ | دراوە بە مانگی سوور |
| ٧ | گەنجینەکانی مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی چەمچەماڵ | ١٠٠٠ | بەدەست خۆمانەوەیە تەنها ئیدارەکەی یەکێتی ژنانی تیادایە |
| ٨ | گەنجینەی کۆنکرێتی ٢ قات/ دوکان | ١٢٠٠ | دائرەی کارەبای دوکانی تیادایە |
| ٩ | گەنجینەی کۆنکرێتی ٢ قات ڕانیە ٢ گەنجینەیە | ٦٤٠٠ | بەدەست خۆمانەوەیە تووتنی خامی تێدایە |
| ١٠ | گەنجینەی جەمەلۆنی ڕانیە ٣ گەنجینەیە | ٢٠٠٠ | ا/دراوە بە ئیبراهیم باموکی . ب/ بەیتەرەی ڕانیەی تیادایە |
| ١١ | گەنجینەکانی کۆنکرێتی کۆیە | ٥٠٠٠ | تووتنی خامی تیادایە |
| ١٢ | مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی هەڵەبجەی شەهید | | ڕوخاوە |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی چوارتا | ١٠٠٠ | بەدەست ڕێکخراوی MAGیەوەیە / تحویل کراوە |
| ١٤ | مەڵبەندی وەرگرتنی تووتنی ماوەت | ١٠٠٠ | دراوە بە ڕێکخراوی NPA/ تحویل کراوە |

**تێبینی :**

=====

❖ کۆی ڕووبەری هەموو کۆگاکانی ناو کارگە و دەرەوەی کارگە لە قەزا و ناحیەکاندا, بریتیە لە ٦٧١٥٠ مەتر دووجا زەوی, کە ئەم ڕووبەرە لەتوانایدا هەبوو بڕی ١٨ ملیۆن کگم تووتن هەڵبگرێت, بەشێوەیەك کۆگاکانی ناو کارگە ڕووبەریان ٣٤٩٠٠ مەتر دووجا بوە و کۆگاکانی دەرەوەی کارگەش ڕووبەریان ٣٢٢٥٠ مەتر دووجا بووە.

❖ ئەو زانیاریانەی لە هەردوو خشتەکەدان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠-٢٠٠٥.

❖ **وەرشەکانی کارگە(( سازنگەکان ))؛ ٧**

وەرشەکانی (( سازنگەکانی)) کارگە سەر بە بەشی کاروباری تەکنیکی کارگە بوون ، و هەستاون بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان کە خۆیان دەبینیەوە لە:

٧. **وەرشەی کارەبا** :کە هەڵدەستا بەکاری چاکسازی ماتۆڕەکان ولەفکردنەوەیان لەکاتی پێویستدا وهەروەها چاکسازی مەکینەکان لە ڕووی کارەباییەوە.

٨. **وەرشەی میکانیك** : هەڵدەستا بە چاکسازیکردنی ئامێر ومەکینەکان و سەرپەرشتیکردنی وەرشەکان بۆ دروستکردنی پارچەی یەدەگی.و ئەم ئامێرانەی تیادایە:

((٥)) تۆڕنەی جۆراوجۆر،((٢)) ئامێری فرێزە،((١)) ئامێری مقشطة ، ئامێری گراین، ئامێری لەحیم و بڕینەوەی مقەستی کارەبایی و دەستی، کۆسەرەی جۆراوجۆر. و ژمارەی کارمەندا لە (( ٧ –٢١))کارمەندبوون .ئەو کارانەی کە ئەم وەرشەیە پێی هەڵدەستا ئەمانەن:

ا. دروستکردنی شەفت بەهەموو جۆرەکانیەوە لە گەورەو بچووك.

ب. دروستکردنی هەموو پارچەکانی مەکینەی پڕکردنەوەی جگەرەو دروستکردنی جگەرە.

ج. دروستکردنی هەموو جۆرەکانی بودش و فلنجە و پولی.

د. هەموو جۆرە کارێکی لەحیمکردن.





٩. **وەرشەی دارتاشی** : هەڵدەستا بەدروستکردنی پێداویستیەکانی بەشەکانی کارگە لە ڕووی دارتاشیەوە.و ئەم ئامێرانەی تیادا بووە: (( ٢)) ئامێری ئیتالی و ئەڵمانی قەبارە ١٨٠٠ و ٢٠٠٠.بۆ بڕینەوە و صافکردنی ڕووی تەختە، مشاری کارەبایی بۆ بڕینەوە، درێلی کارەبایی،چەند مەنگەنەیەك.ژمارەی کارمەندان((٨))کارمەندبوون.

١٠. **وەرشەی ئۆتۆمبێلەکان**: هەڵدەستا بە چاککردنەوەی سەرجەمی ئۆتۆمبێلەکانی کارگە بە سەرپەرشتی ئەندازیاران و تەکنیکیەکان.

١١. **چاکسازی میکانیکی**

١٢. **هەواگۆڕکێ وشێکردن**

١٣. **جگەرەی خرا پبوو**

١٤. **چاکسازی بیناکان** : هەڵدەستا بە سەرپەرشتیکردن و دروستکردنی بینای ناو کارگە و کۆگاکان و چاکسازیکردنی خانووەکانی کرێکاران و فەرمانبەران.





وێنەی(١٤-٣) وەرشەکانی کارگە





❖ **پەیکەری ڕێکخستنی کارگە :** ٦

کە هەموو بەش و هۆبەکانی کارگە لە خۆدەگرێت .و ئاشکرایە کە پەیکەری ڕێکخستنی هەر کارگە و فەرمانگەیەك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و پێویستە بە ڕوونی وبەئاشکرا هەڵبواسرێت. چونکە پەیکەری ڕێکخستن هەموو ئەرك و دەسەلآت و لێپرسراوەکان دەستنیشان دەکات. لێرەدا کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ١٠ بەشی سەرەکی و ٤٠ هۆبە پێکهاتووە.بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. **بەشی یاسا**.
٢. **بەشی ئامار**.
٣. **بەشی کارگێڕی**: ئەم هۆبانە سەر بەون:

ا.دایەنگا
ب.خۆیەتی
ج.ئاگرکوژێنەوە
د.گواستنەوە
ه.پەیوەندییەکان: ئەم هۆبانەی لەخۆ دەگرت:

١. پرسگە
٢.کاتژاگر
٣.یەکەی تەندروستی
٤.هێڵگۆڕکێ
٥.پاسەوان

٦.باخەوان

٧.پاکەرەوە

٤. **بەشی تەکنیکی جگەرە:**

٥. **بەشی ژمێریاری** : ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا. ژمێریاری دارایی

ب.ژمێریاری تێژوون

ج.ژمێریاری گەنجینەکان

د.ژمێریاری مووچە

٦. **بەشی ووردبین**

٧.**بەشی بازرگانی** : ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا.کڕین و فرۆشتن

ب. گەنجینەکان: ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

١. گەنجینەی کەرەسەی یەدەگی

٢.گەنجینەی تووتن

٣.گەنجینەی تووتنی خام لە ڕانیە

٤.گەنجینەی نثار ومەکسور

٥.گەنجینەی پوختەکراو

٦.گەنجینەی جۆراوجۆر

٧. مەڵبەندی گەنجینەی ڕانیە

٨.گەنجینەی سووتەمەنی





٨. **بەشی کۆنترۆڵ** : تاقیگەی پێوە پەیوەستە.

٩. **بەشی بەرهەم**: ئەم هۆبانەی پێوەپەیوەستە:

ا.خاوکردنەوە

ب.شیکردنەوە

ج.جیاکردنەوە

د.تێکردن

ه.ترشاندن

١٠. **بەشی تەکنیکی**: ئەم هۆبانەی پێوە پەیوەستە:

ا.وێسگەی بەرهەمهێنانی کارەبا

ب. چاکسازی میکانیك

ج. چاکسازی کارەبایی و وەرشەی لەف

د.چاکسازی ئۆتۆمبێل

ه. ئەندازە و پرۆژەکان








### ❖ ژمارەی فەرمانبەرانی کارگە ٦ :

تا بەرواری ٢٠١٣/١٠/٣١ ژمارەی فەرمانبەرانی کارگە بریتی بووە لە ٢٤١ فەرمانبەر. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

خشتەی ژمارە (٣-٣)

| بڕوانامە | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| بەکالۆریۆس | ١١ | ٣ | ١٤ |
| دبلۆم | ٩ | ١٣ | ٢٢ |
| ئا. پیشەسازی | ٣٨ | ٥ | ٤٣ |
| ئا. کشتوکاڵ | ٥ | ٠ | ٥ |
| ئا. بازرگانی | ١ | ١١ | ١٢ |
| ئا. ئەکادیمی | ٣ | ٤ | ٧ |
| ئا. تمریض | ٠٠٠ | ٢ | ٢ |
| ناوەندی | ٢ | ٤ | ٦ |
| سەرەتایی | ٣٩ | ٣٥ | ٧٤ |
| بێ بڕوانامە | ٢٨ | ٢٨ | ٥٦ |
| کۆی گشتی | ١٣٦ | ١٠٥ | ٢٤١ |

❖ ئەمەش ژمارەی فەرمانبەرانی کارگەیە لەو ساڵانەی کە لە خشتەکەدا هاتووە:

خشتەی ژمارە(٤-٣)

| ز | ساڵ | ژمارەی کارمەندان |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٠ | ١٣٨٤ |
| ٢ | ٢٠٠٥ | ١٢٢٥ |
| ٣ | ٢٠٠٦ | ١٠٠٦ |
| ٤ | ٢٠٠٧ | ٩٢٥ |
| ٥ | ٢٠٠٨ | ٦٧٧ |
| ٦ | ٢٠٠٩ | ٦٤٨ |
| ٧ | ٢٠١٠ | ٧٣٢ |
| ٨ | ٢٠١١ | ٥٦٥ |
| ٩ | ٢٠١٢ | ٣٩٨ |
| ١٠ | ٢٠١٣ | ٢٤٠ |

❖ **ڕووبەری زەوی کارگە :**

بریتیە لە ٢٦٫٥ دۆنم . و لەو ڕووبەرەش ٤٣٫٢٥٠ مەتر دووجای بینایە و ماوەکەشی بریتیە لە گۆڕەپان و باخ و ڕێگاوبان.







وێنەی(١٥-٣)



وێنەی(١٦-٣) کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ٢٠١٣/١٠/٣١دا



وێنەی(١٧-٣)



وێنەی(١٨-٣) دیمەنێکی ڕاڕەوەکانی ناو کارگە







وێنەی(١٩-٣)



وێنەی(٢٠-٣)گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلی کارگە



وێنەی(٢١-٣)گۆڕەپانی سەرەکی کارگە

### ❖ پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی جگەرە : ٦

ئەوکەرەسە خاوانەی کە دەچنە بەرهەمێنانی جگەرەوە بریتین لە:

١. تووتن
٢. کاغەزی فلین
٣. کاغەزی جگەرە
٤. فلتەر
٥. صندوقی گواستنەوە
٦. سلۆڤان
٧. ئەلەمنیۆم
٨. تووڵی سیمی سوور
٩. کارتۆن
١٠. کاغەزی بەرگی گرۆس
١١. کاردل
١٢. ئەسیتۆن
١٣. کەتیرە

### ❖ قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرە : ٦

**١.قۆناغی مامەڵەی تووتن:**

((تەڕکردن,ووردکردنی,ئامادەکردنی بۆ دروستکردنی جگەرە))







وێنەی(٢٢-٣) بەشی سایلۆکانی تووتنی جنراو

**٢.قۆناغی دروستکردنی جگەرە:**

دروستکردنی جگەرە و ئامادەکردنی لە قوڵینەی تایبەتدا بۆئەوەی ئامادە بێت بۆ کردنە ناو پاکەتەوە.

**٣.قۆناغی تێکردن و پێچانەوە:**

لەم قۆناغەدا: دووجۆر لە تێکردن هەیە: بەشێکی تێکردنی کارتۆنی و بەشێکی تر تێکردنی کاغەزیە.

**٤. قۆناغی وەرگرتنی بەرهەم ( بەرهەمی ئامادە ) بۆ بەشی کۆگان.**

**٥. هەڵگرتنی بەرهەم ( بەرهەمی ئامادە )**

**٦. قۆناغی دروستکردنی جگەرە:**

لەم قۆناغەدا ١٣ مەکینە هەیە بۆ دروستکردنی جگەرەی فلتەردار. بەشێوەیەك توانای تەصمیمی بۆ هەر مەکینەیەك بریتیە لە ( ٢٥٠٠ جگەرە/ خولەك) و توانای وەدیهاتووش بریتیە لە ( ٢٠٠٠ جگەرە/ خولەك) و وڵاتی دروستکەری ئەو

مەکینانەش بریتیە لە ولاَتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەو مەکینانە تا بەرواری ڕاوەستانی کارگە لەکار چەند ساڵێکە لەکاردان و کاری سازکاری و نۆژەنکردنەوەیان تیادا دەکرێت لەلایەن کارمەند و کادری شارەزای کارگەوە.

**٧. ا / مەکینەی پڕکردنی کارتۆنی:**

لەم کارگەیدا ٣ مەکینەی تێکردنی پاکەتی کارتۆنی هەیە و ناودەبرێن بە مەکینەی( Molense) کە لە ولاَتی بەریتانیاوە دروستکراوە و توانای تەصمیمی بریتیە لە ( ١٥٠ پاکەت/خولەك) و توانای وەدیهاتووشی بریتیە لە ( ١٤٠ پاکەت/ خولەك) و ئەو مەکینانە تا بەرواری ڕاوەستانی کارگە لەکاردابوون و کاری سازکار و خزمەتکردنیان لەلایەن کادرە شارەزاو بە ئەزمونەکانی کارگەوە جێبەجێی دەکرا.

**ب/ مەکینەی تێکردنی کاغەزی:**

ژمارەی ئەو مەکینانە بریتیە لە ٣ مەکینە بۆ بەرهەمهێنانی جگەرەی کاغەزی و توانای تەصمیمی بریتیە لە ( ٤٥٠ پاکەت/ خولەك) و بریتین لە مەکینەی شەمەرمۆندی دروستکراوی ئەڵمانیا. لەم بەشەدا دوو مەکینەی دروستکردنی پاکەتی جگەرەی کارتۆنی سۆمەر هەیە کە لە ولاَتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا دروستکراون و تونای تەصمیمیان بریتیە لە ( ٢٨٠ پاکەت/خولەك) و کە پێویستی بە کۆمەڵێك مەوادی یەدەگی هەیە.





- **ناسینی مەکینەکانی کارگە ٦**

ئامێری شێدارکردنی تووتن بە هۆی بۆشاییەوە(( تخلخل) Highvac tobaco humidifier , دوو یەکە هەیە بۆ شێدارکردنی تووتن بەهۆی بۆشاییەوە(( تخلخل)) – Highvac– توانای هەر ئامێرێك بریتیە لە ( ٧٠٠ کگم/کاتژمێر) لەهەموو جۆرە جیاوازەکانی تووتن لەماوەی ( ٢٠-٣٠) خولەکدا.

بەمەبەستی دروستکردنی خەرمان یان (( تەولیفە)) ( Blending)کە پێکدێت لە تێکەڵەیەك لە تووتنی فێرجینی و تووتنی ڕۆژهەلاَتی یان نیمچە ڕۆژهەلاَتی و تووتنی عێراقی هەریەکە بەڕێژەی دیاریکراوی خۆی لە خەرمانەکە و دادەنرێت لەناو صندوقێکی ئاسنیندا و کۆدەکرێتەوە لە عەرەبانەیەکدا ولەناو جەمبەرەکەدا دادەنرێت تا سوڕەکەی خۆی تەواو دەکات(ماوەکەی)، دوای تەواوبوونی تێرکردنی ئامێرەکە بە هەڵمی تێرکراو و بەرزبونەوەی شێی گەلاَی تووتنەکە بۆ ١٢٪ ئالەوکاتەدا ئەو تووتنە شێدارانە دەردەهێنرێت بەهۆی



وێنەی(٢٣-٣) ڕافعەی شەوکی بۆ گواستنەوەی باڵەی تووتنەکان لەناو کۆگای تووتنی ترشێنراودا

بەرزکەرەوەیەکی چنگاڵیەوە( رافعة الشوكية) بۆ هەڵگرتنی صندوقە ئاسنینەکە کە تووتنەکەی تیادایە و بەتاڵکردنەوەی و گواستنەوەی باڵەی تووتنە شێدارەکان بۆ سەر مێزی جیاکردنەوە و دواتر تێرکردنی قایشی باندەکە کە سەردەکەوێت بۆ لای ئامێری داماڵەر بۆ بەتاڵکردنەوەی شێی تووتنەکە بۆ

( ١٨-١٩ ٪) کە گونجاوە بۆ پرۆسەی جنینی تووتنەکە.



وێنەی(٢٤-٣) بەشی کۆنترۆڵ لەسەر پرۆسەی ترشاندنی دەستکردلە کارگەی ترشاندندا





کورتەی باسەکە ئەوەیە کە سوودی ئامێری شێدارکردنی تووتن بە بۆشایی دەبێتە هۆی وەکیەکی و بەیەکسان دابەشبوونی شێکە بۆ ناو هەموو بارستە و قەوارەیەکی گەڵای تووتنەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەماوەیەکی زۆر کورتی پێوانەییدا.

❖ دوو یەکە هەیە بۆ داماڵین : ٦

توانای هەر ئامێرێك بریتیە لە ( ٧٠٠ کگم/کاتژمێر ) کاریگەری ئامێرەکە لەسەر بەرزبونەوەی شێی گەڵای تووتنەکە لە ( ١٢٪ بۆ ١٩٪).سیستەمی شێدارکردن تیایدا بریتیە لە سیستەمی ((جێت)) ( jets) ( spray nozzle) بەشێوەیەك کاتێك گەڵای تووتنەکە دەچێتە ناویەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ ناو لولەکێك لەکاتێکدا پەنجە لوولیێچە ڕیزکراوەکان کە بەدرێژایی لوولەکە بوونبان هەیە یان هەندێك جار لوولەکەکە پلێتی تیادادادەنرێت لەسەر شێوەی زمانە ( blades) بۆ هەڵگێڕانەوە و تێکەڵکردنی گەڵای تووتنەکە بۆ دڵنیایی شێدارکردنی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و لەوێدا دوو نۆزڵ (( کون )) هەن کە هەڵدەستن بە ڕشاندنی تووتنە ( spray jet nozzle) تایبەت بە گیراوەی ( دوانە ئەثیلین گلایکۆڵ) بەڕێژەی ١٠٪ , بەشێوەیەك ئەو گیراوەیە لەناو دوو خەزاندا ئامادەکرێت ( یەکێکیان یەدەگە) لە ژێر فشاری هەوادا ( compressed air) کە دەخرێتە سەر ڕووی گیراوەکە لەناو خەزانەکەدا کە داخراوە و قوفڵکراوە بەگواستنەوەی گیراوەکە بۆ ئامێری گۆڕەری گەرمی (heat

exchanger) بەشێوەیەك پلەی گەرمی گیراوەکە بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٨٥-٩٠)پلەی سەدی و دەرشێنرێت بەسەر گەڵای تووتنەکەدا بۆئەوەی لەسەر ڕووی گەڵاکان چینێکی جەلاتینی تەنك دروست ببێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شێداریەکەی بکات کە وەریگرتوە.دوای ئەوە بەهۆی قایشێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر باندی بزۆکی کانزایی کە ئەویش لەڕێگەی خۆیەوە دابەشیدەکاتە سەر سایلۆی خەرمانەکان ((تەولیفە)) و تێکەڵکەری گەڵا تووتنە جیاوازەکان بە ڕێژەی دیاریکراو.

❖ **یەکەی دروستکردنی خەرمان (( تەولیفە** ) Straight Line Blending Plant ٦

توانای هەڵگرتنی گەڵای تووتن ( خەرمان) بریتیە لە ١٥٠٠ کگم گەڵای تووتن. و لەناو سایلۆدا بۆ ماوەی ( ٤٨ ) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆئەوەی تێکەڵ بێت و گەڵای تووتنەکە (خەرمانەکە) وەکویەکیان لێبێت.

١. **مەکینەی جنینی تووتن** ( Tobacco cutter )

دوو جۆر چەقۆی تیادایە KTF.٦ و KTF.٨ , لەبنکەی ڕێڕەوی گوازەرەوەکەشدا دەرچە هەیە لەبەرامبەر جۆگەلەکانی سەرەوەی مەکینەکەدا بۆ وەرگرتنی تووتن.هەروەها دەرگایەکی ئۆتۆماتیکی بزۆکیش هەیە کە دەکرێتەوە و دادەخرێت لەخۆوە بەهۆی کۆمەڵێك باسك و قوڵەوە و کەبسکردنی هەوای پەستێنراو بەشێوەیەك بۆ هەر دەرچەیەك





لەو دەرچانەی گوازەرەوەی بزۆك گەڵای تووتن دێت بۆ ئامێری پڕکردنەوەی ئۆتۆماتیکی بەشێوەیەك نیوەی پڕدەبێت بەگەڵا و کۆنترۆڵی ئاستی بەرزی و نزمی گەڵای تووتنەکە دەکرێت و ڕێکدەخرێت و بەهۆی فۆتۆسێڵەوە دەستدەگیرێت بەسەریداکە بەهەردووکیان کۆنترۆڵی کاری گوازەرەوە بزۆکەکە دەکەن, بەشێوەیەك کە ئاستی گەڵای تووتنەکە دەگاتە فۆتۆسێڵەکە و بەری ڕوناکیەکە دەگیرێت ئەوا لەو کاتەدا تەزووی کارەباکە دەبڕێت لە (Gearmotor) بۆ کارپێکردنی بزۆکەکە و لەکاردەکەوێت و بەم شێوەیەش مەکینەی جنینی گەڵای تووتنەکە بەردەوام دەبێت لەکارکردن.

لەدوای ئەو پڕۆسەیەوە تووتنە جنراوەکە دەگوازرێتەوە بۆ باندە بزۆکەکە کە لەژێر مەکینەکەدایەو دوای لابردنی تۆزی تووتنە جنراوەکە لە باری شێداری ڕێژەیی کەمدا لەلایەن ئامێری پاڵاوتەی تۆزی تایبەت بە مەکینەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئامێری وشککەرەوەی خولاوە ( Steam heated drier ) بۆ کەمکردنەوەی شێداری ڕێژەیی لە ١٨٪ بۆ ١٣٪ و ساردکردنەوەی لەدوایدا بەهۆی لولەکی ساردکەرەوە وە وبێژەگی سوڕاوەوە cooling &sifting rotary clinder دواتر بۆ ناو سایلۆکانی تووتنی جنراو دەڕوات cut tobacoo siloes . مەبەستی سەرەکی لە شێدارکردنی گەڵای تووتن بۆ ١٨٪ پێش جنینی بریتیە لە کەمکردنەوەی

خراپبوونی گەڵاکان بەشێوەیەك ئەو گەڵایانەی کە کەمتر شێداربوون خراپ دەبن و بەشێك لەوانە دەگۆڕێن بۆ تۆز و پارچەی بچوکبچوك کە ئەمانەش دەبنە هۆی ڕێگریکردن لە کاری مەکینەی دروستکردنی جگەرە لەکاتی پرۆسەی دروستکردنی جگەرەدا.

توانای بەرهەمهێنان بۆمەکینەکانی لولەکی وشککردنەوەکانی تووتنی جنراو بەهۆی هەڵمەوە بریتیە لە ٧٨٥کگم تووتنی جنراو / کاتژمێر.

بەهۆی قایشێکی باندی بەرزبۆوە بۆ باندێکی کانزایی بزۆك دەگوێزرێتەوە و لەوێشەوە بۆ لولەکێکی ساردکەرەوە و جیاکردنەوەی تۆزی تووتن و بەم شێوەیە.

ئامێرەکانی هەڵم و هەوای گەرمی و وشککەرەوەی تووتنە جنراوەکە پرۆسەیەکی وشککردنەوەی ڕێکوپێکی تیادایە بۆ تووتنە جنراوەکە و هەروەها بۆ گەڵا تووتنە هەمە جۆرەکانیش.

❖ **مەکینەکانی دروستکردنی جگەرە ٦**

١. **مەکینەی دروستکەری جگەرە لە جۆری** Grant-١B

ژمارەیان((٥))دانەیە و وڵاتی دروستکەریان ئەڵمانیای ڕۆژئاوایە ,ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٢٥٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە





لە ٢٢٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ١٨٠٠ جگەرە/ خولەك.



وێنەی(٢٥-٣) مەکینەیەکی دروستکردنی جگەرە بەتوانای ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەك بۆ هەر مەکینەیەك

٢. **مەکینەی پێکەوەلکاندنی فلتەر بەجگەرەوە** Max-VMR

کۆمپانیای هادنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دروستیکردون و ژمارەیان (( ٥ )) دانەیە. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٢٥٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە لە ٢٢٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ١٨٠٠ جگەرە/ خولەك.



وێنەی(٢٦-٣) بەشی تێکردنی کاغەزی بەشی سلۆڤان FFKگرۆصەکان
KW مەکینەی شمێرمۆندی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

**٣. مەکینەی پڕکردنەوەی سەبەتە پلاستیکیەکان بە جگەرەی فلتەردار**

ژمارەیان(( ٥ ))دانەیە. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٢٥٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە لە ٢٢٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ١٨٠٠ جگەرە/ خولەك.







وێنەی(٢٧-٣) مەکینەیەکی پێچانەوەی جگەرە

**٤. مەکینەی دروستکردنی جگەرە Grant-٤**

ژمارەیان(( ٨ ))مەکینەیە. لە ولاّتی ئەڵمانایای ڕۆژئاواو کۆمپانیای هادنیەوە دروستکراون. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە لە ٣٣٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ٣٠٠٠ جگەرە/ خولەك.



وێنەی(٢٨-٣) مەکینەی دروستکردنی جگەرە

**٥. مەکینەی پێکەوەلکاندنی فلتەر بە جگەرەوە( Max-١٥,Max-s )**

ژمارەیان(( ٨ ))مەکینەیە. لە ولاّتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لەلایەن کۆمپانیای هادنیەوە دروستکراون. ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕینی خێراییەکەی بریتیە لە ٣٣٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ٣٠٠٠ جگەرە/ خولەك.



وێنەی(٢٩-٣) مەکینەی پێکەوەلکاندنی فلتەر

**٦.مەکینەی پڕکردنەوەی سەبەتەکان بە جگەرەی فلتەردار**

ژمارەیان(( ٨ ))مەکینەیە ومۆدێل و ولاّتی دروستکەری ( compact cascade )، ئەوپەڕی خێرایی بەرهەمی بریتیە لە ٤٠٠٠ جگەرە/ خولەك و توانای بەرهەمی دوای گۆڕانی خێراییەکەی بریتیە لە ٣٣٠٠ جگەرە/ خولەك وتوانای ڕێگە پێدراوی بریتیە لە ٣٠٠٠ جگەرە/ خولەك.







وێنەی(٣٠-٣) بەشی پڕکردنەوەی کاغەزی

بەشی ESپڕکردنەوەی پاکەتەکان بە جگەرەی فلتەردار مەکینەی شمێرمۆندی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا



وێنەی(٣١-٣)بەشی تێکردنەوەی کارتۆنی/ مەکینەی مۆلینسی ئینگلیزی



وێنەی(٣٢-٣) کۆمپرێسەرەکانی کارگە



وێنەی(٣٣-٣) ئامێری هەواکانی کارگە







وێنەی(٣٤-٣) ئامێری کۆکردنەوەی پاشەڕۆکانی کارگە



وێنەی(٣٥-٣) عەرەبانەی کۆکردنەوەی پاشەڕۆکانی کارگە

## خشتەی ژمارە ( ٥-٣)

### جۆر و مۆدێل و ژمارە و توانای بەرهەمی مەکینەکان ٦

| ز | جۆری مەکینە یان ئامێر Double track | مۆدێل و وڵاتی دروستکەر | دانە | ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم | توانای بەرهەمهێنان | خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگەپێدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەکینەی پێدەری مەکینەی پڕکردنەوەی کاغەزی بەجگەرەی فلتەردار | NF کۆمپانیای شمیرموند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٣ | ٩٠٠٠ ج/خ | ٧٢٠٠ ج/خ | ٦٠٠٠ج/خ |
| ٢ | مەکینەی پڕکەری پاکەتی کاغەزی بە جگەرەی فلتەردار | ES کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٣ | ٤٥٠ ج/خ | ٣٦٠پاکە ت/خ | ٣٠٠پاکەت/خ |
| ٣ | مەکینەی بەرگتێگری پاکەتی کاغەز بە کاغەزی سیلۆڤان | FFK کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٣ | ٤٥٠ پاکەت/خ | ٣٦٠ پاکەت/خ | ٣٠٠پاکەت/خ |
| ٤ | مەکینەی پڕکەرەوەی پاکەتی کاغەزی بەرگتێگیراو بە کاغەزی سیلۆڤان لە گرۆسی کاغەزیدا | KW کۆمپانیای شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٣ | ٦٠ گرۆص/خ | ٤٨ گرۆص/خ | ٣٨گرۆص/خ |





| مەکینەکانی پڕکەرەوەی کارتۆنی – مۆلینس | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | جۆری مەکینە یان ئامێر Single track | مۆدێل و وڵاتی دروستکەر | دانە | ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم | خێرایی بەرهەمهێنان دوای گۆڕینی خێراییەکە | خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگەپێدراو |
| ١ | مەکینەی پڕکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بە کاغەزی سیلۆڤان | مۆدێل H.L.P.٢ کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی | ٣ | ١٨٠ پاکەت/خ | ١٤٠ پاکەت/خ | ١٢٥ پاکەت/خ |
| ٢ | مەکینەی بەرگتێگری پاکەتی کارتۆنی بە کاغەزی سیلۆڤان | مۆدێل WB٢ کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی | ٣ | ١٨٠ پاکەت/خ | ١٤٠ پاکەت/خ | ١٢٥ پاکەت/خ |
| ٣ | مەکینەی پڕکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بەرگتێگیراو بە کاغەزی سیلۆڤان لە گرۆصی کارتۆنیدا | مۆدێل WB٢ کۆمپانیای مۆلینسی بەریتانی | ٣ | ١٨ پاکەت/خ | ١٤ پاکەت/خ | ١٣ گرۆص/خ |
| ٤ | مەکینەی بەرگتێگری گرۆصەکان | مۆدێل ME٦-٣٠ کۆمپانیای | ١ | ٥٤ گرۆص/خ | ٤٢ گرۆص/خ | ٣٤ گرۆص/خ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | که پڕن به پاکەتی کارتۆنی به کاغەزی سلۆڤان | مۆلینسی بەریتانی | | | | |

**کۆمەڵە مەکینەکانی پرکەرەوەی کارتۆنی شمیرمۆند Schmermund**

| ز | جۆری مەکینە یان ئامێر Double track | مۆدێل و وڵاتی دروستکەر | دانە | ئەوپەڕی خێرایی بەرهەم | خێرایی بەرهەمهێنان دوای گۆڕینی خێراییەکە | خێرایی بەرهەمهێنانی ڕێگەپێدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەکینەی پێدەری مەکینەی پرکەرەوەی کارتۆنی بە جگەرەی فلتەردار | کۆمپانیا NF شمیرموند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٢ | ٥٠٠٠ ج/خ | ٤٠٠٠ ج/خ | ٣٦٠٠ ج/خ |
| ٢ | مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بە جگەرەی فلتەردار | کۆمپانیا MF شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٢ | ٢٥٠ ج/خ | ٢٠٠ پاکەت/خ | ١٨٠ پاکەت/خ |
| ٣ | مەکینەی بەرگتێگری پاکەتی کارتۆنی بەکاغەزی سیلۆڤان | کۆمپانیا LV شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٢ | ٢٥٠ پاکەت/خ | ٢٠٠ پاکەت/خ | ١٨٠ پاکەت/خ |





| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | مەکینەی پرکەرەوەی پاکەتی کارتۆنی بەرگتێگیراوبە کاغەزی سیلۆڤان لە گرۆصەکاندا | کۆمپانیا KW شمیرمۆند ئەڵمانیای ڕۆژئاوا | ٢ | ٦٠ گرۆص/خ | ٤٨ گرۆص/خ | ٣٨ گرۆص/خ |

- **وێسگەی کارەبای کارگە : ٦**

ئەم وێسگەیە بریتیە لە ٢ موەلیدەی H.T و توانای هەریەکەیان ٢٥٠٠ دووهەزار و پێنج سەد K.V.A یە ودروستکراوە لە لایەن کۆمپانیای G.E.C ئینگلیزیەوە لەساڵی ١٩٨٢دا. ئەم وێسگەیە لەساڵی ١٩٨٤دا لە ناو کارگەدا دانراوە و لەکاتی پێویستدا کاریان پێکردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٩١ لەبەرئەوەی کێشەی بڕانی کارەبای نیشتیمانی نەبوە ئەم موەلیدانە هێندە کاریان نەکردووە.بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١وە و بەهۆی نەبونی کارەبای نیشتیمانیەوە ئەم موەلیدانە کاریان کردووە و کارەبایان داوەتە فیدەری ٢ی نیشتیمانی. لەبەرئەوەی تۆماریکی وورد لەسەر کارکردنی ئەم وێسگەیە نەنوسراوەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٤ هەربۆیە زانیاری تەواو نیە, بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە تاکو ٢٠١٣ تۆمارێکی فەرمی ڕاگیراوە لەسەر کارکردن و توانای بەرهەمهێنانی کارەبای ئەم وێسگەیە و توانراوە بڕی ٢٩٦٨ M.w.h کارەبا

بەرهەمبهێنرێت و هەندێکی دراوەتە کارەبای نیشتیمانی و ئەویتریشی بۆ ناو کارگە بەکارهاتووە.لەکاتی ئیشپێکردنی بەردەوامی مولیدەکاندا هەر٥٠ کاتژمێر دەبێت ڕۆنی بگۆڕدرێت و هەریەکەشیان بڕی ٥٠٠ لیتر گازۆیل بەکاردەهێنێت. هەرکاتێکیش زیاتر کاربکات بڕی بەکارهێنانی گازۆیل و ڕۆنگۆڕین و فلتەریش زیاتر بەکاردەهێنرێت. دەتوانین بڵێین بۆ هەر ١ کاتژمێر کارکردن ٣٠٠ لیتر گاز بەکاردەهێنرێت. لە ئێستادا یەکێك لە مولیدەکان لەکار ڕاوەستاوە بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکیەوە و ئەویتریشیان توانای بەرهەمی بۆ نیوەی توانای خۆی دابەزیوەو بەهۆی بوونی کارەبای نیشتیمانیەوە بەبەردەوامی لە ئێستادا ئەوەندە کاریان پێناکرێت تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت.



وێنەی( ٣٦-٣)







وێنەی(٣٧-٣) وێسگەی کارەبای کارگە

- **توانای بەرهەمێنانی کارگە : ٦**

کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە لە بەرهەمهێنان بەردەوام بوە بەو بڕە گرۆسانەی کە ساڵانە بەرهەمهاتووە . وەك لە خشتەی لای خوارەوەدا دەرکەوتووە:

**خشتەی ژمارە(٦-٣)**

| ژ | ساڵی بەرهەمهێنان | کۆی بڕی جگەرەی فلتەرداری سۆمەر / گرۆس | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٧ | ٣٧٠٩٥٤١ | لە ٤/١ تا ١٩٦٧/١٢/٣١ جگەرەی جمهوری بەرهەم هاتوە |
| ٢ | ١٩٦٨ | ٤٩٢٦٠٥٤ | جگەرەی جمهوری |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | ١٩٦٩ | ٥٦٣٥١٠١ | جگەرەی جمهوری و لە ٢٩/٤/١٩٦٩ دا جگەرەی صلاح الدین بەرهەمهاتوە |
| ٤ | ١٩٧٠ | ٦١٦٣٢٠٥ | جگەرەی جمهوری و صلاح الدین و لە مانگی ٩/١٩٧٠ جگەرەی جمهوری فلتەردار بەرهەم هاتوە |
| ٥ | ١٩٧١ | ٦٤٧٣٧٩٤ | جگەرەکانی جمهوری و صلاح الدین و جمهوری فلتەردار بەرهەمهاتوە |
| ٦ | ١٩٧٢ | ٦٣٢٥٠١٩ | جگەرەکانی جمهوری و جمهوری فلتەردار و تورکی و لۆکس و غازی فلتەردار بەرهەمهاتوە |
| ٧ | ١٩٧٣ | ٧٢٥٥٠٠٦ | جگەرەکانی جمهوری و جمهوری فلتەردار و تورکی و لۆکس و غازی فلتەردار بەرهەمهاتوە |
| ٨ | ١٩٧٤ | ٥٠١٨٤٣٩ | جگەرەکانی جمهوری و جمهوری فلتەردار و تورکی و لۆکس و غازی فلتەردار بەرهەمهاتوە |
| ٩ | ١٩٧٥ | ٥٩٨٥٤٧٠ | جگەرەکانی جمهوری و جمهوری فلتەردار و |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | غازی و بەغدادی فلتەردار بەرهەم هاتوە |
| ١٠ | ١٩٧٦ | ٤٢٥٨٣٣٨ | جگەرەکانی جمهوری و جمهوری فلتەردار و غازی فلتەردار و بەغدادی فلتەردار بەرهەم هاتوە |
| ١١ | ١٩٧٧ | ١١٦١١٨٧٦ | جگەرەکانی جمهوری وبەغدادی وەرەقی و جمهوری فلتەردار و غازی فلتەردار و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٢ | ١٩٧٨ | ١٨٤٥٩٥٣٧ | جگەرەکانی جمهوری و بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٣ | ١٩٧٩ | ٢٥٣٥٠٠٠٣ | جگەرەکانی جمهوری و بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٤ | ١٩٨٠ | ٢٣٩٩٦٥٠٤ | جگەرەکانی جمهوری و بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥ | ١٩٨١ | ٢١٦٢٣٥٢٥ | جگەرەکانی جمهوری و بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٦ | ١٩٨٢ | ٢٣٥٥٥٤٨٠ | جگەرەکانی بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٧ | ١٩٨٣ | ٢٢٩٠٦٩٤٨ | جگەرەکانی بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٨ | ١٩٨٤ | ٢٢٠٣٣٠٠٠ | جگەرەکانی بەغدادی وەرەقی و بەغدادی کارتۆنی بەرهەم هاتوە |
| ١٩ | ١٩٨٥ | ٢٥٦٨٥٠٠٠ | |
| ٢٠ | ١٩٨٦ | ٢٣١٢٧٠٠٠ | |
| ٢١ | ١٩٨٧ | ٢١٠١٦٦٠٠٠ | |
| ٢٢ | ١٩٨٨ | ٢٣٣٥٣٠٠٠ | |
| ٢٣ | ١٩٨٩ | ٢٢٢٣٧٠٠٠ | |
| ٢٤ | ١٩٩٠ | ٢٠٢٨٧٠٠٠ | |
| ٢٥ | ١٩٩١ | ٢٨٤٨٠٠٠ | |
| ٢٦ | ١٩٩٢ لە ٩/١ وە تا ١٢/٣١ | ٩٣٠٢٠٠ | کارگە لە بەرواری ١٩٩١/١٠/٢٠ وە تا ١٩٩٢/٩/١ لەکار ڕاوەستاوە بەهۆی نەبوونی مەوادی سەرەکیەوە |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧ | ١٩٩٣ | ١٠٠٣٠٠ | تەنها مانگی ١٠ |
| ٢٨ | ١٩٩٤ | ١٢٠٠ | تەنها مانگی ٩ |
| ٢٩ | ١٩٩٥ | ٤٩٣٢٠٠ | مانگەکانی ٣و٤و٥و٨و٩ |
| ٣٠ | ١٩٩٦ | ٤٤٤٩٠٠ | مانگەکانی ٧و٨و٩و١٠و١١ |
| ٣١ | ١٩٩٧ | ٥٤٩٩٠٠ | |
| ٣٢ | ١٩٩٨ | ٦٠٤١٥٠ | |
| ٣٣ | ١٩٩٩ | ١٤٨٥٢٥٠ | مانگەکانی ٨و٩و١٠و١١و١٢ |
| ٣٤ | ٢٠٠٠ | ١٧٣٤٤٠٠ | |
| ٣٥ | ٢٠٠١ | ٧٣٢١<br>٢٣١٠٥٠ گرۆس = ٤٦٢١ کارتۆن | ❖ لەمانگی ١و٢جگەرەی سۆمەر بەرهەمهاتووە.<br>❖ لەمانگەکانی ١٠و١١و١٢دا جگەرەی سان بۆ یەکەم جار بەرهەمهاتووە. |
| ٣٦ | ٢٠٠٢ | ٤٩٤٩٠٠ | مانگەکانی ١و٨و٩و١٠و١١و١٢ |
| ٣٧ | ٢٠٠٣ | ٣٣٥٠٠<br>٦١٠٥٠٠ | ❖ مانگەکانی ١و٨و٩و١٠و١١ جگەرەی سان بەرهەمهاتووە<br>❖ جگەرەی سۆمەر لەلایەن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | بەڵێندەرەوە بەرهەمهاتووە |
| ٣٨ | ٢٠٠٤ | ٥٥٧١٠٠ | لەمانگەکانی ١و٢و٣ لەلایەن بەڵێندەرەوە بەرهەمهاتووە |

**تێبینی :**

======

١. لە ساڵی ١٩٨٥ دا زۆرترین بڕی بەرهەم هەبوە کە بریتیە لە ٢٥٦٨٥٠٠٠ گرۆس جگەرە.

٢. لەساڵی ١٩٩٤دا کەمترین بڕی بەرهەم هەبوە کە بریتیە لە ١٢٠٠ گرۆس جگەرە.

- **تاقیگەکانی کارگە : ٧**

لەکارگەدا چەند تاقیگەیەك هەبوون کە هەریەکەیان ئەرك و کاری خۆیان هەبووە و بەسرابوەنەوە بە بەشی توێژینەوە و کۆنترۆڵی جۆریەوە،کە بەهەموانیان ئەرکیان بریتی بووە لە چاودێری بەرهەم و کۆنترۆڵکردنی ئەو مەوادانەی دەچوونە ناو بەرهەم و بەرهەمی کۆتاییەوە، ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی لە کیسچوون و تێچوون و زیادکردنی بەرهەم لە رووی بڕو جۆرەوە. ئەم بەشەش کرابوە چەند هۆبەیەکەوە لەوانە:

١. **هۆبەی لێکۆڵینە وە و گەشە پێدان**: کاری بریتی بوو لە باشترکردن و بەرزکردنەوەی مواصەفاتی بەرهەمی کارگەو





ئامادەکردنی توێژینەوە بۆ کەمکردنەوەی لەکیسچوون و تێچوونی بەرهەم ،وهەولدانیش بۆ هێنانە ناوەوەی ئامێر و تەکنەلۆژیای نویێ و پێشخستنی بەرهەمی کارگە.

٢. **تاقیگەی بەرهەم**: ئەرکی بریتی بووە لەسەرپەرشتیکردنی بەرهەمی کارگە لە هەموو قۆناغەکانداوهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتەکانی بەرهەم ودیاریکردنی لادان و هەڵە و کەموکوڕیەکان کەلەکاتی بەرهەمدا ڕوودەدەن.

٣. **تاقیگەی ناوەندی**: کاری بریتی بووە لە :

**یەکەم:** دانانی مواصفاتی هونەری بۆ مەوادی خام و یارمەتیدەر و تەواوکەری بەرهەم و تاقیکردنەوەی مەوادی سەرەتایی و یارمەتیدەر و تەواوکەری بەرهەم، و پشکنینی نمونەی مەوادی سەرەتایی بۆ زانینی وەکیەکی لەگەڵ مواصفاتە پێوانەییەکاندا.

**دووەم:** پشکنینە تاقیگەییەکان بۆ بۆیلەرەکان و سۆمنتراتەکان و کردنی شیکاری ڕۆژانە بۆ ئاو و چارەسەرکردنی لادانەکان و پشکنینی ڕۆژانە لەسەر باشی تووتنی جنراو کە تاچەند گونجاوە بۆ بەرهەم و پشکنینی ڕۆژانە لەسەر جگەرە و فلتەرەکان لە هێزی کێشان و پێوانی تیرەکەی و کۆنترۆڵکردنی کێشی جگەرە و مواصفاتە فیزیاویەکان.

**سێیەم:** شیکارە کیمیاوییەکان کە بریتی بوون لەدیاریکردنی ڕێژەی نیکۆتینی تووتن و ڕێژەی کاربۆهایدرات و ڕێژەی پڕۆتین و نایترۆجینی تووتن.

- **سیفاتە فیزیاویەکان لەناو ژووری بەرهەمدا بۆ ( ١ ) جگەرە:٦**

| | |
|---|---|
| ١. درێژی جگەرە | ٨٤ملم |
| ٢. درێژی فلتەر | ٢٠ملم |
| ٣.درێژی تووتن لەناو جگەرەدا | ٦٤ملم |
| ٤.کێشی ستونی تووتن | ١گم+_٥ر٠ گم |
| ٥.کێشی جگەرەیەك | ١٧ر١ گم +_٥ر٠گم |
| ٦.ڕێژەی شێی جگەرەیەك | ١٢٪ +_ ٥ر٠گم |
| ٧.تیرەی شعار | ٩ر٧ ملم +_٥ر٠ملم |
| ٨. هێزی کێشان | ٨–١١ سم عمودی ئاو |

❖ **سیفاتە کیمیاویەکان**

| | |
|---|---|
| ١. ڕێژەی نیکۆتین | ٩ر٠– ١ر١ ٪ |
| ٢.ڕێژەی سوکەریات | ١٥–١٧٪ |
| ٣. ڕێژەی پڕۆتین ونایترۆجین | ١٢٢ر١–١٣٦ر١٪ |
| ٤. ترشی ph | ٥–٥ر٥ |

❖ **تێکڕای شێی تووتن لە پوختەکردندا**

| | تووتنی خام | تووتنی پوختەکراو |
|---|---|---|
| تێکڕا | ١٠٪ | ٦ر١٨٪ |





**لە ترشاندنی تووتن پێش جامبەر**

| | پێش جامبەر | ترشاندن |
|---|---|---|
| تێکڕا | ٩ر١٠٪ | ١١ر١٨٪ |

| ❖ تێکڕای خام لە مەخزەن | پوختەکراو لە مەخزەن |
|---|---|
| ١٠٪ | ٦ر١٨٪ |

❖ ئەو بڕە پێوانەیانەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ((جگەرەی سانی کارتۆنی)) , لەگەڵ ڕێژەی بەفیڕۆدانی ڕێگەپێدراو بۆ یەك کارتۆن (( ٥٠ گرۆس)) ٦

**خشتەی ژمارە (٧–٣)**

| ز | ناوی مادەی سەرەکی | یەکەی پێوانەیی | بڕی پێوانەیی | ڕێژەی بەفیڕۆدانی ڕێگەپێدراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تووتن | کگم | ١٠ | ١٥٪ |
| ٢ | کاغەزی جگەرە (( ٥٠٠٠ملم)) | بەکرە | ١٢٨ر٠ | ١٢ |
| ٣ | قنگە جگەرە | پەنجە | ٦ر١٦٦٦ | ١٠ |
| ٤ | کاغەزی فلین(٣٠٠٠ملم) | بەکرە | ٠٤٥ر٠ | ٨ |
| ٥ | ئەلەمنیۆم(١٢٠٠ملم) | بەکرە | ٠٩٣ر٠ | ٧ |
| ٦ | کاردل(٨٠٠ملم) | بەکرە | ٠٢٣ر٠ | ٧ |
| ٧ | کاتۆنی داپۆشێنەر | دانە | ٥٠٠ | ٥ |
| ٨ | بەرگی گرۆسەکان | دانە | ٥٠ | ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | سلۆڤان ١١٨ملم(١٥٠٠م) | بەکرە | ٠ر٠٥٧ | ٦ |
| ١٠ | سلۆڤان ٣٦٥ ملم(١٥٠٠م) | بەکرە | ٠ر٠١ | ٥ |
| ١١ | تولی زەرد (٦٠٠٠م) | بەکرە | ٠ر٠١٥ | ١٠ |
| ١٢ | صندوقی گواستنەوە | دانە | ١ | ١ |

### ❖ چێشتخانەی کارگە : ٧

کارگە دوو چێشتخانەی هەرەوەزی تیادابووە کە بە شەراکەت لەنێوان حکومەت(( ئیدارەی کارگە )) و فەرمانبەران و کرێکاراندا خواردنی ژەمەکانی کارمەندانی دابیندەکرد بۆ سەرجەم کارمەندانی کارگە, کە بریتیی بوون لە:

١. چێشتخانەی کارگەی ترشاندنی تووتن.

٢. چێشتخانەی کارگەی جگەرە و پوختەکردنی تووتن.

بەشێوەیەکی تەندروست و ڕێکخراو کاری کڕینی پێداویستیەکانی ڕۆژانە و پاکوخاوێنی و پێدان و وەرگرتنی خواردنەکانیان ڕێکخستبوو.

### ❖ سەلامەتی وئاگرکوژێنەوەی کارگە :٧

بەمەبەستی پارێزگاری و پاراستنی سەرجەم بەشەکانی کارگە لەکاتی ئاگرکەوتنەوە و ڕووداوی چاوەڕواننەکراودا وەك ئاگرکەوتنەوە و شۆرتی کارەباو ...هتد. بەشێکی سەلامەتی و ئاگرکوژێنەوە دامەزرابوو لەناو کارگەدا کە ئامێری ئاوڕشاندن





و ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنە وەو کارمەندانی شارەزای بۆ دابینکرابوون کە هەموویان مەشق و ڕاهێنانی پێویستیان فێرکرابوو،تەنانەت ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوەی کارگە بەشداریدەکرد لە کوژاندنەوەی ئاگر لەناو شاریشدا لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەی شاری سلێمانی وەك هاوکارییەك.

### ❖ بنکەی تەندروستی کارگە : ٧

لەناو کارگەدا بنکەیەکی تەندروستی چالاك هەبووە کە ڕۆژانە لەلایەن پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بنکەکەوە هەستاون بەکاری فریاکەوتنی خێرای کارمەندان لەکاتی نەخۆشی ودروستبوونی ڕووداو لەکاتی کارکردندا و ڕێکخستنی پسوڵەی مۆڵەتی نەخۆشی و دابینکردنی داو ودەرمانوسەرپەرشتیکردنی پاکوخاوێنی چێشتخانەکانی کارگە وسەرپەرشتیکردنی ئاوی خواردنەوە و ناردنی نمونە هەر ٦مانگ جارێك بۆ تاقیگەکانی فەرمانگەی ئاو و پشکنینی بەردەوامی کارمەندان بۆ نەخۆشیەکانی سنگ و پاراستنیان لەکاریگەریە خراپەکانی تووتن و جگەرە و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی کارمەندان کە تووشی نەخۆشیەکانی ددان و چاو سنگ و...هتد.دەبوون و ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەکانی پزیشکی و دابەشکردنی شیری ڕۆژانە بەسەر کارمەنداندا.

❖ **سەرچاوەی ئاوی کارگە : ٦**

کارگەی جگەرە هەر لەسەرەتاوە دوو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوی پیشەسازی هەبوە:

١. **ئاوی نیشتیمانی**

٢. **ئاوی بیر**: لەکارگەدا چەند بیرە ئاوێك هەیە کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کارگەوە لێدراون و پێداویستی ئاوی کارگە دابین دەکەن . بەم جۆرە :

أ. **بیری ئاوی کارگەی جگەرە** : لە نزیك پرسگەی کارگەوە هەڵکەنراوە و قوڵیەکەی ٢٨٠ مەترەو پێداویستی ئاوی خواردنەوە و ڕۆژانەی کارگە پشت دەبەستێتە سەر ئەم بیرە. بەڵام بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاو تیایدا چەند جارێك بۆری تری بۆ دابەزێنراوە تابگاتە ئاستی ئاوی ناو بیرەکە.

ب .**بیری ئاوی وێسگەی کارەبا**: ئەم بیرە لە ئێستادا وشك بووەلەبەرئەوەی ئاستی ئاوەکەی دابەزیوە.

ج. **بیری ئاوی کارگەی ترشاندن**: ئەم بیرەش قوڵی زیاد لە ١٠٠ مەتر دەبێت و ئاوی هەردوو کارگەی پوختەکردن و ترشاندنی تووتن و هەموو بەشەکانی تری کارگە دابین دەکات.

توانای بەرهەمی ئاویان ١ ئینجە, ئەم بیرانە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا وشکیانکردوە . و لەساڵی ٢٠٠٧دا پاککراونەتەوە.





ئاوی ئەم بیرانە سەرەتا دەچنە حەوزێکی زەمینیەوە بە پێوانەی ٦م*٥ر٢م*٥ر٢م کە لەساڵی ١٩٥٦وە دروستکراوە و دواتر هەڵدەدرێت بۆ ٢ حەوزی تر لەسەر بانی کارگەی ترشاندن , کە یەکێکیان بۆ خواردنەوە و ئەویتریان بۆ بەکارهێنانی تری ناوکارگەیە وەك:

ا.ئاوداشتنی باخ و چیمەنەکان

ب.بۆیلەرەکان

ج.ئاوەڕۆکان

د. ئاگرکوژێنەوە

ه.شۆردن و پاککردنەوەی ناو کارگە

❖ **ناوی بەڕێوەبەرەکانی کارگە : ٤و٦**

ئەو بەڕێوەبەرانەی کە بە درێژایی مێژووی ئەم کارگەیە کە بریتیە لە ٥٢ ساڵ لە بەرواری ١٩٦١/٩/١١وە (( کە بەرواری دەستپێکی پرۆسەی بەرهەمهێنانی جگەرەیە )) تا بەرواری ٢٠١٣/٩/١١. بریتین لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە :

---

١. کۆچکردوو// جەلال حاجی سەعید ئاغا



بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت چونکە خۆی بەڕێوەبەری گشتی

کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بوە

هەتا بەڕێوەبەر دانراوە لە ١٩٦١/٩/١١ تا ١٩٦١/١١/١

٢. کۆچکردوو// شێخ محمود تەها بەرزنجی



بەڕێوەبەری گشتی

لە بەرواری ١٩٦١/١١/١ تا ١٩٦٣/٤/٢٠





---

٣. کۆچکردوو// حەمە سەعید ئەفراسیب ڕۆستەم سوڵتان



بەڕێوەبەری گشتی

لە بەرواری ١٩٦٣/٥/٢٨ تا ١٩٦٦/٦/٣٠

٤. کۆچکردوو // ڕەسول مەجید بەگ



بەڕێوەبەری گشتی

لە بەرواری ١٩٦٦/٧/١ تا ١/٩/ ١٩٦٩

٥. كۆچكردوو // حامید قادر



بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٦٨/١٠/١٥ تا ١٩٧٠/٣/١١

٦. كۆچكردوو // شەفیق احمد چەلەبی



بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٧٠/٥/١ تا ١٩٧٤/٣/١٠





تێبینی :
=====

كارگەی جگەرەی سلێمانی تا ساڵی ١٩٧٤ سەربەخۆ بوە و بەڕێوەبەری گشتی هەبوە , بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥وە بە ناونیشانی معاون مدیر عام كارگە دەبرا بەڕێوە و بەسرایەوە بە دەزگای گشتی بۆ دوكەڵی نیشتیمانی لە هەولێر. پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبوە.

٧. احمد محسن علوان (( احمد الدلێمی ))



جێگری بەڕێوەبەری گشتی
لە بەرواری ١٩٧٤/٥/٢٠ تا ١٩٧٨/١/١

٨. جسام محمد جاسم



جێگری بەڕێوەبەری گشتی

لە بەرواری ١٩٧٨/٣/١٨ تا١٩٨٢/٧/١

٩. کۆچکردوو // عزیز محمد عبدالله خۆشناو



جێگری بەڕێوەبەری گشتی

لە بەرواری ١٩٨٢/١/٢ تا ١٩٩٣/٤/٦





تێبینی :

======

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە و هەڵبژاردنی یەکەم پەڕلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤وە. سەرجەم کارگە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان بەسرانەوە بە وەزارەتی پیشەسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بە ناونیشانی بەڕێوەبەری کارگەکانی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن کارگەکە بەڕێوەدەبرا. وئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە ئەو بەڕێوەبەرانەن کە لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە بونەتە بەڕێوەبەری کارگەکە.

١٠. کیمیاوی و ڕاوێژکار// حەمە امین فرج کۆکۆیی



بەڕێوەبەری کارگە

لە بەرواری ١٩٩٤/٨/٨ تا ٢٠٠/١/١٤

---

١١.سەرۆك ئەندازیارانی میکانیکی پێشکەوتوو//فریدون محمد کریم



بەڕێوەبەری کارگە

لە بەرواری ١٥/١/٢٠٠٠ تا ١/٨/٢٠٠٤

١٢. سەرۆك ئەندازیارانی کیمیاوی پێشکەوتوو // غفور فرج محمد



بەڕێوەبەری کارگە

لە بەرواری ١/٧/٢٠٠٤ تا ١/٧/٢٠٠٦





---

١٣.کیمیاوی شارەزا // محمود عبدالرحمن محمود



بەڕێوەبەری کارگە

لە بەرواری ٣/٨/٢٠٠٦ تا ١/٧/٢٠١٠

١٤.سەرۆك ئەندازیارانی کشتوکاڵی پێشکەوتوو// سیروان شریف حسین



بەڕێوەبەری کارگە

لە بەرواری ١ / ٧ / ٢٠١٠ تا ١/٧/٢٠١٣

١٥.ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا //نوزاد عوسمان عبدالرحمن



**بەڕێوەبەری کارگە**

**لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٤ وە تاکو ئێستا.**

بوە دوا بەڕێوەبەری کارگە و ئیدی کارگەی جگەرە کۆتایی پێهات و بڕیارە بگۆڕێت بە ناوەندێکی کەلتووری بۆ شاری سلێمانی وەك پێداویستیەکی ژێرخانی پایتەختی ڕۆشنبیری.

******************

************

********

***





### ❖ هۆکارەکانی پاشەکشەکردنی پیشەسازی جگەرە و بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا : ٦

گەلێك هۆکاری سیاسی و ئابوری و زانستی بونەتە هۆی پاشەکشەکردن و کەمبونەوە و نەمانی کشتوکاڵکردنی تووتن لە کوردستاندا و بەمەش بەرهەمهێنانی جگەرە و کارگەکانیشی لە کوردستاندا بەرەو نەمان و داخستن و هەڵوەشاندنەوە بونەتەوە. لەو هۆکارانەش :

١. جەنگە یەك لەدوا یەکەکانی ڕژێمی عێراقی دژ بە گەلی کورد و کوردستان هەر لەساڵی ١٩٦١وە تا ڕووخاندن و دەرپەڕاندنی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا لە ئەنجامی ڕاپەڕینی گەلی کوردەوە.
٢. هەڵایسانی جەنگی عێراق– ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا و بەردەوامبوونی تا ساڵی ١٩٨٨ . کە بوە هۆی وێرانتر بوون و چۆڵبوونی زۆربەی گوند و لادێکانی کوردستان.
٣. پرۆسەکانی لەناوبردنی گەلی کورد لە کیمیاوی باران و ئەنفال و ڕاگواستن و سووتماککردنی خاك و کشتوکاڵ و ڕەز و باخ و دارستان و لەوەڕگای کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی صدامیەوە, بوە هۆی تەختکردن و چۆڵکردنی تەواوی گوند و لادێکان کە بنەمای کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی تووتن بوون.

٤. پشت بەستنی دەوڵەتی عێراقی بە سەرچاوە و داهاتی نەوت و پشتگوێخستنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە وڵاتدا.

٥. کەمبونەوە و نەمانی جووتیار و کادری شارەزاو بە ئەزموون لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا.

٦. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١یشەوە لە کوردستانداو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەهۆی دارمانی ژێرخانی ئابوری کوردستان و ئابلۆقەی ئابوری و شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسیەوە. نەتوانرا وەکو پێویست کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی ببوژێنرێنەوە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئەوەی کەهەشبوو لە کارگەکانی جگەرەو کارگەکانی تریش تالأنکران و هەرزان فرۆش و لێکهەڵوەشێنران و داخران و لەکار و بەرهەم ڕاگیران.

٧. بەهۆی کرانەوەی بازاڕ و ئابوری ئازادیشەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە و لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیشەوە بە یەکجاری لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و کرانەوەی سنورەکان بەڕووی بازاڕ و کاڵاکانی دونیادا و لەبەر هەرزانی تێچوون و نرخیان بەرانبەر بەرهەمە ناوخۆییەکان, نەتوانینی کێبڕکێی ئەو بەرهەمانە , نەتوانراوە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە عێراق و کوردستاندا ببوژێنرێنەوە.هێندەی تر لاواز و بەرەو پوکانەوە چوون.





٨. بەهۆی کۆنی ئامێر و مەکینە و کارگەکانی پیشەسازی جگەرەوە و گرنگی پێنەدانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە و سوود وەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم جارێکی تریش نەتوانرا پیشەسازی جگەرە و بەرهەمهێنانی ببوژێنرێتەوە.

٩. لە بنچینەشدا پرۆسەی چاندن و بەرهەمهێنانی تووتن بۆخۆی کارێکی قورس و دوور و درێژ و چەندین مانگ دەخایەنێت( ٧ مانگ ) و پێویستی بە چاودێری بەردەوام و ئاودانی و نەخۆشیەکانی و یارمەتی نەدانی حکومەت بۆ جووتیاران ..هتد. هۆکاری تر بوون بۆ وازهێنانی جووتیاران لە کشتوکاڵکردنی تووتن کە کەرەسەی خاوی سەرەکیە بۆ بەرهەمێنانی جگەرە.

******************

***********

********

***

❖ **ئایندەی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی بە تایبەتی بەرەو کوێ ؟**

بەداخیشەوە لە ئێستادا نەك پلان و بەرنامە نیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و لەناویشیاندا کشتوکاڵ و پیشەسازی تووتن و جگەرە لە کوردستاندا , بەگەڕ خستنەوە و نوێکردنەوەی کارگەکانی جگەرە, بەڵکو بەرنامەش هەیە بۆئەوەی کە ئەو پاشماوەیەی کە ماویشە لە مێژوو و جوگرافیای شاری سلێمانی و کوردستان و نەخشەی کشتوکاڵ و پیشەسازی کوردستانیشدا بسڕێتەوە و ببێتە مێژوو و کەلتورێکی لە بیرکراو.وەك ئەوەی بەسەر کارگەی جگەرەی هەولێردا هات , لە نەمانی و شێواندنی و گۆڕینی بۆ جێگەی نیشتەجێکردن و فرۆشتن و هەرزانفرۆشکردنی ئامێر و مەکینە و کەلوپەلەکانی.لە ئێستاشدا بەرنامە هەیە و بەڕەسمی و بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٢٩١٦ لە ٣/٣١/ ٢٠١٣ وە موڵکیەت و خاوەندارێتی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیەوە گوازراوەتەوە بۆ سەر موڵك و ماڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان وگەرەکیانە جێگە و پێگەی ئەم کارگەیە کە بەشێکی زیندووی مێژووی شاری سلێمانیە بکرێتە سەنتەرێکی کەلتوری گەورە و مۆدێرنی نیشتیمانی





وەك یەکێك لە پێداویستیەکانی ژێرخانی ڕۆشنبیری بۆ شاری سلێمانی کە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە(( ١٤ )) لە ٤/ ١٢/ ٢٠١٢دا سلێمانی بوە پایتەختی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.



وێنەی(٣٨-٣)



وێنەی(٣٩-٣)



وێنەی(٤٠-٣) کۆبونەوەی بەڕێوەبەری کارگە (( نەوزاد عوسمان )) لەگەڵ سەرجەم کارمەندانی کارگەدا بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنوسی کارگە و فەرمانبەران لە ٢٠١٣/١٠/٢٤دا

**بەهیوای ئەوەی کە ئەم بەرنامە و پلانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوبێت . وەك ئەوەی کە نەمانتوانی بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی لە وڵاتدا ببوژێنینەوە بتوانین لە ڕووی کەلەپور و کەلتور و گەشتوگوزارەوە داهات و سەرچاوەی داهاتی نوێ بۆ وڵات وەدەستبخەین و ڕووی گەشی کورد و کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری بە دونیاو گەلانی دونیا بناسێنین.**





### ❖ ئایندەی کەرتی پیشەسازی بەگشتی لە کوردستاندا بەرەو کوێ لە سایەی ئابوری و بازاڕی ئازاددا؟

**ئاشکرایە کەرتی پیشەسازی کەرتێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ژیان و گوزەرانی هەموو کۆمەڵگایەك.کەرتی پیشەسازی یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئاستی گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و هاوڵاتیانی پێ دەپێورێت.جا هەرچەندە ئەو کەرتە گەشەسەندوو و پێشکەوتووز بێت ئەوا کۆمەڵگاش خۆشگوزەران و ئاستی ژیان تیایدا بەرز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە.بۆیە گرنگیپێدانی ئەم کەرتتە ئەرکێکی لە پێشینە و گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیە.**

**بەگشتی وڵاتی عێراق و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان بنەمای وڵاتێکی پیشەسازیان تیادایە.بەهۆی بوونی سەرچاوە و مەوادی خامی هەمەجۆری پیشەسازیەکان لەنەوت و کانزا سروشتیە جۆراوجۆرەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بونی عەقڵ و توانا و هێزی کار و زانستی زۆر وزەوەند.کە ئەم دوو هۆکارە بنەمای سەرەکین بۆ دامەزراندن و گەشەدان و پێشکەوتنی بواری پیشەسازی, سەرەڕای بوونی بودجە و پارە و پوڵی پێویست و بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی.**

وەك ئاشكرایە كوردستان بەگشتلای و شاری سلێمانی بەتایبەتی هەر لە مێژەوە سیمای هەرێم و شارێكی پیشەسازیان پێوەدیاربوە و هەڵگرتووە. ئەوەتا شاری سلێمانی هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٧٨٤وە لەچەندین بواری پیشەسازیدا جێگە دەست و ناوبانگی هەیە كە لەسەر ئاستی تاكەكەس و میلی هەندێ پیشەی تیادا بلاوبوە وەك : كارگەچی و صابونچی و موتابچی ومزگەری و ئاسنگەری و دارتاشی و خوچێتی وشیرگەری و چەخماخسازی و پێستەخۆشكردن ودەرمانسازی ودروستكردنی خشتی قوڕ و بەردی نەقاڕی وعەتارچێتی و دروستكردنی گەزۆی كوردەواری و میوە و شەربەت و دروستكردنی مافور وبەڕە و ڕستن وچنینی خوری و گوریس و قەیاسە و كۆپاندرویی و بەرگدرویی و دروستكردنی گەلێك خواردنی كوردەواری كە شاری سلێمانی بە كەبابە بەلەزەت و بەتامەكەشی زۆر بەناوبانگە و گەلێكی تریش. یەكەم كارگەی ئەهلیش لەساڵی ١٩٢٧–١٩٢٨ لە سلێمانی دامەزراوە بۆ سۆدە و سیفۆن و لیمۆ پێیان دەوت (ناملێت) كارگەكە خاوەنەكەی مستەفا بەگ بووە.لەسەر ئاستی حكومیش ئەوەتا یەكەم كارگەی بەرهەمێنی حكومی و گەورە لەساڵی ١٩٥٧دا كەوتۆتە كاركردن بریتی بوە لە كارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٥٦دا بەردی بناغەی كارگەی جگەرە و پوختەكردن و ترشاندنی تووتن لە سلێمانی دانراوە و لە ساڵی ١٩٦١دا





كەوتۆتە بەرهەمهێنانی جگەرە. و دواتریش كارگەی ڕستنی خوریە لەشارۆچكەی كفری لەساڵی ١٩٧٨ دا و بەدواشیدا هەرسێ كارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە و شەكر و جلوبەرگی ئامادەكراوە لەشاری سلێمانی و كارگەی ئاوی كانزای بانیخێلانە لە شارۆچكەی دەربەندیخان لەساڵانی هەشتاكاندا , كە هەموو ئەم كارگانە كارگەی گەورە و ستراتیژین و ڕۆڵ و كاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەردەمی خۆیاندا لەكوردستان بە گشتی و بە تایبەتیش لەسلێمانی هاوكاربوون لەدەستخستنی پێداوستی ناوخۆ لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە دەستخستنی دروای قورس بۆ وڵات و لەلای سێهەمیشەوە كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاری لە گوند و شارو شارۆچكەكانی كوردستاندا.هەر لەهەمان بواردا توانراوە كە كارگەی گەچی بازیان لە شارۆچكەی تەكیە و كارگەی خوێی یۆدی بازیان و شۆردنەوەی خوری تەقتەق دابمەزرێنرێت و بەرهەمیان هەبێت.بەم شێوەیە شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە سیما و ڕوویەكی پیشەسازی پێوەدیاربوە و ناوبانگی پەیداكردوە و تاكو ئێستاش سلێمانی زۆرترین كارگەی گەورە و مامناوەندی و بچوكی پیشەسازی تێدایە.لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ی گەلەكەمان و وەدەرنانی دامودەزگاو ئیدارەی ڕژێمی بەعسی صدامی لە گۆڕنراو وچێكردنی هەڵبژاردنی یەكەمین پەرلەمانی كوردی لە مێژوودا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و دواتر

دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا و کە تائێستا ٧ کابینەی حکومەت پێکهێنراوە و کابینەی هەشتەمیش بەڕێوەیە لە ئەنجامی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٢١دا سازدرا,هەمووانیان گرنگی تەواویان داوە لە سەرەتادا بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە و ئێستاش بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ئەم وەزارەتە ڕۆڵ وکاریگەری هەبوە لەسەرپەرشتیکردن و بەردەوامبوونی بواری پیشەسازی بەوەی کە لەتوانایدا بوە کە هەرچەندە لە جێگەی خواست و ویستەکانی کۆمەڵگادا نەبوە, کە ئەمەش هۆکاری بابەتی و خۆیی خۆی هەبوە, لەوانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك سیاسەتێکی مەرکەزی هیچ بەرنامە و پلانی نەبوە بۆ بوژاندنەوەی زیاتر و گەشەپێدانی ئەم کەرتە هەستیار و زێدە گرنگە لە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی گەورە و ستراتیژی لەبوارە جیاوازەکانی پیشەسازید.هەرچەندە هەندێ هەوڵ و هەنگاو هەبوە وەك دامەزراندنی کارگەی جبسۆم بلۆك و بەردی مەڕمەڕ و گرانێت لەماوەت و کارگەی دۆشاوی تەماتە و ئاوی میوە لە هەڵەبجەی شەهید. بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو پڕۆژانە نەبونەتە کارگەی پیشەسازی بەرهەمهێن.کە ئاشکرایە هۆکاری زۆر هەن کە ئێرە جێگەی باسکردنیان نیە.بەڵام دیارترین هۆکار لەو هۆکارانە بریتیە لەوەی کە قۆناغ و سەردەمەکە زۆر جیاوازن لە قۆناغی





ڕابوردوی سەدەی بیستەم, بەهۆی گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و فکری و ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنەلۆژیایەکانەوە,کە گەلێك پێشکەوتن و داهێنانی سەرسوڕهێنەر هاتونەتە بوون , هەروەها لە ئەنجامی گۆڕانی نەزمی نوێی جیهان و دیاردەی بەجیهانبوون و کاڵبونەوەی پیرۆزی سەروەری و سنوری وڵاتان لەبەردەم هەڵمەت و باهۆزی دیموکراسی و ئازادیەکان و گەشەسەندن و گەورەبونی ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکان و وێسگە و کەناڵە ئاسمانیەکان و کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازرگانیدا کە لەم سەردەمەدا سیاسەت ڕۆڵی پێشەنگی خۆی داوەتە ئابوری و لە ئێساتادا ئابوری و بەرژەوەندیە ئابوریەکان کەمەرکێشی سیاسەت دەکەن و لە ئیسّتادا هێندەی کۆمپانیاو خاوەن سەرمایەکان لە ڕابەرایەتیدان، سیاسەتمەدارەکان بونەتە گرنگن و کورتەباڵا لە ئاڕاستەکردن و ڕەسمکردنی ڕێڕەوی ژیان وگوزەرانی کۆمەڵگاکاندا و هێندەی کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکان دەسەڵاتیان هەیە نیو هێندە سەرۆکی وڵاتەکان بڕیاریان لەدەستدا نیە.لە ئێستادا کێبڕکێیەکی زۆر بەهێزی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی لەنێوان زلهێزەکانی دونیادا هەیە بۆ زیاتر دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەی مەوادی خام و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و دەستبەسەراگرتنی هێزی کاری هەرزان . هەموو ئەم هۆکارانە پاڵیان ناوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە سیاسەتی کرانەوەی بازاڕ و ئابوری و بازاڕی

---

ئازاد و بەتایبەتکردنی ((خصخصة))ی کارگە و بواری پیشەسازی پەیڕەو بکات, وەك وەلأمدانەوەیەکی قۆناغەکە و خۆگونجاندیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا بۆئەوەی لە کاروانی سەردەمەکە دوانەکەوێت.هەرچەندە پەڕینەوە لە دونیایەکی داخراو وکۆنترۆڵکراو و شمولی سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بۆ سەردەمێکی تەواوکراوەی وەك ئێستا بۆ کورد زۆر سەختە چونکە بۆخۆی کورد خاوەنی ئیدارە و دەوڵەتی سەربەخۆ نیە و ئەزمونی بەڕێوەبردنی وڵاتیشی نەبوە لەوەوپێش.هەربۆیە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەدا تائێستا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا نەتوانراوە سەرکەوتنی بەرچاو وەدەستبهێنرێت هەرچەند هەندێ هەوڵ لێرەو لەوێ سەریانگرتوە. چونکە هێندەی کوردستان بۆتە بازاڕێکی گەرم و کراوە بۆ کالأکانی دەرەوە و دەرودراوسێ نیوهێندە کورد نەیتوانیوە کە کەرتی پیشەسازی بەتایبەتی و بەگشتیش هەموو کەرت و بوارەکانی تری کۆمەڵگا ببوژێنێتەوە و ئەمیش کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی خۆی هەبێت . بۆیە لە ئێستادا کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری بۆتە بازاڕێکی فرە بەرهەمی فرەنەتەوەیی و فرەکالأیی و کراوە بە ڕووی هەموو دەرودرواسێکان و دونیاشدا.

هەربۆیە , بەداخەوە لەلایەك بەهۆی نەبونی بەرنامە و پلانی زانستی و واقعی بۆ گەشەپێدان و بوژاندنەوەی کەرتی





---

پیشەسازی و لەلایەکی تریشەوە نەتوانینی کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەم و کالأ دەرەکیەکاندا لە ڕووی بڕ و جۆر وکوالێتیەوە.بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو کارگانەشی کە هەبون و مێژوویەکی پڕشانزیان هەبوە بۆ کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی بەرە و نەمان و هەڵوەشاندن و لەکار وەستان و فرۆشتن بونەتەوە و لە سەر جوگرافیای پیشەسازی و سلێمانیش بەتەواوەتی سڕدراونەتەوە.ئەوەتا:

١. کارگەی شەکری سلێمانی لە ساڵانی هەشتاکانەوە لەکار وەستاوە و لە ئێستاشدا بەرنامە هەیە بۆ فرۆشتنی.

٢. کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار: لە ئێستادا فرۆشراوە و نەماوە.

٣. کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو : لە ئێستادا دراوە بەکرێ بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی جلوبەرگی پێدەرناکات.

٤. کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن: لە ساڵی ٢٠٠٥وە لەکار و بەرهەم وەستاوە ولە ئێستاشدا بەرنامە هەیە کە بکرێتە سەنتەرێکی کەلتوری سلێمانی و موڵکیەتیشی خراوەتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥. کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە: دراوە بەکەرتی تایبەت و لە کاردایە.

٦. کارگەی ئاوی کانزای بانیخێڵان: دراوەتە کەرتی تایبەت.

٧. کارگەی گەچی هونەری بازیان: لە بنەڕەتدا خاوەندارێتی بۆ عائیلەی بونیە دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٩١وە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەڕێوەی دەبات و لە ئێستادا بەرهەمی زۆر کەمە و لە قازانجدا نیە.

٨. کارگەی خوێی یۆدی بازیان: لە ئێستادا دراوە بەکەرتی تایبەت و ئەویش بەرهەمی خوێ دەرناکات.

٩. کارگەی ڕستنی خوری کفری: لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت و کاردەکات بەڵام لەسەر قازانج نیە.

بەم شێوەیە کەرتی پیشەسازی حکومی ڕۆژ بەڕۆژ لە پاشەکشەکردن و بچوکبونەوە و نەماندایە و ئەو کارگانەشی کەماون و لەکاردان بەدڵنیایی چارەنوسیان لە چارەنوسی ئەوانی پێشخۆیان باشتر و ڕوونتر نابێت.چونکە چ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ کەش و هەوای سەردەم و قۆناغەکەش لەبەرژەوەندی و بە ئاڕاستەی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا نین.

❖ بەڵام لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای دەزگای هاندانی وەبەرهێنان و دەرکردنی یاسایەکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە هانی وەبەرهێنی دەرەکی دەدات بۆئەوەی سەرمایەگوزاری بکات لە کوردستاندا لە هەمووبوارەکاندا و لەڕێگەی کەرتی تایبەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی سەر بەوەزارەتی





بازرگانی و پیشەسازی و دەرکردنی یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی و پێدانی قەرزی پیشەسازی بەخاوەن سەرمایەکان بۆ دامەزراندنی کارگەی مام ناوەند و بچوکی پیشەسازی لەهەموو بوارەکانی ئینشائات و خۆراکی و ئامێر و مەکینە و کانزا و ناکانزا و ڕستن و کاغەزی....هتد. کارئاسان و دەسگیرۆیی زۆری خاوەن سەرمایەکانی کردوە, خۆشبەختانە لەم بوارەدا توانراوە گەلێك لەو جۆرە کارگانە دابمەزرێت و هەریەکەیان بەپێی توانا و وزەی بەرهەمهێنانیان بەشداریبکەن لە بوژاندنەوە و بەردەوامیپێدانی کەرتی پیشەسازی لەکوردستاندا و لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا.

ئەم خشتانەی لای خوارەوە ژمارە وجۆر و دۆخی کارگە و هەڵی کار و سەرمایەی ئەو کارگانە دەردەخات کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە جێبەجێکراون لەهەریەکە لە ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تا مانگی ٢٠١٣/٨.

---

**خشتەی(٨-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری هەولێر**

| ز | جۆری کارگە | سلێمانی | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٥٩٤ | ١٤٣١١٩٤ | ٣٤١١ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ١٣١ | ٨٩٤٠١ | ٤٦٢ |
| ٣ | خۆراکی | ٣٠٦ | ٧٧٤٣٩٣ | ١٧٧٦ |
| ٤ | کارەبایی | ٥ | ٨٢٠٨ | ١٠٧ |
| ٥ | ناکانزایی | ٣٠٩ | ٢٤١٤٢٨ | ١٩٣٨ |
| ٦ | کانزایی | ١٤٧ | ٤٩٣١٩٦ | ٩٢٠ |
| ٧ | ڕستن | ٨ | ٣٨٥ | ٧٣ |
| ٨ | کاغەزی | ٩ | ٢٢٧١٧٢ | ٦٧ |
| | کۆ | ١٥٠٩ | ٣٢٦٥٣٧٧ | ٨٧٤٥ |

**تێبینی : لە کۆی ٢٦٥٣ کارگە، ١٨٧٧ کارگە کاردەکەن و ٧٧٦ کارگەش لەکار وەستاون.**





---

**خشتەی(٩-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری سلێمانی**

| ز | جۆری کارگە | هەولێر | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٨٨٦ | ١٧٧٠٠٥ | ١١٤٥٦ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ١٩٣ | ٢٠٨٢٢ | ٢٣٨٩ |
| ٣ | خۆراکی | ٤١٠ | ٩٤٩٦٢ | ٥٥٦٧ |
| ٤ | کارەبایی | ٣٢ | ٨٣٥٠ | ٦٧٢ |
| ٥ | ناکانزایی | ٦١٦ | ١١٥٥٥١ | ٧٣٧٤ |
| ٦ | کانزایی | ٤٣٥ | ٤٤٧٨٨ | ٤١٣٩ |
| ٧ | ڕستن | ٥٠ | ٤٨٧٨ | ٥٨٤ |
| ٨ | کاغەزی | ٣١ | ٩٤١٣ | ٣٣٣ |
| | کۆ | ٢٦٥٣ | ٤٧٥٧٦٩ | ٣٢٥١٤ |

**تێبینی : لەکۆی ١٥٠٩ کارگە، ٦٠٩ کارگە لەکاردان و ٩٠٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون.**

خشتەی(١٠-٣) کارگەکانی کەرتی تایبەتی شاری دهۆك

| ز | جۆری کارگە | دهۆك | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کارگە | سەرمایەی کارگە | هەلی کار |
| ١ | بینا | ٢٥٥ | ١١٩١٦٨ | ٤٧٦٠ |
| ٢ | ئامێر و مەکینە | ٩ | ١٩١٤ | ٩٩ |
| ٣ | خۆراکی | ١٣٦ | ٧١٧١٩ | ٣٩٧٦ |
| ٤ | کارەبایی | ٨ | ٢٩٣٩ | ٢٧١ |
| ٥ | ناکانزایی | ١٥٨ | ٤٨٣٧٧ | ٢٦١٧ |
| ٦ | کانزایی | ٥١ | ١٩١٨٧ | ١٣٤٢ |
| ٧ | ڕستن | ٩ | ٤٥٣١ | ٣١٢ |
| ٨ | کاغەزی | ١١ | ٣٠٣٠ | ١٧٤ |
| | کۆ | ٦٣٧ | ٢٧٠٨٦٥ | ١٣٥٥١ |

تێبینی : لە کۆی ٦٣٧ کارگە، ٣٠٧ کارگە لەکاردان و ٣٣٠ کارگەش لەکار ڕاوەستاون.

خشتەی(١١-٣) کۆی ژمارە و جۆری کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە ٤٧٩٩ کارگ

| ز | شار | بینا | ئامێر و مەکینە | خۆراکی | کارەبایی | ناکانزایی | کانزایی | ڕستن | کاغەزی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١١٤٥٦ | ٢٣٨٩ | ٥٥٦٧ | ٦٧٢ | ٧٣٧٤ | ٤١٣٩ | ٥٨٤ | ٣٣٣ |
| ٢ | سلێمانی | ٣٤١١ | ٤٦٢ | ١٧٧٦ | ١٠٧ | ١٩٣٨ | ٩٢٠ | ٧٣ | ٦٧ |
| ٣ | دهۆك | ٤٧٦٠ | ٩٩ | ٣٩٧٦ | ٢٧١ | ٢٦١٧ | ١٣٤٢ | ٣١٢ | ١٧٤ |
| | کۆ | ١٩٦٢٧ | ٢٩٥٠ | ١١٣١٩ | ١٠٥٠ | ١١٩٢٩ | ٦٤٠١ | ٩٦٩ | ٥٧٤ |

بەم شێوەیە دەبینین کە :





**کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمدا ٤٧٩٩ کارگەن**

**کۆی کارگەکان کە لەکاردان =٢٧٩٣ کارگەن**

**کۆی کارگەکان کە ڕاوەستاون =٢٠٠٦ کارگەن**

خشتەی(١٢-٣) کۆی سەرمایەی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرسێ پارێزگاکەدا بریتیە لە(( ٤٠١٢٠١١)) دیناری عێراقی( بە ملیۆن ) کارگە

